# کوردستان لای ژاپۆن پرتەقاڵییە

**ڕووداو-هەولێر**

ئازاد حاجی یەحیا، کونسوڵی فەخری وڵاتی ژاپۆن لەکوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند حکومەتی ژاپۆن سێ هێڵی هەیە بۆ کارکردنی کۆمپانیاکانی ژاپۆن: سوور، پرتەقاڵی و سەوز. ئێستا کوردستان بەلای ژاپۆنییەکانەوە لە ڕەنگی پرتەقاڵیدایە و بەرەو سەوز دەچێت، کە بووە سەوزیش کۆنفرانسێکی گەورەی ژاپۆن لەکوردستان دەبەسترێ.

تەمووزی ڕابردوو، ئاژانسی هاوکاری نێودەوڵەتی ژاپۆنی JICA تیمێکی پشکنینی ڕەوانەی کوردستان کرد بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لە گونجاوی کوردستان بۆ کردنەوەی نووسینگەکەی کە ئێستا لەهوتێلی خانزاد کراوەتەوە. ئازاد حاجی یەحیا دەڵێت "کردنەوەی ئەو نووسینگەیە کاتی نییە، هەموو قەزا و ناحیەو شارەکانی کوردستان گەڕان، زۆر بەکوردستان مورتاحن".




3

# کورد لەدز دەترسن

**ڕووداو-ئەمریکا**



پرۆفیسۆر برێندان ئۆلیری، ڕاوێژکاری پێشووی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان ڕایگەیاند "کورد ئامادەیە داهاتی کێڵگە نوێیەکانیش لەگەڵ بەشەکانی دیکەی عێراقدا بەش بکات"، بەڵام ئەوان ئامادە نین حکومەتی بەغدا بۆیان دیاری بکات لە کوێ سەرمایەگوزاری بکەن "چونکە ئەوان لە دز دەترسن و مافی خۆشیانە بترسن". هەروەها گوتی ئێستا هەندێ چاودێر کورد بەوە تۆمەتبار دەکەن کە ڕەچاوی دەستوور ناکات "ئەوان حەز دەکەن ئەمەریکا کاریگەریی خۆی بەکاربێنێت بۆ ئەوەی کورد لە هەندێ خاڵدا لێبووردەیی هەبێت، بەڵام ئەوە کارێکی مەنتیقی نییە".

4

# ژنانی سەنتەری نەوا حەزیان لەپیاسەیە

**تایبەت بە ڕووداو**

سەنتەری نەوا، کە لەدوای داخستنی ماڵی خانزاد، وەک سەنتەرێک بۆ پاراستنی ئەو ئافرەتانەی هەڕەشەیان لێدەکرێ دامەزراوە، تائێستا کێشەی 230 ئافرەتی چارەسەرکردووە، ئێستا 16 ئافرەت و 7منداڵی لێیە. ئەو ئافرەتانە دەڵێن بەهۆی بێ هیوابوونیان لەچارەسەری کێشەکانیان و شەو ڕۆژمانەوەیان لەنێو ئەو سەنتەرەدا تووشی خەمۆکی بوونە و هەندێ جار پەنا بۆ خۆکوشتن دەبەن، بۆیەش هەندێکیان دەیانەوێ ڕێیان پێبدرێ پیاسەی بازاڕ بکەن، بەڵام نیگار بەکر، بەڕێوەبەری سەنتەری نەوا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "چونکە شوێنەکە نهێنییە، دەمانەوێت تا لێرەبن پارێزراوبن".



12


چاپی دووەم

ژمارە (43)
دووشەممە 2009/2/9
20ی ڕێبەندانی 2708
(750) دینار

www.rudaw.net

Rûdaw
ڕووداو
خوێنەری ڕووداو زۆرتر دەزانێت


# لیستەکەی نەوشیروان مستەفا دەیەوێت جەوهەر نامیق بچێتە پاڵییەوە

## سەرۆکی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی : لیستی نەوشیروان مستەفا جێی مەترسی نییە


**تایبەت بە ڕووداو**

سالار عەزیز ئەندامی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی کۆمپانیای وشە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ئەوان بڕیاری دروستکردنی لیستیان داوەو "زۆرمان پێخۆشە کاک جەوهەر بێتە ناولیستەکەمانەوە"، لەهەمانکاتدا سەرۆکی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی دەڵێت "لیستەکەی کاک نەوشیروان جێی مەترسی نییە".

سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) ڕایگەیاند، تائێستا یەکێتی هیچ هەڵوێستێکی لەبارەی لیستەکەی نەوشیروان مستەفا نییە بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان کە بڕیارە لە 2009/5/19دا ئەنجامبدرێ و گوتی "تائێستا مەعلوم نییە کە کاک نەوشیروان لیست دروست دەکات، چونکە هیچ شتێک ڕانەگەیێندراوە و ئەوە زانیاری و دیعایەیەکە لەنێو سلێمانیدا بڵاو بووەتەوە، پێموانییە ئەو بابەتەش بەو تۆخییە بێت کە باس دەکرێت"، گوتی قسە لەسەر شتێک ناکەین کە بە فەرمی ڕانەگەیێندرابێ و گوتی گەر لیستەکە دروستبکرێ "بەدڵنیاییەوە لە داهاتوویەکی نزیکدا باس دەکرێت و ئەگەر کێشەش بێت پەیوەندی بەیەکێتییەوە هەیە".

بۆ یەکەمجار کۆمپانیای وشە لە ڕێگەی (ڕووداو)ەوە ڕایدەگەیێنێ کە بڕیاریانداوە لیست دروستبکەن، لەوبارەوە سالار عەزیز لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) گوتی "ئێمە مەبدەئیەن بڕیارمانداوە لیست دروستدەکەین"، هەروەها گوتی "ئێمە بەلیستێک دادەبەزین کە پێکهاتبێ خەڵکی باش و ئەو کەسانەی سومعەیان هەبێ لەنێو میللەتدا". بەهۆی دەرکەوتنی زۆری





جەوهەر نامیق سکرتێری پێشووی مەکتەبی سیاسی پارتی لە ڕۆژنامە و تەلەڤزیۆنی کۆمپانیای وشەدا، پرسیار لەلای هەندێ خەڵک سەبارەت بەبەشداری ئەویش لەو لیستەدا دەکرێ، سالار عەزیز لەوبارەوە گوتی "زۆرمان پێخۆشە کاک جەوهەر بێتە ناولیستەکەمانەوە". بەڵام لەهەمانکاتدا گوتی "هەرگیز" ئامادەنین هاوپەیمانی لەگەڵ حیزبە ئیسلامییەکاندا بکەن.

سەرچاوەیەکی دیکەی ئاگادار لە کۆمپانیای وشە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بڕیاری دروستکردنی لیستەکە ماوەیەکە دراوە، بەڵام بڕیاربوو وا زوو ئەو بڕیارە ڕانەگەیێندرێ و ئاشکرا نەکرێ".

هەندێ چاودێری سیاسی والێکدەدەنەوە، کە دروستکردنی ئەو لیستە کاربکاتە سەر هاوپەیمانێتی نێوان پارتی و یەکێتی، بەتایبەتیش کە وەک یەکێتیش دەڵێت نەوشیروان مستەفا تاوەکو ئێستا ئەندامبوون و ئەندامنەبوونی خۆی لە یەکێتی دا یەکلایی نەکردووەتەوە و، هەندێ بەرپرسی یەکێتی ڕایانگەیاندووە کە ئەو هێشتا ئەندامە و لەسەر یەکێتی حسابە. بەڵام جەعفەر ئیمینکی، سەرۆکی دەزگای هەڵبژاردنی گشتیی پارتی دەڵێ لەو لیژنە باڵایەی تازە لەنێوان پارتی و یەکێتی دا پێکهاتووە بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو بەراشکاوی باسی دروستبوونی ئەو لیستەی نەوشیروان مستەفا دەکرێ. ئیمینکی دەڵێ ئەووەک کادیرێکی پارتی پێیباشە یەکلیستی نێوان پارتی و یەکێتی و لایەنەکانی دیکە بەردەوامبێت و دەڵێ ئەو حیزبانەی خۆیان بە ئەلتەرناتیڤ دەخەنەڕوو سەرناکەون، سەبارەت بە لیستی نەوشیروان مستەفاش گوتی "من بە مەترسی نابینم".

9-3

# پارتی ئاژەڵان ئامادەنییە باسی کوردستان بکات



**تایبەت بە ڕووداو**

ماریانا تیمە، پەرلەمانتار و سەرۆکی پارتی بۆ ئاژەڵان لە هۆڵەندا گوتی هەرچەندە لە تەمەنی 12 ساڵییەوە ئاگای لە جینۆسایدکردنی کورد و ئاژەڵەکانی کوردستان بووە، بەڵام ئامادەنین ئەو باسە ببنە پەرلەمانی هۆڵەندا "چونکە ئەوانەی دەنگیان بە ئێمە داوە، ئێمەیان بۆ ئامانجی دیکە ناردووەتە پەرلەمان".

ماریانا تیمە دووساڵە لەگەڵ کەسێکی دیکە لەسەر لیستی (پارتی بۆ ئاژەڵان لە هۆڵەندا) بوونەتە ئەندامی پەرلەمان. ئەو کە لەو دووساڵەدا وەک چالاکترین ئەندامی پەرلەمانی هۆڵەندا ناسێندرا بەهۆی زۆری پرسیارەکانییەوە، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) گوتی ئاستی شارستانێتی گەلان پەیوەستە بە ڕادەی ڕێزگرتنیان لە ئاژەڵان.

بەهۆی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن ڕژێمی سەدام، کە کۆمپانیا هۆڵەندییەکان زۆریارمەتیاندا بۆ دروستکردنی ئەو چەکە، کۆمەڵکوژییەکی زۆری مرۆڤ و ئاژەڵان لە کوردستان ڕوویدا، بەڵام ماریانا دەڵێ پارتەکەی ئەوان ئامادەنییە ئەو کۆمەڵکوژییەی کوردستان بباتە پەرلەمان و دەڵێ "ئێمە زۆر تێبینیمان لە سەر شێوازی بەشداریی هۆڵەندا لەو مەسەلانەدا هەیە، بەڵام ئەوەی کە ئێمە خۆمان پرۆژەی یاسایەک لەو بارەیەوە بدەینە پەرلەمان یان هەر هەنگاوێکی لەو جۆرە لە بەرنامەماندا نییە. چونکە ئەوانەی دەنگیان بە ئێمە داوە، ئێمەیان بۆ ئامانجی دیکە ناردووەتە پەرلەمان".

4

# مالیکی بە پاڵپشتی ئەمریکا سەرکەوت...

6



جۆن فیفەر جێگری سەرۆکی ئەنستتیوتی FPIF ئەمریکی: ئەمریکا بووە هۆی سەرکەوتنی مالیکی و دەیەوێت لە پاش خۆی عێراق بۆ سەرکردەیەکی بەهێز بەجێبێڵێ (فۆتۆ: AFP)

# هەر بەرپرسێک سامانەکەی ئاشکرا نەکات دەردەکرێت



**ڕووداو- ئیلاف**

سەرۆکی دەستەی نەزاهە لە عێراق ڕایگەیاند کە بەرپرسە باڵاکانی دەوڵەت خۆیان مووچەی خۆیان دیاری دەکەن و ئاشکراشی کرد بەپێی پرۆژەیەک کە ئێستا ئامادەیان کردووە بەپێی ئەو پرۆژەیە هەر بەرپرسێک سامانەکەی ئاشکرا نەکات دەردەکرێت.

دادوەر ڕەحیم عگێلی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ماڵپەری (ایلاف) لەوبارەوە گوتی "بەپێی دەستوور مووچەی سەرۆکایەتی کۆمارو سەرۆکی حکومەت و وەزیرەکان و سەرۆک و ئەندامانی پەرلەمان دەبێت بەیاسا دیاری بکرێت، کەچی سەرۆک کۆمار خۆی مووچەی خۆی و جێگرەکانی دیاری دەکات و سەرۆک وەزیران خۆی مووچەی وەزیرەکان دیاری دەکات".

مووچەو دەرماڵەی مانگانەی هەریەک لە سەرۆک کۆمارو سەرۆک وەزیران و جێگرەکانیان یەک ملیۆن دۆلارە.

عگێلی ئەوەشی ئاشکرا کرد کە لەعێراقدا یاسایەک نییە ڕێگەیان پێبدات لە دەوڵەمەندبوونی کتوپڕی بەرپرسان بکۆڵنەوەو گوتیشی "ئێستا پرۆژە یاسایەکمان گەڵاڵەکردووەو بەپێی ئەو پرۆژەیە هەر بەرپرسێک سامانی خۆی ئاشکرا نەکات لە پۆستەکەی دەردەکرێت".

عگێلی لەبارەی دوایین هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانیشەوە، ڕایگەیاند کە تائێستا 220 بڕوانامەی ساختەی پاڵێوراوەکانیان دۆزیوەتەوەو گوتیشی "لێکۆڵینەوە بەردەوامەو چاوەڕێ دەکەین زیاتریش بن"، گوتیشی "ساختەکاری بەپێی پێناسە یاساییەکان تاوانێکی شەرەف شکێنە".

7

لە کەرکووک

# پلانێکی کودەتای سێ لیوای بەعس ئاشکرا دەبێت

**تایبەت بەڕووداو**

حیزبی بەعس لەژێر (سوپای پەیڕەوانی تەریقەتی نەقشبەندی) کە عیزەت دووری سەرپەرشتیان دەکات، لە زۆربەی پارێزگاکانی عێراقدا لیواو جبەخانەی سەربازی بەمەبەستی ئەنجامدانی کودەتای سەربازی پێکەوەناوەو، کە سێ لیوای لە کەرکووکن و یەکێک لە ئامر لیواکانی لەلایەن پۆلیسی قەزا و ناحیەکانی کەرکووک دەستگیر کراوە.

عەمید سەرحەد قادر، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاو ناحییەکانی کەرکووک، ئەو زانیاریانەی بۆ (ڕووداو) پشتراستکردەوەو گوتی "زانیاری تەواومان لەبەردەستە، کە گرووپی نەقشبەندی بەرنامەیان دارشتووە چۆن دەست بەسەر چەند پارێزگاو قەزاو ناحیەیەکی عێراقدا بگرن و کودەتای سەربازی ئەنجامبدەن"، گوتیشی "لەو سێ لیوایەی لە کەرکووکدان، لیوایەکیان کە زیاتر لە 900 کەسە، 40 کەسیان لێ دەستگیرکراون،لەوانە ئامرلیواکە وئەفسەری ئیستیخبارات، ئەفسەری پەیوەندییەکان، ئامر فەوجەکانیان و جبەخانەکەیان دەستی بەسەرداگیراوە".

بەرپرسانی گرووپی نەقشبەندی، زۆربەیان لەسەردەمی ڕژێمی بەعسدا پێگەی گرنگیان لە حکومەت و سوپادا هەبووە، بەپێی گوتەی عەمید سەرحەد قادر "ئەو ئامر لیوایەی کە لە کەرکووک دەستگیرکراوە، تاوەکو ڕووخانی حکومەتی بەعس لە عێراقدا لە جیهازی ئەمنی خاسە کاری کردووەو پاسەوانی عیزەت دووری بووە".

بەپێی گوتەی دەزگا ئەمنییەکانی کەرکوک،گرووپی نەقشبەندییەکان لەعێراقدا خاوەن توندوتۆڵترین ڕێکخستنن. عەمید سەرحەد قادر، دەڵێت "ڕێکخستنەکانی ئەم گرووپە، وەک ڕێکخستنەکانی حیزبی بەعسە، بەڵام لەژێر ناوێکی دیکەدا". شاندێکی ئەو گرووپە مانگی ڕابردوو لەگەڵ مشعان جبوری لەسوریا سەردانی خالید مشعەلی سەرۆکی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی حەماسی فەلەستینی کرد.

3

# "کچێک لە قەڵادزێ زیندە بەچاڵ دەکرێ"

**ڕووداو-قەڵادزێ**

سەرچاوەیەک لە یەکێتی ژنانی کوردستان لە ڕانیە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە کچێک بەهۆی ئەوەی کوڕێکی خۆشویستوەو پیتی یەکەمی کوڕەکەی لە ملوانکەی ملیدا بینراوە لەلایەن کەسوکارەکەیەوە ئەشکەنجە دراوەو دواتریش زیندە بەچاڵکراوە.

بەگوێرەی ئەو سەرچاوەیەی یەکێتی ژنانی کوردستان، ئەو کچە کە ناوی (فێنک)ە تەمەنی 21 ساڵە و کچی یەکێک لە ئاغاکانی ناوچەی پشدەرەو باوکی نەماوە، سەرچاوەکە گوتی "بەهۆی ئەوەی پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێک هەبووە، بەزۆر دەدرێتە ئامۆزاکەی، بەڵام دوای ئەوەی پیتی ناوی کوڕەکەی لە مل دا دەبینرێت، لەلایەن مامەکانییەوە دەکوژرێ و پێش گیان دەرچوونی بەتەواوی، دەخرێتە ژێر گڵەوە، ئێستاش هەڕەشەی کوشتن لە دایکی دەکرێت". سەرچاوەکە گوتیشی "کەسیش ناتوانێ لێکۆڵینەوە لەگەڵ مامەکانیدا بکات، چونکە پلەی بەرزی حیزبییان هەیە".

سەرچاوەیەک لە بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی دژی ژنان لە سلێمانی لەو بارەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "نووسینگەی ڕانیەی ئێمە ئاگادار کراوەتەوە لە بوونی ئەو کێشەیە، بەڵام بنەماڵەکەی گوتوویانە کچەکەمان دیار نەماوەو نازانین ڕایکردووە یان کوژراوە".

ڕائید حەسەن ڕەشید، لێپرسراوی نووسینگەی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان لە ڕانیە و قەڵادزێ، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ماڵی کچەکە سکاڵایان تۆمار نەکردووەو دەڵێن کچەکەیان ونبووە، بەڵام ئێمە گومانمان لەو قسەیە هەیە، بۆیە لە داواکاری گشتی سکاڵامان لەسەر کەسوکارەکەی تۆمار کردووە، داواکاری گشتیش کەیسەکەی بۆ دادگای قەڵادزێ ڕەوانە کردووە".

12

# راپۆرتە هەواڵ

## دەوڵەتی کوردی هەڕەشە نییە بۆ تورکیا



رووداو-ئیستەنبول

◆ پرۆفیسۆر د. ماهیر کایناک، راوێژکاری پێشووی دەزگای هەواڵگریی نەتەوەیی تورکیا(میت) لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو)دا کە دەقەکەی لە ژمارەی داهاتوودا بڵاودەکرێتەوە، دەڵێ "دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لە باکووری عێراق هەڕەشە نییە بۆ تورکیا"، هەروەها رەخنە لە کورد دەگرێ کە "هەڵەی هەرە مەزنی کورد ئەوەیە کە پشت بە نەوت دەبەستن".

مستەفا چاوڕەش، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی :

# ئەرگەنەکۆن ناناسم و نازانم یەکگرتوو ئەو هەموو پارەیە لە کوێ وەردەگرێ

**تایبەت بە رووداو**

مستەفا چاو رەش، ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی مەڵبەندی پێشمەرگەی یەکێتی، رەتیکردەوە کە ئەوان وەکو هێزی پێشمەرگە چەکیان لە ئەرگەنەکۆن وەرگرتبێ و رەخنەشی لە ئەمینداری گشتیی یەکگرتوو گرت بەوەی گومانی لەسەر یەکێتی و پارتی و شیوعی دروستکردووە کە پەیوەندییان بە ئەرگەنەکۆنەوە هەبێ.

گۆڤاری لڤین لە دوا ژمارەی خۆیدا بڵاویکردووەتەوە کە پارتی و یەکێتی و شیوعی و PKK لەسەردەمی شەڕی ناوخۆدا 24 هەزار پارچە چەکیان لە تۆڕی نهێنی ئەرگەنەکۆن وەرگرتووە، کەساڵێکە کەوتووەتە بەر شاڵاوی گرتنی پۆلیسی تورکیا. مستەفا چاوڕەش، کە ئەوکات بەرپرسیارێتی لەناو هێزی پێشمەرگەدا هەبووەو ئێستاش بەرپرسی مەڵبەندی رێکخستنی پێشمەرگەی یەکێتییە رەتیکردەوە چەکیان لە تورکیا وەرگرتبێت و گوتی " لەهەموو قۆناخەکاندا بەرپرسی پێشمەرگەبووم، بەڵام نە ئەرگەنەکۆن دەناسم و نەئاگاشم لێیە چەکی دابێتە یەکێتی، ئەگەر ئەو چەکانە وەریشگیرابن دەبێت ئەو کەسە وەڵامبداتەوە کە وەریگرتووە، ئەگەر چەکمان وەرگرتبێت لەبەرپرسانی خۆمانم وەرگرتووەو نەچووین لە ئەرگەنەکۆن و تورکیا و ئێران وەربگرم".

سەلاحەددین محەممەد بەهائەدین ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانیدا، هەواڵەکەی گۆڤاری لڤین گوتی دەبێ لێکۆلینەوە لەو هەواڵە رۆژنامەنووسییە بکرێ و گوتیشی " ئەو حیزبانە دەبێ بۆ پاراستنی سومعەی خۆیان و راستکردنەوەی راستی و دروستی هەواڵەکە کار بکەن، چونکە ئەوە شتێکی وا ئاسان نییە".



مستەفا چاو رەش، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی

مستەفا چاوڕەش لەبارەی قسەکانی ئەمینداری یەکگرتوو گوتی "رەنگە لەقۆناخێکدا کورد شتێکی لەتورکیا وەرگرتبێت و لەئێرانیشمان وەرگرتووە"، بەڵام پێیوایە نەدەبوو ئەمینداری یەکگرتوو گومان لەسەر یەکێتی و پارتی دروست بکات "کاک سەڵاحەددین بەهادین ئەگەر ئەو قسەی کردووە، ئەی خۆیان ئەو هەموو شتە لەکوێ وەردەگرن، ئەو هەموو سەروەت و سامان و پارەو بینا و باڵەخانەو شتانە لەکوێ دێنن؟".

# محەممەدی حاجی مەحمود سوورە لەسەر بڵاوکردنەوەی فایلەکان

**نەوزاد مەحمود**
**رووداو – سلێمانی**

سکرتێری حیزبی سۆشیالیستی دیموکراتی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند کە لەبڵاوکردنەوەی فایلەکان پەشیمان نەبووەتەوەو دوای رێکخستنی هەموو فایلەکان بڵاویان دەکاتەوە. محەممەدی حاجی مەحمود وتیشی " هەوڵدەدەم لەکاتێکی نزیکدا بڵاویان بکەمەوە ".

دوای ئەو دەنگۆیەی کە گوایە محەممەدی حاجی مەحمود بڵاوکردنەوەی فایلەکانی فەرامۆش کردوەو جارێ بڵاویان ناکاتەوە، ناوبراو بە (رووداو)ی راگەیاند " مەسەلەی دواکەوتنی بڵاوکردنەوەی فایلەکان پەیوەندی بەوەوە هەیە، کە رێکم نەخستوون و پێویستە پێشتر ئامادەیان بکەم بۆ بڵاوکردنەوە ". هەروەها گوتیشی" فایلەکان هەریەکەو هی شوێنێک و دەزگایەک وکەسێکن وبە تێکەڵ و پێکەڵی بڵاویان ناکەمەوە، کاتی دەوێت تا هەموویان لێک جیاد ەکەمەوە".

سکرتێری حیزبی سۆشیالیستی دیموکراتی کوردستان نەیشاردەوە، کەدە بوایە گەرماو گەرم ولەکاتی خۆیدا ئەو فایلانەی بڵاوبکردبانەوەو، دواخستنیان باش نەبوو " لەبەرئەوەی رەنگە وەزعەکان بگۆڕێن و شتی دیکە بێتە پێشەوە، بەڵام ئەو فایلانە شتی گرنگ و مێژوویین و من هەر سوورم لەسەر بڵاوکردنەوەیان ".

هەرچەندە ئەو فایلانەی لای محەممەدی حاجی مەحمودن، ژمارەیان زۆرە و ناوی زۆر بەرپرسیان تێدایە، بەڵام رەتیکردەوە کەهیچ کەسێک پەیوەندی پێوەکرد بێت و داوای زانیاری لێکردبێت لە بارە ی ئەوەی ناوی ئەوی تێدایە یان نا " کەس لەوبارەیەوە پەیوەندی پێوە نەکردووم ".



محەممەدی حاجی مەحمود و ئەو فەردە فایلانەی کە لەلای ئەون (فۆتۆ:رووداو)



سەلاحەددین محەممەد بەهائەدین، ئەمینداری گشتیی یەکگرتوو:

# هەڵەمان کرد

**رووداو-هەولێر**

سەلاحەددین محەممەد بەهائەدین، ئەمینداری گشتیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانیدا کە بۆ کەناڵەکانی راگەیاندنی حیزبەکەی بەبۆنەی یادی 15 ساڵەی دامەزراندنی یەکگرتوو رێکخرابوو رایگەیاند ئێمە هەڵەبووین لە بەشداریکردنی کۆنگرەکەی قاهیرە و، هەروەها رەخنەی لە پارتی و یەکێتی گرت کە " بەرۆحێکی نەتەوەیی توند کار بۆ گەڕاندنەوەی ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان کراوە".

یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لەساڵی 1994 دامەزراوەو، لەکابینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشدار بووەو، ئێستا 2 وەزیرو 9 ئەندام پەرلەمانی لە کوردستان هەیە. هەروەها ئەندامی ئەنجوومەنی باڵای پارتە سیاسییەکانی کوردستانە.

لەماوەی رابردوودا هەر چوار حیزبە راپۆرتێکیان لەبارەی رەوشی سیاسی و ئیداری کوردستان بڵاوکردووە، کە بەرپرسیارێتی هەموو کەموکوڕیەکانیان خستە ملی پارتی و یەکێتی، دواتر یەکێتی و پارتی بە بەیاننامەیەک وەڵامی راپۆرتەکەی ئەوانی دایەوەو، کە زۆرتر رەخنەکان ئاراستەی ئەمینداری یەکگرتوو بوون. هەرچەندە دووهەفتە نوێنەری چوار حیزبەکە لەبارەگای یەکگرتوو بەسەرپەرشتی ئەمینداری یەکگرتوو کۆبوونەوە، بەڵام پێدەچێ وەڵامەکە بڵاونەکرێتەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی محەممەدی حاجی مەحمود و قادر عەزیز، دواتریش سەلاحەدین محەممەد بەهائەدین لەگەڵ مام جەلال کۆبوونەوە.

سەلاحەددین محەممەد بەهائەدین، لەوکۆنگرە رۆژنامەڤانییەدا گوتی ئەو دوو حیزبە "بەلانیکەم دەبووایە بیانگوتایە ئەم قسانەتان راستن، لەوانەش خراپ حاڵیبوون، شتێکیان تێدا هێشتبایەوە، هەموویان زەڕبی سفر کرد، ئینجا دەستیان کرد بە تەشهیرو قسە پێگوتن".

لە وەڵامەکەی پارتی و یەکێتی دا بەبێ ناوهێنان، بەشداریی یەکگرتوو لە کۆنگرەی قاهیرەبوو لە ساڵی 2007 کە یەکێک لە بڕگەکانی کارنامەکەی دژایەتی فیدرالی بوو بەبیر هێنرایەوە، کە چەند کۆنە سەرۆک جاشێکی کوردیش لەپاڵ چەند حیزبێکی عێراق دا بەشدارییان تێدا کرد، لە حیزبە کوردییەکان تەنیا یەکگرتوو بەشداریی کرد. ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی گوتی ئێمە جورئەتی ئەوەمان هەیە کە بڵێین ئەو بەشداریکردنەمان هەڵە بوو و گوتیشی" لەلایەن نوێنەری میسر، کە چەند ساڵێکە نوێنەریان لێرە هەیە، کە نازانین نوێنەری دیپلۆماسییە یان موخابەراتییە، بانگهێشت کراین بۆ کۆنگرەیەکی ئاشتەوایی لەقاهیرە، بەڵام بەر لەوەی بەشداری کۆنگرەکە بکەین، راوێژمان بەکاک نێچیرڤان بارزانی کرد، گوتمان کۆنگرەیەک هەیە لە قاهیرە، بەڵام نازانین چۆنە".

سەلاحەددین محەممەد بەهائەددین روونیکردەوە کە جگە لە یەکگرتوو پارتی و یەکێتی و ئیئتیلافی شیعەش بانگهێشتی کۆنگرەکە کرابوون، بەڵام ئەوان بەشداریان نەکرد گوتیشی "کە چووینە ئەوێ چەند کەسێکی لێبوو بەپێوەرەکانی هەرێمی کوردستان ئەوانە حەزفن و شوراونەتەوە لە ناسنامەی کوردی، کە مەرج نییە ئێمە بەو پێوەرە رازی بین، چونکە ئەویش هاوولاتییەکی عێراقییەو کوردە بەشداری کۆنگرەکەیان کردووە"، گوتیشی "ئێمە رەخنەمان لە پێکهاتەی کۆنگرەکە گرت گوتمان ئەو کۆنگرەیە ناتوانێ هیچ بڕیارێک بدات و ئەنجامی نابێت، چونکە پێکهاتە ئەساسییەکانی پرۆسەی سیاسی عێراقی تێدا نییە. مەبەستم پارتی و یەکێتی و ئیئتلافی شیعە بوو".

زۆربەی بەشداربووانی کۆنگرەکە دژی ئەوە بوون مەسەلەی فیدراڵی و جێبەجێکردنی مادەی 140 لە بەلاغی کۆتایی کۆنگرەکە بچەسپێ، بەڵام سەلاحەددین بەهائەدین دەڵێ ئێمە لەکۆنگرەکە دژی ئەوە وەستاینەوە. گوتیشی "بە جورئەتەوە دەڵێن، ئێمە سەهومان کرد، ئیشمان لەوێ نەبوو، نەدەبوو بچین، هەرچەندە لە مسوەدەی کۆتایی بەیاننامەی کۆنگرەکە لە مەسەلەی فیدراڵی و مادەی 140 لەسەر قسەی ئێمە رازی بوون، بەڵام دەبووایە بەو بیانووە کۆنگرەکەمان بەجێهێشتایە، بەڵام ئەوەمان نەکرد". هەروەها ناوبراو ئاماژەی بەوەدا ئەوان لەکۆنگرەی ئەستەمبۆڵیش داوەتکرابوون کە هاوشێوەی کۆنگرەکەی قاهیرە بوو، بەڵام بەشداریان نەکردو بڕیاریانداوە چیتر بەشدار لەو جۆرە کۆنگرانەدا نەکەن.

گۆڤاری لڤین لەدوا ژمارەی خۆیدا راپۆرتێکی لەسەر پەیوەندی تۆڕی ئەرگەنەکۆن لەگەڵ پارتی و یەکێتی بڵاو کردەوە، بەپێی راپۆرتەکە پارتی و یەکێتی و شیوعی و پ ک ک 24 هەزار پارچە چەکیان لەرێگەی تونجای گونەی، کە بەرپرسێکی ئەرگەنەکۆن بووە، وەرگرتووە. ئەرگەنەکۆن کە گرووپێکی نهێنی سەر بە سوپای تورکیایە و لە چەندین سیاسەتکار و ئەفسەری خانەنشینی سوپای تورکیا پێکهاتبوو، لە هەڵمەتێکی پۆلیس دا لەساڵی رابردووەوە ئەندامانی کەوتوونەتە بەر هەڵمەتی گرتن کە لە دۆسیەکانی بکوژە نادیارەکان بەرپرسیارن. سەلاحەددین محەممەد بەهائەدین، لەوبارەوە گوتی "ئەرگەنەکۆن تۆڕێکی زۆر ترسناک بوو، ئەو حیزبانە دەبێ بۆ پاراستنی سومعەی خۆیان و راستکردنەوەی راستی و دروستی هەواڵەکە کار بکەن، چونکە ئەوە شتێکی وا ئاسان نییە، رەنگە ئەمە زۆر گەورەتر بێ لە کۆنگرەی قاهیرە".

ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەوەڵامی پەیامنێری کەناڵی یەکگرتووی هەڵەبجەی شەهید کە پرسیاری دەربارەی دواکەوتنی گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان کرد، گوتی "ئەوەی دەسەڵاتی کوردی کردی بۆ گەڕاندنەوەی ناوچە دابڕاوەکان، خۆ خافڵاندن و پارە خەرجکردن بووە بەو ناوچە دابڕاوانە". هەروەها ئاماژەی بەوەدا کارکردن بۆ ناوچە دابڕاوەکان بە روحێکی نەتەوەیی توند کراوە نەک نیشتمانی "خۆزگە خۆ خەریکردن بەو ناوچانە حیزبیانە نەبووایە کوردانە بووایە، هەروەها بەرۆحێکی نەتەوەیی توند نەبووایە، بە رۆحێکی نیشتمانی بووایە، رەچاوی حاڵەتی کۆمەڵایەتی ئەو ناوچانەیان بکردایە کە ئەوە عەرەب و کوردن کە خاڵۆزاو پورزای یەکترن، رەچاوی ئەوەیان بکردایە کە ئەو ناوچانە تەبیعەتیان وایە دەبوایە ناوچەیەکی دیکەی کوردستان بن".

هەروەها مەترسی خۆشی نەشاردەوە لەوەی کە لەکاتی راپرسیدا ئەو ناوچانە نەگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان "لەکوردەکانی ئەو ناوچانە دەبیستین دەڵێن :ئەگەر حاڵمان وەکو حاڵی هەرێمی کوردستان لێبکەن، حاڵی ئێستامان باشترە، ئەوە مانای ئەوەیە ئەدای کوردی ئەدایەکی هەڵە بووەو جوهدێکی نادروست بووە".

بەمدواییە حیزبە ئیسلامییەکانی کوردستان لەسەر مەسەلەی غەززە رووبەرووی رەخنەی توند بوونەوەو زۆر کەس گلەیی ئەوەی دەکرد کە ئیسلامییەکان لەسەر بوردومانی سنوورەکانی کوردستان بێدەنگن و لەسەر غەززەش کردوویانەتە هەڵلا. ئەمینداری گشتی یەکگرتوو لەو بارەیەوە گوتی "گرنگیدانی ئێمە بە کارەساتی غەززە شتێکی ئاسایی بوو، دەبوایە زیاتر گرنگیمان بە غەززە بدابووایە، غەززە چ رەبتێکی بەبۆرودومانی سنوورەکانی کوردستانەوە هەیە، کە ئەوە چەند ساڵە تۆپباران دەکرێن جگە لەکوشتنی هەندێک ئاژەڵ هیچی دیکە نەبووە". گوتیشی "ئەگەر بڕیار بێ ئێمە قسە بکەین دەبێ یەکەمجار دژ بە حکومەتی هەرێمی کوردستان قسە بکەین کە بۆچی سەروەریت دەشکێنن".

کاتێک رۆژنامەنووسانی یەکگرتوو بەبیر ئەمینداری گشتی یەکگرتوویان هێنایەوە کە لەتۆپبارانەکانی سنووریش خەڵکی سڤیل کوژراون، ئەویش پرسی چەند کەس کوژراون، ئەوانیش گوتیان هاووڵاتییەک کوژراوە، لەوەڵامدا ئەمینداری گشتی یەکگرتوو گوتی "خودا عەفوی بکات".

بەپێی رووپێوی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان

# 12%ی کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال و کیمیاباران بێکارن

**رووداو-هەولێر**

بەپێی رووپێوێک کە لەلایەن وەزارەتی شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوان لەبارەی جینۆسایدی گەلی کورد ئەنجامدراوەو، وێنەیەکی لێدراوەتە (رووداو)، دەرکەوتووە زۆرترین رێژەی قوربانیانی جینۆسایدکردنی کورد لە پارێزگای سلێمانین بە رێژەی 34.42%. دوای ئەویش پارێزگای هەولێر بە رێژەی 24.52% و کەرکووک بەرێژەی 23.21% و دهۆکیش بە رێژەی 18% دێت.

لەمانگی تەمموزی 2006 لە شەش ناوچە دەست بەو رووپێوە کراوە: سنووری گەرمیان، هەڵەبجە، کەرکووک، هەولێر، سلێمانی و دهۆک. زانیارییەکانیش لەرێگەی فۆرمێک کۆکراونەتەوە کە 120 پرسیاری لە خۆ گرتبوو، دواتریش ئەنجامەکان بەپێی بەرنامەی کۆمپیوتەری شیکراونەتەوە.

رووپێوەکە چەندین ئاماری جۆراو جۆری لەسەر ژمارەی جینوسایدکراوان و باری گوزەرانی ئەوسا و ئێستای کەسوکاری جینوسایدکراوانی لەخۆ گرتووە.

بەپێی رووپێوی بەرێوەبەرایەتی زانیاری و نەخشەسازی هەرێمی کوردستان لە وەزارەتی پلاندانان، 100 کەس لە شارەکانی کوردستان ئەنفال و کیمیابارانکراون، لەو ژمارەیەش 431800 لە رەگەزی نێرن و 56190 لە رەگەزی مێن. رووپێوەکە دەریشخستووە کە زۆربەی قوربانیان گوندنیشنن کە ژمارەیان دەگاتە 76760 کەس.

بەڵام ئەنجامی رووپێوەکەی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەو ئامار لە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بەپێچەوانەوە دەریدەخات کە رێژەی جینۆسایدکراوە نێرەکان لە مێیەکان زیاتربووە و، بەپێی ئەنجامەکانی ئەو رووپێوە رێژەی قوربانیانی نێر 67010 کەسە و رێژەی قوربانیانی مێ 32990 کەسە. هەروەها دەرکەوتووە لە پارێزگاکانی کوردستان تەمەنی جینۆساید کراوان زۆربەیان لە خوار 18 ساڵییەوە بووە. جگە لەوەش زۆرترین رێژەی ئەو هاووڵاتییانەی بەر شاڵاوەکانی جینۆساید کەوتوون سەڵت بوون کە رێژەیان دەگاتە 56.17%.

ئەو رووپێیوە، کە لە هەفتەی رابردوودا بە شێوەی پەرتووکێک بڵاوکرایەوە، دەریخستووە کە حکومەتی بەعس چەندە کەمتەرخەم بووە بەرامبەر نەهێشتنی خوێندەواری لە لادێکانی کوردستان، چونکە بەپێی رووپێوییەکەی وەزارەت دەرکەوتووە کە رێژەی 67.4%ی جینۆسایدکراوان نەخوێندەوار بوونە و، تەنیا رێژەی 2.1%ی قوربانیان بڕوانامەی لە ئامادەیی زیاتریان هەبووە.

لەو رووپێوەدا ئەوەش خراوەتەڕوو کە 90%ی قوربانییان بێسەروشوێنکراون واتە کەسوکارییان هیچ زانیارییەک دەربارەی چارەنووسیان نازانن. سەبارەت بە شوێنی بەخاکسپاردنی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە، رووپێوەکە روونیکردەوەتەوە 50.29%ی قوربانیان لە هەڵەبجە بەخاکسپێردراون، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆربەی قوربانیانی کیمیاباران لە هەڵەبجەن و لاشەکانیان وەک قوربانیانی ئەنفال ون نین، بەشێک لەقوربانیانیەکانی کیمیابارانکردن لەئێران و تورکیا بەخاکسپێردراون.

بەشێکی دیکەی رووپێوەکە بریتییە لە زانیاری دەربارەی کەسوکاری جینۆسایدکراوان، وەک لە رووپێوەکەدا دەردەکەوێت 56.29%ی کەسوکاری قوربانیان لە رەگەزی مێن، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە هەندێک لە شاڵاوەکاندا زیاتر رەگەزی نێر ئامانج بووە، وەک ئەنفالی بارزانییەکان.

سەبارەت بە پیشەی کەسوکاری جینۆسایدکراوەکانیش رووپێوەکە دەریخستووە کە 12.5%ی کەسوکاری قوربانیان بێکارن و 27.9% کاسبن. هەروەها 23.8%ی ئافرەتانی کەسوکاری جینۆسایدکراوان ئافرەتی ماڵەوەن. رێژەی فەرمانبەریش لەنێو کەسوکاری قوربانیان زۆر کەمە.

بەشی سێیەمی رووپێوەکە چەندین زانیاری لەبارەی ژیانی ئێستای کەسوکاری جینۆسایدکراوان لە خۆ گرتووە. لەوانەش 67.30%ی کەسوکاری قوربانیان لەو باوەڕەدان ئەنفال و کیمیاباران لە کوردستان رووناداتەوە، لەبەرامبەردا 7.52% دەڵێن دووبارە دەبێتەوە.

بۆچوونی کەسوکاری قوربانیان لەبارەی گەڕانەوەیان بۆ شوێنی جارانیان روونکراوەکراوەتەوە کە 61.2% حەزناکەن بگەڕێنەوەو 35.13%ش حەز دەکەن بگەڕێنەوە شوێنی جارانیان.

سەبارەت بە لایەنی ئەنجامدەری جینۆسایدەکەش، 76.23%ی کەسوکاری قوربانیان دەڵێن لە زۆربەی شوێنەکان سەربازو جاش پێکەوە بەشداریان کردووە.

لایەنێکی دیکەی رووپێوییەکە باس لە زیانە داراییەکانی دەکات کە لەئەنجامی ئەنفال و کیمیابارانکردن بەر کەسوکاری قوربانیان کەوتووە. دەرکەتووە 93.4%ی ئەوانەی بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتوون زیانی دارایی بەرکەوتووە. بەپێی رووپێوەکە زیاتر لە 98 ملیۆن دیناری سویسری کەسوکاری قوربانیان فەوتاوە. جگە لەفەوتانی رێژەیەکی ئێجگار زۆر لە دانەوێڵە و رەزو باخ و بێستان لەناوچە ئەنفال و کیمیابارانکراو و راگوێزراوەکاندا.

رووپێوەکە ژمارەی ئاژەڵ و پەلەوەرە لەناوچووەکانی ناوچە جینۆسایدکراوەکانی بە ژمارە خستووەتە روو کە بەو شێوەیەیە: 6421 ئەسپ و ماین، 5905 ئێستر، 14666 کەر، 503020 بزن، 684521 مەڕ، 71784 رەشەوڵاخ. هەروەها نزیکەی 600 هەزار پەلەوەر لە قازو مریشک و قەل و مراوی و هەنگ لەناوچوون.

**2**
**ملیۆن پەلەوەرو ئاژەڵ لەکاتی پرۆسەکانی ئەنفال و کیمیا باران لەناوچوون**

**7%ی**
**کەسوکاری قوبانیانی ئەنفال و کیمیا باران دەڵێن ئەنفال رووددەداتەوە**

# ڕاپۆرت

## چوار حیزبەکە لە وەلامدانەوە پەشیمان دەبنەوە



ڕووداو-هەولێر

◆ کۆمەڵ و یەکگرتووی ئیسلامی دەیانویست وەلامی ڕوونکردنەوەکەی یەکێتی و پارتی بدەنەوە، بەڵام سەرچاوەیەکی ئاگادار، بە(ڕووداو)ی ڕاگەیاند محەممەدی حاجی مەحمود پێشنیازی ئەوەی کرد کە چوار حیزبەکە واز لەوەلامدانەوە بێنن. لەوبارەوە محەممەدی حاجی مەحمود بە(ڕووداو)ی ڕاگەیاند"لەم کاتەدا نامانەوێت وەلام بدەینەوە، چونکە کێشەو گرفت زۆرن، هەر بابەتێکیش هەبێت بە گفتوگۆ چارەسەری دەکەین".

## سالار عەزیز، ئەندامی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی کۆمپانیای وشە:

# بڕیارمانداوە لیستێک لە کەسانی بە سومعە دروستبکەین

**کۆمپانیای وشە کە نەوشیروان مستەفا سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنیەتی، بەفەرمی دروستکردنی لیست بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان کە بڕیارە لە ڕۆژی 2009/5/19دا ئەنجامبدرێ، بە (ڕووداو) ڕادەگەیێنێ، لە هەڤپەیڤینێکی (ڕووداو) دا لەگەڵ سالار عەزیز، ئەندامی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی کۆمپانیای وشە. دوای ئەوەی هەندێ لە بەرپرسانی یەکێتی پێیانوابووە هەواڵەکە هەر هەواڵێکی ڕۆژنامەنووسییە، لەبەر ئەوەی بە ئاشکرا لەلایەن هیچ بەرپرسێکی باڵەکەی نەوشیروان مستەفاوە ڕانەگەیێندرابوو. سەرچاوەیەک لە کۆمپانیای وشە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند دروستکردنی ئەو لیستە ماوەیەکبوو بڕیاری لەسەردرابوو، بەڵام بڕیار نەبوو وازوو ئەو بڕیارە ئاشکرا بکرێ:**

**ڕووداو - هەولێر**



**ڕووداو: ئامادەکاری بۆ لیستەکەتان گەیشتووەتە کوێ؟**

**سالارعەزیز:** ئێمە مەبدەئیەن بڕیارمانداوە کە لیست دروستدەکەین.

**ڕووداو: لیستەکە تەنیا لە برادەرانی خۆتان دەبێ یان کەسایەتی و حیزبی دیکەش تێکەڵی دەبن؟**

**سالار عەزیز:** لەهەموو ئەوکەسە باشانە پێکدێت کە بۆ ئەو بەرنامەیەی ئێمە هەمانە باشن، بیروڕای هەرچییەک بێ گرنگ نییە.

**ڕووداو: ئامادەن هاوپەیمانی لەگەڵ حیزبە ئیسلامییەکان ببەستن؟**

**سالار عەزیز:** نەخێر هەرگیز.

**ڕووداو: هەندێ کەس پێیوایە جەوهەر نامیقیش لەئێوەوە نزیکە، ئایا قسەتان لەگەڵ کردووە بێتە نێو لیستەکەتانەوە؟**

**سالار عەزیز:** زۆرمان پێخۆشە کاک جەوهەربێتە ناولیستەکەمانەوە، لیستەکەی ئێمە حیزبی نییەو هەمووکەس بۆی هەیە بێتە ناویەوەو، پێمانخۆشە هەموو ئەوکەسانەی خەڵک خۆشیدەوێن بێنە ناویەوە.

**ڕووداو: تاوەکو ئێستا قسەتان لەگەڵ کردووە؟**

> **هەرگیز ئامادەنین هاوپەیمانی لەگەڵ حیزبە ئیسلامییەکاندا بکەین**

**سالار عەزیز:** نەخێر.

**ڕووداو: مەبەستتان لەو لیستە چییە، چوونە نێو دەسەڵاتە یان گۆڕینی هاوکێشە وهاوپەیمانییەکانە؟**

**سالار عەزیز:** دەمانەوێت لەکوردستاندا وڵاتێک هەبێ نیزامێکی تێدا بێت، دیموکراتی هەبێت و یاسا سەرەوەر بێت و کەس لەسەرووی یاساوە نەبێت، وڵاتێکی مۆدێرنی پڕ لە عەدالەت بێ، ئامانجمان ئەوەیە. پێشمانوایە دەتوانین ڕۆڵێکی باش لەو بوارەدا بگێڕێین.

**ڕووداو: دوو هەفتە پێش ئێستا لە وتارێکدا لە ڕۆژنامەکەتاندا (ڕۆژنامە) داوای شکاندنی ڕێککەوتننامەی ستراتیژی نێوان یەکێتی و پارتی کرابوو، ئامانجێکی ئێوە شکاندنی ئەو ڕێککەوتننامەیە؟**

**سالار عەزیز:** ئێمە نامانەوێت ڕێککەوتنامە بشکێت، بەڵام دەمانەوێ ڕێککەوتنامە بۆ دژایەتیکردنی دیموکراتی و بۆ بەرژەوەندی حیزبی و داخوازییە شەخسییەکان بەکار نەهێت، ئەگینا هەر حیزبێک یەکدەگرێت و ڕێککەوتن دەکات ئارەزووی خۆیەتی.

**ڕووداو: پێتانوایە ئەو ڕێککەوتننامە بۆ ئەوە بەکارهێنراوە؟**

**سالار عەزیز:** بەدڵنیاییەوە هەر بۆ ئەوەیە، ئەی بۆچی بەکارهاتووە. هیچ گۆڕانێک نەکراوە لەو ڕۆژەوە، ئەگەر بارودۆخەکە خراپتر نەبووبێ، هەموو شتەکان وەکو خۆیەتی.

**ڕووداو: هەستناکەن بە دروستکردنی ئەو لیستە کێشە لەنێوان یەکێتی و پارتیدا دروستدەکەن؟**

**سالار عەزیز:** خەڵک بۆ کێشە بۆ ئەوان دروستدەکات، پەیوەندیمان چییە بەوانەوە، ئێمەش وەکو خەڵکی ئەم وڵاتە بۆمان هەیە لیست دروست بکەین و ئازادین لەوەو، هیچ پەیوەندیمان بەوەو نییە و بۆ ئەو مەبەستەش نایکەین کە کێشە بۆ ئەوان دروستبکەین. پەیوەندی بەخۆیانەوە هەیەو با خۆیان کێشە نەکەن.

**ڕووداو: هەڵوێستی یەکێتی چییە دەربارەی دروستکردنی ئەو لیستە لەلایەن ئێوەوە؟**

**سالار عەزیز:** تائێستا هیچ شتێکمان نەبیستووە.

**ڕووداو: پێتانوانییە پارتی ئەوە قبوڵ ناکات و لیستەکەی ئێوە بە لیستێکی سێبەر (قڵ)ی یەکێتی دادەنێ؟**

**سالار عەزیز:** هیچ شتێک بەلای ئێمەوە گرنگ نییە، تەنیا ئەوە نەبێت کە ئێمە بەلیستێک دادەبەزین و خەڵکی باش و ئەو کەسانەی سومعەیان هەبێ لەنێو میللەت دا ناوی ئەوانەی تێدەکەین، حەزیش دەکەین زۆرترین دەنگ بێنین و زۆرترین خەڵکمان هەبێ، ناڵێم خەڵکی وامان هەیە، بەڵام دەمانەوێ خەڵکی وا لە نێو پەرلەمان دا هەبن.

## ڕووداو پلانی کودەتایەکی سەربازی لەعێراق ئاشکرا دەکات

# سێ لیوای بەعس لەکەرکووک دەیانویست کودەتا بکەن

**عەلی حەمە ساڵح**
**ڕووداو-کەرکووک**

حیزبی بەعس لەژێر ناوی (سوپای پەیڕەوانی تەریقەتی نەقشبەندی)دا لە زۆربەی پارێزگاکانی عێراقدا لیواو جبەخانەی سەربازی بەمەبەستی ئەنجامدانی کودەتای سەربازی دروستکردووەو سێ لیوای ئەم ڕێکخراوە لەکەرکووکن و عیزەت ئیبراهیم سەرپەرشتیان دەکات.

عیزەت ئیبراهیم دوری، کە لەسەردەمی بەعس، جێگری سەدام حوسێن بوو و نزیکی تەکیەو تەریقەتەکان بوو لەعێراق، لە پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە 2003، ڕێبەرایەتی حیزبی بەعسی هەڵوەشاوە دەکات، بەمەبەستی گەڕانەوەی دەسەڵاتی بەعس (سوپای پەیڕەوانی تەریقەتی نەقشبەندی) دروستکردووە.

بەپێی ڕاپۆرتی دەزگا ئەمنییەکانی کەرکووک، ئەم گرووپە لەسێ بەش پێکدێت بەشێکیان تەریقەتی نەقشبەندین و تێکەڵ بەکاری "تیرۆرستی" نەبوون، کۆمەڵێکیان سەرقاڵی کاری سیاسین و سەر بەگرووپی نەقشبەندییەکانی عیزەت دورین وبەشێکیشیان لە هێزی چەکداری گرووپی نەقشبەندیدان.

بەپێی بەدواداچوونەکانی (ڕووداو)، گرووپی نەقشبەندییەکان ئێستا لە عێراق، بەتایبەتی لەناوچە سوننە نشینەکاندا ڕێکخستنێکی چالاک و هێزێکی چەکداری فراوانیان هەیە، تەنیا لەسنووری پارێزگای کەرکووکدا سێ لیوای سەربازی و چەندین جبەخانەی چەک و تەقەمەنیان هەیە و هەریەک لەم لیوایانەش زیاتر لە 900 هەزار چەکداری هەیە.







مشعان جبوری و شاندێکی (سوپای پەیڕەوانی تەریقەتی نەقشبەندی) لە کاتی سەردانیان لە دیمەشق بۆ لای خالید مشعەلی سەرۆکی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی حەماسی فەلەستینی، کە چەند پارچە زێڕێکیان پێشکێشی حەماس کرد. (ئەم سێ وێنەیە لە ڕۆژنامەکەی مشعان جبوری (الاتجاه الاخر)ی ڕۆژی 2009/1/24 وەرگیراون).

### لیوایەکیان گیراوە

عەمید سەرحەد قادر، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاو ناحیەکانی کەرکووک، ئەو زانیاریانەی پشتڕاستکردەوەو گوتی "لەو سێ لیوایەی لە کەرکووکدان، لیوایەکیان کە زیاتر لە 900 کەسە بەرپرسەکانیان دەستگیرکراون، لەوانە ئامر لیواو ئەفسەری ئیستیخبارات و ئەفسەری پەیوەندییەکان و ئامر فەوجەکانیان و جبەخانەکەیان دەستیان بەسەرداگیراوە، بەڵام هەموویان نەگیراون و دوو لیوای دیکەش هەر لە سنووری پارێزگای کەرکووکدان".

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، ژمارەی ئەو کەسانەی لەلایەن پۆلیسی قەزاو ناحیەکانی کەرکووکەوە گیراون لەو لیوایەدا، جگە لەئامر لیواکە 40 کەسیان دەستگیرکراون.

بەپێی دروشمەکانی گرووپی نەقشبەندی، ئەوان تەنیا بەرهەڵستکاری هێزە فرە ڕەگەزەکان دەکەن "ئامانجمان لەنێوبردنی هێزی داگیرکەرانە".

بەڵام عەمید سەرحەد قادر، دەڵێ بەڵگەیان لایە کە ئەو گرووپە کاری تیرۆریستی دژی هاووڵاتیانیش لە نێو کەرکووک دا ئەنجامداوە "بەبەڵگەوە لامانە لە 2004ەوە کاری تیرۆرستی لەکەرکووکدا ئەنجامدەدەن، دەیان جار بۆمبیان بە پۆلیسی عێراقی و هێزە فرەگەزەکاندا بەبێ جیاوازی تەقاندووەتەوە، جگە لە تۆپ بارانکردن و بڵاوکردنەوەی بەیاننامەو سیدی چالاکییەکانیان".

بەرپرسانی ئەم گرووپە، زۆربەیان لەسەردەمی ڕژێمی بەعسدا پێگەی گرنگیان لە حکومەت و سووپادا هەبووە، بەپێی گوتەی عەمید سەرحەد قادر "ئەو ئامر لیوایەی کە لە کەرکووک دەستگیرکراوە، تاوەکو ڕووخانی حکومەتی بەعس لە عێراقدا لە جیهازی ئەمنی خاسە کاری کردووەو پاسەوانی عیزەت دووری بووە، ئەوانەی کە ئێمە لێکۆڵینەوەمان لەگەڵ کردوون زۆرترینیان ئەوانەن کە لەداو و دەزگاکانی بەعسدا کاریان کردووە".

ئەوانەی لەم گرووپەدا کاردەکەن شارەزاییەکی باشیان لەبەڕێوەبردنی کاری سەربازیدا هەیە. بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاو ناحیەکانی کەرکووک، ئەوە بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد کە " ئێستا ئەم گرووپە بەدەیان جبەخانەی سەربازییان لە عێراقدا هەیە و زۆرینەی جبەخانەکانیش لەناوچە سوننە نشینەکانی عێراقن، جبەخانەی سەربازی تەواویان لەکەرکووک هەیە، دەیان کەسیان دەستگیرکراوە و سەدان ساروخ و کاتیۆشامان گرتووە، مادەی کلۆرو ساچمەمان لێگرتوون، بەڵام ئەوەی گیراوە بەشێکی زۆرکەمە لە کەرستە سەربازییەکانیان". بەپێی گوتەی ئەو بەرپرسەی پۆلیس، ئەندامانی ئەو گرووپە بەپێی نووسراوە جفەرەیەکانیان شوێنی جبەخانەکانیان پێدەزانن" زۆربەی ناوی شتەکانیشیان یان بە جفەرەیە یان بەژمارەیە".

بەپێی گوتەی دەزگا ئەمنییەکانی کەرکووک، گرووپی نەقشبەندییەکان لە عێراقدا ڕێکخستنێکی زۆر تووندوتۆڵیان هەیە. عەمید سەرحەد قادر، دەڵێت" ڕێکخستنەکانی ئەم گرووپە، وەک ڕێکخستنەکانی حیزبی بەعسە، بەڵام لەژێر ناوێکی دیکەدا".

بەپێی ئەو زانیاریانەی (ڕووداو) دەستیکەوتوون، ئەوەی بۆ حیزبێکی بەهێز یان حکومەتێک پێویستە، ئەم گرووپە هەیانەو ئاگاداری تەواوی جوڵەی پێکهاتە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانی عێراقن. وەک عەمید سەرحەد قادر، گوتی "ئەم گرووپە سەرژمێری کەرکووکیان کردووە، کە چەند ماڵی کورد گەڕاوەتەوەو چەند عەرەب ڕۆیشتووەو ڕێژەی تورکمان چۆنەو ڕۆژانە ڕاپۆرتیان هەیە".

بەپێی ئەو زانیاریانەی لە پۆلیسی قەزاو ناحیەکانی کەرکووکەوە دەست (ڕووداو) کەوتووە، ئەم گرووپە فۆرمێکیان هەیە بە کلێشەیەکی تایبەت بۆ ئەو کەسانەی کە پەیوەندییان پێوە دەکەن، ناو و پلەی خوێندەواریان وچەندجار گیراوەو بریندداربووە، تێیدا نووسراوە، ڕاپۆرتی دیکەیان هەیە کە ژمارەی کوژراوو بریندار و گیراوەکانی خۆیانی تێدایە.

### بە دیسپلینترین گرووپی نهێنی عێراقە

بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاوناحییەکان، دەڵێت "خەڵکیان ناردووەتە دەرەوە بۆچارەسەرکردن، خەڵکی دیکەیان هەیە کەمدرامەتەو هاوکاری دەکەن، دەزگای ڕاگەیاندیان و مەکتەبی پەیوەندییان هەیە، هیچ لەو ڕێکخستن و ڕێکخراوە نهێنیانەی ئێستا لە عێراقدان زۆر ئەستەمە لە ڕێکوپێکیدا وەک ئەوان بن، خولی ڕهێنانیان هەن".

عەمید سەرحەد قادر ئەوەشی بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد کە ژمارەیەکی زۆر ئافرەت لەگەڵ ئەو ڕێکخراوەدان " کۆمەڵێک ئافرەتیان لەگەڵدایە و چەندین ئافرەتی عێراقی وەک سەردەمی حکومەتی بەعس ئاڵتون و پارەیان بەخشیوە و هاوکاری ئەم گرووپەیان کردووە".

گرووپی نەقشبەندییەکان پلانیان داناوە کە کودەتا لەعێراقدا بکەن و دەسەڵاتی بەعس بگەڕێننەوەو، چەندین لیوای سەربازی و جبەخانەیان بۆ ئەنجامدانی ئەو کودەتا سەربازییە ئامادەکردووە.

عەمید سەرحەد قادر، ئەوە پشت ڕاستدەکاتەوە کە ئەو گرووپە پلانی ئەنجامدانی کودەتای سەربازی هەیە " زانیاری تەواومان لەبەردەستە، کە کاریان کردووە بۆ ئەوەی لەئایندەدا بتوانن کودەتای سەربازی بکەن، بەرنامەیان دارشتووە چۆن دەست بەسەر چەند پارێزگاو قەزاو ناحیەیەکدا بگرن".

# 36 پارچە زەوی بەناوی کارگە وەرگیراون و کارگەیان لەسەر دروست نەکراوە

**ڕووداو-هەولێر**

36 پارچە زەوی بەناوی دروستکردنی کارگە وەرگیراون، بەڵام تا ئێستا کارگەیان لەسەر دروستنەکراوە، بەڕێوەبەری پیشەسازی هەولێریش ڕایگەیاند ئەگەر تا ڕۆژی 2009/2/10 خاوەنەکانیان دەست بەکار نەبن، زەوییەکەیان لێوەردەگیرێتەوە.

ماوەی زیاتر لە ساڵێکە 36 پارچە زەوی لە پارێزگای هەولێر لەلایەن هاووڵاتییانەوە بەناوی دروستکردنی کارگە لەشارەوانی وەرگیراون و دەبوایە دوای تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر وەرگرتنی مۆڵەت، کارگەکان دروستبکرێن، بەڵام تا ئێستا دروستنەکراون، بۆیە بەڕێوەبەرایەتی پیشەسازی هەولێر، کە لایەنی مۆڵەتپێدەری ئەو کارگانەیە، بەنیازە دوای ئاگادارکردنەوەی خاوەنەکانیان، زەوییەکانیان لێوەربگرێتەوە.

ئەندازیار تەیب کەژۆ، کە لەمانگی ئابی2007وە وەک بەڕێوەبەری پیشەسازی هەولێر دەستبەکار بووە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند تا ئێستا مۆڵەتیان داوەتە 1670 کارگەی کەرتی تایبەت، لەو ژمارەیەش نزیکەی 1500یان زەویان لە حکومەت وەرگرتووە.

چەند مەرجێک هەن بۆ دانی مۆڵەتی دامەزراندنی کارگە. بەڕێوەبەری پیشەسازی هەولێر مەرجەکانی بۆ (ڕووداو) ڕوونکردەوەو گوتی "ئەو کەسەی مۆڵەتی دامەزراندنی کارگە وەردەگرێ، دەبێ کەلوپەلەکانی کارگەکەی تازە بن و مۆدیلیان لە 2000 کەمتر نەبێ و، لەلایەن دادنووسەوە تۆمار کرابن، سەرمایەکەشی لە 75 ملیۆن دینار کەمتر نەبێ". ناوبراو گوتیشی " لیژنەیەک پشکنین بۆ کارگەکە دەکات و مامەڵەکەی بەرز دەکەینەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پیشەسازی، دوای وەرگرتنی مۆڵەت نووسراوێک بۆ وەزارەتی شارەوانی بەرز دەکەینەوە بۆ ئەوەی زەوی پێبدات". هەروەها گوتیشی "مۆڵەتمان نەداوەتە چەند کارگەیەک، چونکە مەرجەکانی ئێمەیان تێدا نەبوو".

بەپێی ئەو مەرجەی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پیشەسازی هەولێر دانراوە، هەر هاووڵاتییەک لەسنووری پارێزگای هەولێر زەوی بە مەبەستی دامەزراندنی کارگە وەربگرێ، دەبێ لەماوەی ساڵێکدا کارگەکەی دابمەزرێنێ، ئەگەر نا زەوییەکەی لێوەردەگیرێتەوە.

بەپێی ئەو زانیاریانەی لەبەڕێوەبەرایەتی پیشەسازی هەولێر دراوەتە (ڕووداو) 36 پارچە زەوی بەناوی دروستکردنی کارگە وەرگیراون و ماوەی ساڵێکیان بەسەردا تێپەڕیوە نەکراونەتە کارگە. تەیب کەژۆ لەبارەی ئەو زەوییانە گوتی "پێشتربە تەلەفۆن ولەڕێگەی ڕۆژنامەکانیشەوە خاوەنی ئەو زەویانەمان ئاگادار کردووەتەوە کە لەماوەی هەفتەیەکدا پەیوەندیمان پێوە بکەن، دوای ئەو هەفتەیەش مۆڵەتی یەک مانگیان بۆ دانراوە کە دەستبەکارەکانیان بکەن، ئەگەر تا 2009/2/10 دەست بەکارەکانیان نەکەن، زەوییەکانیان لێوەردەگیرێتەوە".

ئەندازیار تەیب کەژۆ ئاماژەی بە ئەو ڕووبەرە زەوییە دا کە دەیدەنە هەر هاووڵاتییەک ئەگەر بیەوێت کارگە دابمەزرێنێ کە زۆرترین ڕووبەر 10 هەزار مەتر دووجایەو کەمترینیشیان 500 مەتر دووجایە.

سەبارەت بەبیانووی ئەو خاوەن زەوییانە، ئەندازیار تەیب کەژۆ گوتی "هەندێکیان سەردانیان کردووین پاساوی جۆراو جۆریان دەهێنایەوە، پاساوەکانیان زۆر لاواز بوون، هەندێکیان دەیانگووت خزمەتگوزاری نەگەیشتووەتە زەوییەکان، کەچی هەر لە تەنیشت ئەوانەوە کارگە دروستکراوە".

بەپێی ئەوئامارەی دەست (ڕووداو) کەوتووە جگە لە دوو ناوچە پیشەسازییەکەی ناو شاری هەولێر (پیشەسازی باکوور و باشوور) 8 ناوچەی پیشەسازی دیکە لەدەوروبەری شاری هەولێر هەن. وەک ناوچەی پیشەسازی خەبات، بەحرکە، کەسنەزان، گوێڕ، بەستۆڕەو چەند ناوچەیەکی دیکە.

سەبارەت بەوەرگرتنەوەی زەوی لەخاوەن کارگەکان، ئەندازیار تەیب کەژۆ گوتی "ساڵی ڕابردوو 10 پارچە زەویمان لە خاوەن کارگەکان وەرگرتووەتەوە".

## ڕیپۆرتاژ

### تەوافوق بیر لەهەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان دەکاتەوە



ڕووداو- نیوزماتیک

◆ سەلیم جبوری وتەبێژی بەرەی تەوافوق ئەو لایەنانەی ڕۆژی 2009/2/8 لە دانیشتنی پەرلەمان کشانەوە بەهەوڵی تێکدانی پرۆسەی سیاسی تۆمەتبار کردن و ڕایگەیاند کە ئێستا بیر لەهەڵوەشاندنەوەی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان یان تەواوی پەرلەمان دەکەنەوە. لەکۆبوونەوەی یەکشەممەدا ڕەوتی سەدرو حیزبی فەزیلەو حیزبی دەعوەو کوتلەی عەرەبی سەربەخۆ وەک ناڕەزاییەک بەرامبەر کاندیدکردنی ئەیاد سەمەرایی بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان هۆڵی پەرلەمانیان بەجێهێشت.



ئەوکاتەی تەمەنم 12 ساڵان بوو گوێم لە کۆمەڵکوژی کوردان بوو (فۆتۆ: ڕووداو)

## سەرۆکی پارتی بۆ ئاژەڵان لە هۆڵەندا بۆ (ڕووداو):

# لە پەرلەمانی هۆڵەندا باسی کوردستان ناکەین

**هێمن عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- دەنهاخ**

(ماریانا تیمە) ی سەرۆکی پارتی بۆ ئاژەڵان و ئەندامی پەرلەمانی هۆڵەندا پێیوایە کە خواردنی گۆشت زۆر زیاتر لە لێخوڕینی ئۆتۆمبێل زیان بە ژینگە دەگەیێنێ. ئەو لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) دەڵێت " زۆر باوەڕم بەو قسە بە نێوبانگەی غاندی هەیە کە گوتبووی: ئاستی شارستانێتیی هەرگەلێک بە ڕادەی ڕێزگرتنیان لە ئاژەڵان دەردەکەوێ".

### ئارەزووی پێنج دەقیقەیی

دوو ساڵ بەر لە ئێستا پارتەکەی تیمە توانی دوو کورسی لە پەرلەمانی هۆڵەندادا بەدەستبێنێ. ئەوکات و ئێستاش زۆربەی خەڵک پرسیاری ئەوە دەکەن ئایا پێویستی هەبوونی پارتێک بۆ ئاژەڵان لە وڵاتێکی وەک هۆڵەندا لە چیدایە؟ سەرۆکی پارتی بۆ ئاژەڵان لە نووسینگەکەی خۆیدا لە بارەگای پەرلەمانی هۆڵەندا لە دەنهاخ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند " هەبوونی ئەو پارتە تەنیا بۆ هۆڵەندا پێویست نییە، بەڵکو ئەمە بووەتە وەڵامدانەوەیەک بۆ ئەو دەنگانەی کە لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی داوای سنووردانان بۆ ئەو توندوتیژییە دەکەن کە بەرامبەر بێدەسەڵاتترین بوونەوەری سەر ڕووی زەوی ( ئاژەڵ ) دەکرێت". سەرۆکی پارتی بۆ ئاژەڵان نموونە بە غاندی دێنێتەوە کە کاتی خۆی سەرەڕای خەباتی بۆ ڕزگاریی گەلەکەی داوای پاراستنی مافی ئاژەڵانیشی دەکرد.

تیمە دەڵێت:" ئەگەر سەیری هۆڵەندا بکەی، لەوەتەی مێژووی ئەم وڵاتە هەیە هێندەی ئێستا ئاژەڵی تێدا ئازارنەدراوە و کاری دڕندانەی دەرهەق نەکراوە، ئێمە کارگەی گەورەمان پڕ کردوون لەو مریشک و بەراز و مانگایانەی کە ساڵانە 500 ملیۆنیان هەتاو نابینن و بەهەرزانترین شێوە بۆ پڕکردنی ورگی خەڵک و دامرکاندنەوەی ئارەزوویەکی پێنج دەقیقەیی بەرهەم دەهێنرێن، تەنیا هۆیەکیشی ئەوەیە کە کۆمەڵگە حەزی لە خواردنی گۆشتە!"، بۆیە بە بڕوای تیمە بوونی پارتێک لە پەرلەمانی هۆڵەندادا بۆ داکۆکیکردن لەو ئاژەڵە بێدەسەڵاتانە پێویستە.

### ئێمە لە پەرلەماندا بڕیاردەدەین

پارتی بۆ ئاژەڵان تەنیا دوو کورسیی لە پەرلەماندا هەیە، ئەوەش وای لێدەکات کە پێگەیەکی بەهێزی نەبێ و نەتوانێ کاریگەریی بەسەر بڕیاردەرە سیاسییەکانی هۆڵەنداوە هەبێ. سەرۆکی پارتی بۆ ئاژەڵان ئەو شێوە بیرکردنەوەیە بە ڕاست نازانێ و دەڵێ" پەرلەمانی هۆڵەندا لە150 کورسیی پێکدێ، لەو ڕێژەیەش پارتە ڕاست و چەپەکان تا ڕادەیەک هێندەی یەکن. ئەو دوو دەنگەی کە ئێمە هەمانە و ئەو پێگە نە ڕاست و نە چەپەی کە هەمانە وایکردووە کە زۆر لە بڕیارەکان بە بێ پشتیوانیی ئێمە زۆرینەی دەنگ وەدەست نەهێنن. بۆ نموونە لەو ماوەیەی پێشوودا بڕیاری پێدانی مافی پەنابەری بە وانەی ساڵانێکی زۆر بوو لە هۆڵەندا بوون درا، ئەگەر ئەوکات ئێمە بە بڕیارەکە قایل نەبووباین ئەوا قەت جێبەجێنەدەکرا".

ماریانا تیمە لە دوو ساڵی ڕابردوودا وەکو چالاکترین پەرلەمانتار کە زۆرترین پرسیاری پەرلەمانی خستوونەتە ڕوو ناسێندرا. ئەو لەو بارەوە بە پێکەنینەوە دەڵێت" پارتە گەورەکان پێمدەڵێن واتکردووە کە هیچ دانیشتنێکی پەرلەمان بە بێ باسکردنی مافی ئاژەڵان تێنەپەڕێ! ئەوەی ئێمە لە دوو ساڵی ڕابردوودا کردوومانە ئەوە بووە کە هەموو پارتەکانی هۆڵەندا لە بەرنامەکانی خۆیاندا ئەوەیان چەسپاندووە کە بایەخی زیاتر بە مەسەلەی ئاژەڵان بدرێت. ئەوەش دروست ئەو ئامانجە بوو کە ئێمەی هێنایە پەرلەمانی هۆڵەنداوە".

### باسی کۆمەڵکوژییەکانی کوردستان ناکەین

سەرۆکی پارتی بۆ ئاژەڵان گوێی لەو ئەنفال و جینۆسایدە بووە کە بەسەر نەتەوەی کورد لەباشووری کوردستان هاتووە، تیمە دەڵێت:" بەڵێ بیستوومە، من ئەوکات تەمەنم دوانزە ساڵان بوو، بەڵام بیستوومە کە چی ڕوویداوە". سەبارەت بەوەش کە ئایا دەزانێت لە کوردستان ئاژەڵی زۆر بەو گازانەی کە کۆمپانیا هۆڵەندییەکان ئەوکات فرۆشتیانە دەوڵەتی ئەوکاتی عێراقی قڕ کراون؟ سەرۆکی پارتی ئاژەڵان دەڵێت" بەڵێ، ناخۆشییەکە ئەوەیە کە لە هەموو شەڕەکاندا ئاژەڵی بێگوناح تێدا دەچن. لە کاتێکدا ئەو ئاژەڵانە نە ئامانجییان داگیرکردنی خاکی یەکێکی دیکەیە، نە تەماعیان لە شتێکدایە کە ئەویتر هەیەتی، کەچی هەمیشە دەکرێنە قوربانیی شەڕەکان".

ڕووداو لە تیمە دەپرسێت: ئایا بە بەرپرسیارێتییەکی ئەخلاقی نازانیت کە ئەو باسە لە پەرلەمانی هۆڵەندادا بوروژێنیت؟ بەتایبەتیش کە دەرکەوتووە بازرگانانی هۆڵەندی، بەتایبەتی ڤان ئانرات نیوەی ئەو کەرەستانەی پێویست بوون بۆ سازکردنی چەکی کۆکوژییان فرۆشتووەتە عێراق. سەرۆکی پارتی ئاژەڵان دەڵێت: " ئێمە زۆر تێبینیمان لە سەر شێوازی بەشداریی هۆڵەندا لەو مەسەلانەدا هەیە و مەسەلەی چەکفرۆشتنی ئێمە و بوونیشمان بە پردێک بۆ گواستنەوەی چەک بۆ وڵاتانی دیکە بابەتێکی دیکەیە کە ئێمە بە گرنگی دەزانین گفتوگۆی لەبارەوە بکرێت، بەڵام ئەوەی کە ئێمە خۆمان پرۆژەی یاسایەک لەو بارەیەوە بدەینە پەرلەمان یان هەر هەنگاوێکی لەو جۆرە لە بەرنامەماندا نییە. چونکە ئەوانەی دەنگیان بە ئێمە داوە، ئێمەیان بۆ ئامانجی دیکە ناردووەتە پەرلەمان".

ئەم وەڵامەی تیمە وادەردەخات کە ئازاری ئاژەڵێکی هۆڵەندی لای ئەوان بایەخی زیاترە لە ئاژەڵێکی ناهۆڵەندی. سەرۆکی پارتی بۆ ئاژەڵان لە هۆڵەندا لەوبارەوە قسەی خۆی هەیە و دەڵێ " نا، کێشەکە ئەوەیە کە بۆ نموونە هەندێک کەس بە ئێمە دەڵێن: بۆچی داکۆکی لە سەگە بەرەڵڵاکانی تورکیا و یۆنان و ئیسپانیا ناکەن. ئێمەش پێیاندەڵێین: با خەڵکی ئەوێ خۆیان لەسەریان وەدەنگ بێن و داوای پشتیوانیمان لێبکەن. ئەوکات ئێمەش دەتوانین دەنگمانی لەسەر هەڵبڕین".

### پارە پڕبایەخترین شت نییە

ماریانا تیمە دەڵێت لەسەرتاسەری دنیادا خەریکە پارتی هاوشێوەی هۆڵەندا بۆ داکۆکی لە مافی ئاژەڵان دروستدەبن. ئەو بەلجیکا و ئەڵمانیا و فەرەنسا و بەریتانیا و ئیسپانیا و بەرازیل وەک نموونە دێنێتەوە. لێ ڕەتیدەکاتەوە کە بیرۆکەی پارتەکەی لە جۆرە ئایدۆلۆژیایەک بچێت " زۆر کەس هەن بۆچوونەکانی ئێمە وەک ئایدۆلۆژیا دەبینن. ئێمە دەمانەوێ کۆمەڵگەیەکی باشترمان هەبێت بۆمرۆڤ و ئاژەڵ و ژینگە و سروشت. بە داخەوە ئێستا پارە کراوەتە بە بایەخترین شت، لە کاتێکدا پڕ بایەخترین شتەکانی جیهان بریتین لە ئاووهەوای خاوێن و ڕێزگرتن لە هەڵسوکەوتکردندا لەنێوان مرۆڤەکاندا و بەرامبەر ئاژەڵان".

## برێندان ئۆلێری ڕاوێژکاری پێشووی حکوومەتی هەرێمی کوردستان:

# داوا لە بەڕێوەبەرایەتی ئۆباما دەکرێ فشاربخاتە سەر کورد تا لە هەندێ خاڵدا نەرمی بنوێنێ



**پرۆفیسۆر برێندان ئۆلێری**

– ئەکادیمیستێکی ئێرلەندییە لە ساڵی 1958 لە دایکبووە.
– لەچەندین زانستگەی بەریتانیا مامۆستا بووە و ئێستا لە زانستگەی پەنسلڤێنیای ئەمەریکا مامۆستای زانستی سیاسییە.
– لەکاتی نووسینەوەی دەستووری عێراق ڕاوێژکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە.
– چەندین پەرتووک وتوێژینەوەی چاپکراوی هەیە کە هەندێکیان لەسەر کوردن.

**ڕووداو–ئەمەریکا**

برێندان ئۆلێری، پرۆفیسۆر لە بواری زانستی سیاسی و ڕاوێژکاری پێشووی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند کە پێویستە سوپای ئەمەریکا لە عێراق بکشێتەوە، بەڵام بەو شێوەیە نەبێت کە هەموو چاوەڕێی دەکەن.

ئۆلێری گوتی " بەپێچەوانەی پێشبینییەکانی خەڵک، من پێموایە ئەگەر ئەمەریکا سوپاکەی لە عێراق بەگشتی بکشێنیتەوە، ئەوا ئەمەریکا ڕێگر دەبێ لە بەهێزبوونی حکوومەتی عێراق و ئەمەش دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر خەڵکی عێراق و وڵاتانی دراوسێ، چونکەئەگەر بمانەوێ بارودۆخەکە ئاڵۆز نەبێت ئەوا چارەسەر لە دوای کشانەوەی ئەمەریکا، فیدراڵییەکی نامەرکەزییە و بەمەش پێوەندییە ئاڵۆزەکان لەگەڵ ئێران هێوردەکەینەوە و دیپلۆماسیەکی ئاشکراشت لەگەڵ تورکیا دەبێت".

ئۆلێری کە نووسەری چەندین کتێبیشە لەسەر کوردستان وعێراق و تیرۆرزم، ڕایگەیاند دابەشکردنی عێراق بۆ چەند هەرێمێکی فیدراڵی، ڕەنگە باشترین چارەسەر بێت بۆ عێراق و بۆ ناوچەکەش.

بەڵام بۆ سەرکەوتنی ئەو پلانە، نابێت ئێران و تورکیا دەست لە کاروباری عێراق وەربدەن دەشڵێت ئەگەر ئێران هەست بەوە بکات کە عێراق هەر بە وڵاتێکی دۆست دەمێنێتەوە و تورکیاش دڵنیابێت کە کورد داوای سەربەخۆیی ناکەن، ئەو دوو وڵاتە زلهێزە خۆیان دوورەپەرێز ڕادەگرن.

ئۆلێری دەڵێ کشانەوەی هێزەکان بەهەر شێوەیەک بێت، کارێکی ئاسان نابێت و " ئەگەر بە ئاسانی دەوڵەتێکی ناوەندی دروست ببێت کە بەیەک چاو سەیری هەموو کەس بکات، کێ ئەوە ڕەتدەکاتەوە؟ بەڵام لەبەرامبەر جیاوازییە گەورەکانی نێوان کورد و عەرەب و شیعە و سوننە، ئەوە خەونێکی مەترسیدارە".

**UPEN: باشترین ڕێگە بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق چییە؟**

**برێندان ئۆلێری:** ئەگەر دەتەوێت بەبێ کێشە و گرفت بچیتە دەرەوە باشترین هەلیشت هەبێت بۆ سەقامگیری عێراق، پێویستە بەتەواوی بیرۆکەی خۆت بگۆڕیت. دەبێ لە خۆت بپرسیت کە چ ڕێگایەک باشترینە بۆ عێراق: لەسەر ئاستی نێوخۆی عێراق، بەڕای من فیدراڵییەکی نامەرکەزی هەبێت کە توانای بەغدا سنووردار بێت، ئەمەش بەو مانایە دێت کە نە شیعە، نە سوننە و نە کورد نەتوانن لە بەغدا کۆنتڕۆڵی گرووپەکانی دیکە بکەن، بەڵکو هەریەکەیان کۆنتڕۆڵی حکوومەتی خۆیان لە هەرێمەکەی خۆیان بکەن، بەو شێوەیە هەموو لایەک دەستکەوتەکانی یەکسان دەبێت و دەتوانن لەسەر مەسەلەکانی سنوورەکانیان و سەرچاوە سروشتییەکان ڕێککەوتننامەیان هەبێت.

لە ڕووی دەرەکیش، دەبێ کارێک بکرێت تورکیا و ئێران نەتوانن ئەو فیدراڵییە فرەلایەنییەی نێو عێراق تێکبدەن. زۆرینەی ئەو خەڵکەی کە هیچ دەربارەی عێراق نازانن پێیانوایە باشترە ئەمەریکا جەخت بخاتە سەر وڵاتە عەرەبییەکانی دراوسێ، بەڵام لە ڕاستیدا دوو بەهێزترین وڵاتی ناوچەکە ئێران و تورکیان و گەورەترین نەتەوەش لە عێراق کە شیعەکانن زیاتر لە ئێرانەوە نێزیکن، ئەمە جگە لەوەی کوردیش عەرەب نین، بۆیە کارێکی هەڵەیە جەخت بکرێتە سەر دەوڵەتە عەرەبییەکان.

**UPEN: لە کاتی هەڵبژاردنە سەرەتاییەکاندا، جۆ بایدنی جێگری سەرۆکیش باسی لە هەمان پلان کرد، وا نەبوو؟**

**برێندان ئۆلێری:** بەڵێ و نەخێر، ئەو وەکو بەڕێوەبەری لیژنەی پێوەندییە دەرەکییەکان، بەگشتی بە پەرۆش بوو بۆ دابەشکردنی عێراق بۆ سێ پارچە، سیناتۆر بایدن کاتێک چاویخشاندەوە بە پێشنیازەکەی کە لە لایەن کۆنگرێسەوە پەسەند کرابوو، دەستووری عێراقی لەبەرچاو گرتبوو کە لەکۆی پێنج کەس، چوار کەس دەنگی پێدابوو کە زۆرینەی لە شیعە و کورد پێکهاتبوو. لەو پێشنیازەدا، ئاماژەی بە ڕێگەیەکی گونجاو بۆ بەدەسەڵاتکردنی هەرێمی لەنێو عێراقدا کردبوو، ناوبراو ڕۆڵێکی گرنگی بینی لە تێگەیاندنی سیاسەتمەدارانی ئەمەریکا لەو مەسەلەیە.

> **بەڕێوەبەرایەتی بوش دەیویست لەکاتی نووسینی دەستووردا بە پێڵاوی ئاسنین بەسەر ئارەزووەکانی کورد بکەوێت**

سیناتۆر هیلەری کلینتنیش هەر لەسەرەتاوە ئەوەی ڕوونکردەوە کە ئەو کشانەوەیەکی بەپەلەی ناوێت کە ببێتە هۆی پشتگوێ خستنی بەرژەوەندییەکانی کورد. هەروەها سەرۆک ئۆباماش ڕایگەیاند ئەویش لەگەڵ کشانەوەیەکی بەرپرسیارانەیە، بۆیە وای بۆ دەچم کە ئەو سێ کەسە هەر یەکەو بەشێوەیەکی جیاواز دەیانەوێت ئەمەریکا لە عێراق دەربچێت و ئێستا بەدوای ئەوەدا وێڵن کە چۆن ئەو کارە بکەن.

**UPEN: بیرۆکەی ئێستا لە نێو سیاسەتدارێژەرانی ئەمەریکا چییە؟**

**برێندان ئۆلێری:** زۆربەی چاودێران کە ماوەیەکی زۆرە چاودێری ناکۆکی عێراق دەکەن، ئێستا کورد بەوە تۆمەتبار دەکەن کە ڕەچاوی دەستوور ناکات . ئەوان حەز دەکەن ئەمەریکا کاریگەریی خۆی بەکاربێنێت بۆ ئەوەی کورد لە هەندێ خاڵدا لێبووردەیی هەبێت، بەڵام ئەوە کارێکی مەنتیقی نییە، بەڕای من دەستوور ئەو دەرفەتەی بەخشیووەتە کورد کە لەسەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە لە ساڵی 1920چاوەڕێی دەکەن، لە ڕاستیدا ئەوە لە بەرژەوەندی ئەمەریکایە کە ڕێگە بە ئارەزووەکانی کورد بدات کە لە دەستووری ئێستای عێراقدان و پاڵپشتیان بکات.

کارێکی خراپ نییە ئەگەر کاریگەریەکەی خۆی بەکاربێنێت بۆ ئەوەی کوردستان بە هەرێمێکی سەقامگیر لە عێراق دا بمێنێتەوە، بەمەش بەشێکی زۆری شیعەکان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ سوپاسگوزاری ئەمەریکا دەبن بەوەی سوننەی نەگەڕاندووەتەوە سەر دەسەڵات و کوردەکانیش ڕازی دەبن و عەرەبی سوننەش بۆیان ئاشکرا دەبێت چیدیکە ئەو جیهانە نابیننەوە کە کاتی خۆی هەیانبوو.

**UPEN: تۆ نووسیوتە دەستووری عێراق کە لە ساڵی 2005 نووسرا، تاکە خاڵی پرشنگدارە لە نێو ئەو هەموو ئاڵۆزییەدا؟**

**برێندان ئۆلێری:** من دەڵێم ئەوە تاکە خاڵی پرشنگدارە، ئەوەش دەڵێم کە ئیدارەی بوش ئەو ئامانجەیان نەبوو کاتێک ڕازیبوون بەوەی عێراق دەستووری هەبێت. لەسەرەتادا ئیدارەی بوش هەوڵیدا خۆیان دەستوور بۆ عێراقییەکانی بنووسن. ئەوان ویستیان بە پێڵاوی ئاسنین و بن بزمارەوە بەسەر ئارەزووەکانی کورد بکەون . ئەوان لەسەر چی ڕێککەوتن؟ ئەوان ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کە لەسەر کاغەز عێراق بکەنە وڵاتێکی فیدرالیی نامەرکەزی و هەر هەرێمێک هێزی ئاسایش و سوپای خۆی هەبێت و هەر هەرێمێک دەسەڵاتی تەواوی هەرێمەکەی لەدەست خۆی دابێت، بێجگە لە سیاسەتی دارایی . حکوومەتی فیدرالی دەسەڵاتی سەربەخۆی بەسەر بودجشەوە نییە، لەبەرئەوەی عێراق هەر لەکۆنەوە پشتی بە داهاتی نەوت بەستووە. لە بارەی سامانی سروشتیش، ڕێککەوتنێک کرا کە هەموو کێڵگە نەوتی و گازییەکانی لە کاردان داهاتەکەی بەسەر هەموو عێراقدا دابەشبکرێت، لەگەڵ ئەوەش کێڵگەی نوێ دەخرێتە ژێر کۆنتڕۆڵی دەسەڵاتدارانی ئەو هەرێمەی کە کێڵگەکانی تێدایە، ئەمەش میکانیزمێکی گونجاوە بۆ جیهانێکی نامەرکەزی و دڵنیاکردنەوەی ئەو هەرێمانەشە کە کێڵگەی نەوت و گازێکی زۆریان نییە .

**UPEN : ئەومشتومڕە ئێستا گەیشتووەتە کوێ؟**

**برێندان ئۆلێری:** ئێستا بەهەرشێوەیەک بێت گەیشتووەتە ئەوەی هەندێک کەس پێیانوایە حکوومەتی بەغدا دەبێ کۆنتڕۆڵی سەرچاوە سروشتییەکان بکات و بە یەکسانی بەسەر هەموو عێراقدا دابەشی بکات. کە لە ڕابردوودا دەسەڵاتدارانی بەغدا هەرگیز داهاتەکەیان بەیەکسانی دابەش نەکردووە. ڕێککەوتنە نوێیەکەی حکوومەتی فیدراڵ، قوربانیانی دەستی سەددام دڵنیا دەکاتەوە کە جیهانە نوێیەکە زۆر جیاواز دەبێت لە جیهانەکەی ڕابردوو.

دووەم، کورد ئامادەیە داهاتی کێڵگە نوێیەکانیش لەگەڵ بەشەکانی دیکەی عێراقدا بەش بکات، بەهەمان شێوەی کێڵگە کۆنەکان، بەڵام ئەوان ئامادە نین حکومەتی بەغدا بۆیان دیاری بکات لە کوێ سەرمایەگوزاری بکەن، چونکە ئەوان بیرەوەری تاڵی ڕابردوویان لەبیرنەکردووە، بەمانایەکی دیکە، ئەوان لە دز دەترسن و مافی خۆشیانە بترسن.

> **هیلەری کلینتن لەمێژە گووتوویەتی کشانەوەیەکی بەپەلەی ناوێت کە ببێتە هۆی پشتگوێ خستنی بەرژەوەندییەکانی کورد**

دەستوور بە وریاییەوە هیچ فۆرمێکی ئیسلامی نەچەسپاندووە، مافی ئەوانەشی لەبەرچارگرتووە کە موسڵمان نین. لەبەر ئەوەی لە ئەمریکا ڕەشپێست وئەفریقاییە ئەمریکاییەکان لە سەردەمی کۆیلایەتی ودواتر دەچەوسێنرانەوە لە باکوور، بۆیە بەڕای ئەمریکاییەکان حکومەتی فیدرالی باشتر مافی کەمینەکان دەپارێزێ لە حکومەتی هەرێم ویلایەتەکان، بەڵام مەرج نییە شوێنەکانی دیکەی دنیا بەم شێوەیە بن و هەمان نموونەبن . من بە دڵنیاییەوە دەڵێم کەمایەتییەکان لەژێر کۆنتڕۆڵی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە باشترین بارودۆخدان، لەچاو ئەوانەی لە ناوچەکانی دیکەی عێراقدان. دەستووری نوێ نەک تەنیا بارودۆخی قوربانییەکانی دەستی سەدام کە شیعە و کوردن، باشتر کردووە، بەڵکو سیستەمێکی گونجاویشی لەبارەی بەشکردنی دەسەڵات بۆ هەموو لایەک هێناوەتە ئاراوە کە هەمووان قازانجی لێدەکەن، بە عەرەبی سوننەشەوە.

**لە ماڵپەڕی زانکۆی پەنزلڤانیای ئەمەریکیupenn. edu وەرگیراوە**

## کوردستانی

### لە حەلەب ناوی کوردی قەدەغە دەکرێن



ڕووداو-حەلەب

◆ لەدژی بەکارهێنانی ناوی کوردی، پارێزگاری حەلەبی سوریا تامر حجە، بڕیارێکی تازەی دەرکرد بۆ درێژەدان بە سیاسەتی بەعەرەبکردن و بەکارهێنانی ناوی عەرەبی بۆ شوێن و دوکان و بۆ ریکلامکردنیش . بەگوێرەی ڕۆژنامەی (الجماهیر) ئەو کەسانەی زیانی هەرە گەورەیان لەو بڕیارە بەردەکەوێت ئەو کەسانەن کە ناوی کوردی لەخۆیان و دوکان و کارگەکان ناوە. ڕۆژنامەکە ئەوەشی نووسیوە "بەو بڕیارەی پارێزگاری حەلەب، پیشەوەرانی کورد ناچارن ناوە کوردییەکان بگۆڕن یان پارەیەکی زۆر بدەن تا بتوانن ناوەکانیان بەکوردی بمێنێتەوە".

## پلاتفۆرمی ئابانت کۆنفرانسێک لە هەولێر سازدەکات

# باشوور پێیخۆشە و باکوور گومانی لێدەکات

**هێمن خۆشناو**
**ڕووداو-هەولێر**

وا بڕیارە لە نێوەڕاستی ئەم مانگە لە هەولێر بەدەسپێشخەری پلاتفۆرمی ئابانت abant لە تورکیا و دەزگای موکریانی و زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر کۆنفرانسێک بۆ لێکتێگەیشتن و توێژینەوە دەربارەی مەسەلەکان لە نێوان ڕووناکبیرانی کورد و تورک سازبکرێت.

ئاسۆ کەریم، بەڕێوەبەری دەزگای توێژینەوەی موکریانی لەبارەی مەبەست لە سازدانی ئەو کۆنفرانسە بۆ (ڕووداو) گوتی ئەو کۆنفرانسە یارمەتیدەر دەبێت بۆ دروستکردنی متمانە لەنێوان تورک و کورد، هەروەها زەمینەی لێتێگەیشتن وڕەواندنەوەی نیگەرانیەکان دروستدەکات. ئاسۆ کەریم گوتیشی "بۆ ئەوەی تورک بزانن ئێمە وەکو کورد لە عێراق چ مۆدێلێکی حوکمڕانیمان دەوێت، چونکە بەلای تورکەکانەوە گرنگە بزانن ناسنامەی عێراق چۆن دەپارێزرێت و لەهەمانکاتدا فرە نەتەوەیی و فرە ئایینی لەو وڵاتەدا بپارێزرێت".

پلاتفۆرمی ئابانت کە نێوەندێکی ڕۆژنامەنووسان و نووسەرانی تورکە، لەساڵی 1998 بە دەستپێشخەری چەند ڕۆژنامەڤان و نووسەر و پسپۆڕێکی تورک دامەزراوە. بارەگای سەرەکی لە ئیستەنبوڵە و تا ئێستا لەسەر چەندین پرسی ئایینی و کولتووری و ئابووری و سیاسی کۆنفرانس و کۆبوونەوەی ئەنجامداوە.

وا بڕیار بوو ئەو پلاتفۆرمە لەمانگی نیسانی ساڵی 2008 کۆنفرانسێک لەسەر کێشەی کورد لەشاری ئامەد سازبکات، بەڵام بەبیانووی نەبوونی هەلومەرجی سەقامگیر، کۆنفرانسەکەی لە ئیستەنبوڵ سازکرد. هەندێ لە چاودێرانی سیاسی ئەو دەزگایە بە دەزگایەکی سەر بە ڕێبەری ئیسلامی و سەرمایەدار فەتحوللا گیولەن دادەنێن، کە ساڵانێکە لەدەرەوەی تورکیایە.

ئەوانەی بۆ کۆنفرانسەکەی هەولێر بانگهێشت کراون، زیاتر ئەو کەس و پسپۆڕانەن کە لە پارتی داد و گەشەپێدان AKPوە نزیکن، ئەمەش وا دەکات بەتایبەتی ناوەندە کوردییە ئۆپۆزسیۆنەکانی تورکیا بەگومانەوە سەیری ئەو کۆنفرانسە بکەن و ڕەخنەی لێبگرن.

ئاسۆ کەریم جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەو کۆنفرانسە کۆنفرانسێکی ئەکادیمییە و دەڵێت "ئێمە وەکو پرەنسیپ هەرسێ لامان بڕیارمانداوە کە پێویستە بەشداربووان پێکهاتەو ئینتیمای جیاوازیان هەبێت، بەڵام ئەکادیمی بن".

سەبارەت بەدەستنیشانکردنی بەشداربووانی کۆنفرانسەکەش ئاسۆ کەریم گوتی "ئەوانەی لە تورکیا بەشداری دەکەن لەلایەن پلاتفۆرمی ئابانتەوە دەستنیشان دەکرێن، ئەوانەی ئێرەش دەزگای موکریانی و زانکۆی سەلاحەدین دەستنیشانیان دەکات"، بەڕێوەبەری دەزگای موکریانی هەروەها گوتیشی " ئێمەش لەلای خۆمانەوە هەوڵمانداوە ئەو کەسانەی بەشداری دەکەن لە پێکهاتەی جیاواز و ئینتیمای جیاوازە بن".

ئیبراهیم بینجی پەرلەمانتاری شاری ئورفا لەسەر لیستی DTP لەپەرلەمانی تورکیا، پێیوایە ئەو کۆنفرانسە ڕەنگدانەوەی خراپی بۆ کورد دەبێت، ناوبراو لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) گوتی " کاتێک شاندی DTP سەردانی کوردستانی کرد ڕەخنەیان لە بەستنی ئەو کۆنفرانسە گرت، چونکە ئامانج لەسازدانی ئەو کۆنفرانسە دروستکردنی ئاستەنگە لەبەردەم ئەو یەکریزی و پێشکەوتنانەی کورد بەدەستیهێناون".

بینجی جەختیکردەوە کە ئەوان وەکو DTP بانگهێشتی ئەوکۆنفرانسە نەکراون "بەڵام ئەگەر بانگهێشتیش بکراباین بەشداریمان نەدەکرد، چونکە لە دژی بەرژەوەندییەکانمانە، ئەمە کۆبوونەوەی فەتحوڵلاچییەکانە". بینجی جەختی لەوەشکردەوە "ئەوانەی لە تورکیا بانگهێشتکراون زۆربەیان ئەکادیمی نین و سیاسەتمەداری سەربە AKP ن، لایەنگری چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد نین. زۆر پسپۆرو ڕووناکبیری سەربەخۆ هەن، لەبەر ئەوەی بۆچوونەکانیان لەگەڵ ئەوان یەک نییە بانگهێشت نەکراون". ناوبراو داوای لەکوردانی باشووری کوردستانیش کرد بەشداری لەو کۆنفرانسەدا نەکەن.

ماوەیەکە باسی ئەوە دەکرێ کە لە بەهاری ئەمساڵ لە هەولێر یان لەشوێنێکی دیکە کۆنگرەیەکی نەتەوەیی بۆ پارت و ڕێکخراوەکانی هەموو پارچەکانی کوردستان سازدەکرێت. د. فوئاد حوسێن ڕایگەیاند کە ئەو بیرۆکەیە لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە گەڵاڵە کراوە، سیاسەتکارە بەرهەڵستکارەکانی کورد لە تورکیا پێیانوایە ئەو کۆنفرانسەی ئابانت کۆسپ بۆ ئەو کۆنگرە نەتەوەییە دروستدەکات.


بەڵام بەڕێوەبەری دەزگای موکریانی ئەوە ڕەتدەکاتەوەو دەڵێ ئەو دوو کۆنفرانسە لێک جیاوازن " ئەو کۆنفرانسە زیاتر دیالۆگە لەنێوان ڕووناکبیرانی کوردستانی عێراق و تورکیا"، گوتیشی مەبەستی کۆنفرانسەکانیش لەیەکتر جیاوازن ئەوەی دیکەیان مۆرکێکی سیاسیانە هەڵدەگرێت، ئەوەی ئێمە زەمینە خۆشکردنە بۆ لەنێوبردنی لەیەکحاڵی نەبوون، ڕەهەندێکی زانستیانەوئەکادیمیانەی هەیە، ئەگەرچی لەئەنجامدا ڕەنگدانەوەی سیاسیشی دەبێت.

پەرلەمانتارە کوردەکەی شاری ئورفا بەپێچەوانەی بۆچوونەکانی سەرۆکی دەزگای موکریانی پێیوایە ئامانجی سەرەکی لە رازیبوونی ئابانت بە سازدانی ئەو کۆنفرانسە ڕێگەگرتنە لە "سازدانی کۆنگرەی پارت و ڕێکخراوە کوردستانییەکان".

## لیستی ڕێکخراوە تێرۆریستییەکان موجاهدینی لێدەرچوو پەژاکی تێخرا

# موجاهدین هەقی خۆیانە کە لە لیستەکە دەرهێنران

### حاجی ئەحمەدی سەرۆکی پەژاک بۆ (ڕووداو)



**ڕووداو-برۆکسەل**

حاجی ئەحمەدی سەرۆکی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پەژاک) دەڵێ " ئێمە شەڕی چەکداری ناکەین". هەروەها دەڵێت زۆر هەوڵیداوە بەرەیەکی کوردستانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سازبکات، بەڵام پارتەکانی دیکە بەدەنگیەوە نایێن، چونکە ئەو پارتانە بەگوتەی وی" سەربەستیی بڕیاردانیان نییە".

هەندێ سەرچاوە، لە دوو ساڵی ڕابردوودا باسی ئەوەیان دەکرد کە ئەمریکا هاوکاری پەژاک دەکات، لە بەرامبەر ئێران دا، بەڵام بڕیاری ئەمریکا لە هەفتەی ڕابردوودا بە دانانی ئەو حیزبە لە لیستی ئەو حیزب و گرووپانەدا کە ئەمریکا بە " تیرۆریست"یان دادەنێ، هەنگاوێکی پێچەوانەی زانیارییەکانی ئەو سەرچاوانە بوو. ستیوارت لیڤی بریکاری وەزیری گەنجینەی ئەمریکا بۆ کاروباری تیرۆرۆ و هەواڵگریی دارایی گوتی " ئێمە بەوشێوەیە پەیوەندیی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان بە پارتی کرێکارانی کوردستانەوە ئاشکرا دەکەین و، پشتیوانی لە هەوڵەکانی تورکیا دەکەین بۆ پاراستنی هاووڵاتییەکانی لە هێرشەکانی ئەو حیزبە". هەر بەپێی ئەو بڕیارە حکومەتی ئەمریکا دەتوانێ دەست بخاتە سەر هەموو سامان و موڵکی پەژاک لە ئەمریکا و هەر جۆرە مامەڵەکردنێکی هاووڵاتیانیشی لەگەڵ قەدەخە دەکات. ئەو بڕیارەش دوای هەفتەیەک بوو لە بڕیاری یەکێتی ئەورووپا لە دەرهێنانی ڕێکخراوی موجاهدینی خەلق لە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان.

حاجی ئەحمەد چەند ڕۆژێک بەر لە بڕیاری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ دانانی پەژاک لەو لیستەدا، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) سەبارەت بەو دەنگۆیانەی دەڵێن ئەمریکا هاوکاری پژاک دەکات گوتی " ئەوە یەکێکە لەو شێوازانەی ئێران کاری پێدەکات دژی پەژاک، دەڵێت، پەژاک ئەمریکا دروستیکردووە وئیسرائیل یارمەتیی دەدات، ئەویش بۆئەوەی یەکەم دنیای ئیسلام بە تایبەتیش ئەو وڵاتانەی کە دژی ئەمریکان بکاتە دژی ئێمە،لەوەش گرنگتر بۆ ئەوەی بە ئەمریکا بڵێت وریابە، هەر هاوکارییەک ئەمریکا بیداتە پەژاک، ناراستەوخۆ بۆ PKKیە، دەرەنجامەکەیشی ئەوەیە کە تورکیا هەمیشە ئێمە تۆپباران دەکات. لە لایەکی دیکەیشەوە تا دوێنێ پێیاندەگوتین ئێران ئێوەی دروستکردوون، ئەو تەبلیغاتەیشی لە دژی ئێمە لە ڕێگای حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە دەکرد، تا خەڵکی ڕۆژهەڵات لێمان بترسێن و تێکەڵاومان نەبن".

سەرۆکی پەژاک پێی کارێکی باشە کە ئەمریکا موجاهیدینی خەلقی ئێرانی لە لیستی تیرۆریستیی خۆی دەرهێنا و دەڵێ مافی خۆیانە. سەبارەت بەوەش کە موجاهیدین بەشدارییان لە قەتڵوعامی خەڵکی باشووری کوردستاندا کردووە، ئەحمەدی دەڵێت" ڕاستە مێژوویەکی خاوێنیان نییە، بەڵام لە لایەکی دیکەوە دەبێ ئەوەش بڵێین کە تەنیا هێزێکی غەیرە کوردین لە ئێران کە مافی ئۆتۆنۆمییان بۆ کورد لە ئەساسنامەی خۆیاندا چەسپاندووە".



## ئەگەر ئێمە نەبین PKK دەتوانێ پەیوەندیی باشی لەگەڵ ئێران هەبێ

### پەژاک شەڕی چەکداری ناکات بەڵکو بەرگری دەکات

حاجی ئەحمەدی دەڵێت پەژاک شەڕی بەرگری دەکات " ئەو ڕۆژانە زۆر باسی ئەوە دەکرێت کە زەمانی شەڕی چەکداری نەماوە و ناگاتە هیچ کوێ، من هیچ کات کۆک نیم لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا. بەر لە هەر شتێکیش پەژاک شەڕی چەکداری ناکات، ئەوەمان بە بەردەوامیش گوتووەتەوە، ئێمە ئەو چەکەمان پێیە کە خۆمان بپارێزین". لەبەر ئەوەش دەڵێ گەریلاکانی هێرشیان نەکردووەتە سەر سەربازگەکانی ئێران، تەنیا لە وەڵامی هێرشی ئێران دا نەبووبێ " پەژاک بە چەند هەزار گەریلای خۆی چۆن دەتوانێ شەڕی چەکداری لەگەڵ سوپایەکی یەک ملیۆنیی ئێرانیدا بکات کە ئەمریکا خۆی لێ لادەدات؟!"، ئەو دەڵێت گەریلاکانی پەژاک بۆ داکۆکی لە خۆکردن چەکیان پێیە. هەروەها دەڵێ "ماوەیەکە ئێران هێرشناکاتە سەر ئێمە، ئێمە هیچ ناڵێین، بەڵام ئەوەشیان والێکردووە کە پەژاک چەک دادەنێ و پەژاک بڵاوە دەکات، ئەوە ڕاست نییە، ئێمە بەردەوامین لە چالاکیی خۆمان".

سەرۆکی پەژاک پێیوایە کە پارتەکەی ئەو کێشەیەکی گەورەیە بۆ PKK" چونکە ئەگەر ئێمە نەبین PKK دەتوانێ پەیوەندیی باشی لەگەڵ ئێران هەبێ، بەڵام چونکە ئێستا ئێمە لەوێ خەبات دەکەین، بووین بە کێشەیەک لەسەر ڕێگای پەیوەندیی PKK و ئێران".

دەقی هەڤپەیڤینەکە
لە (ڕووداونێت)دا بخوێنەوە
WWW.RUDAW.NET

### ئەورووپا و دۆزی کورد

بە بڕوای سەرۆکی پەژاک کە هەفتەی ڕابردوو لە برۆکسەل بەشداریی لە کۆنفرانسی ساڵانەی پەرلەمانی ئەورووپادا سەبارەت بە مەسەلەی کورد کرد، ئەو کۆنفرانسە گرنگە چونکە ئەورووپا بەوشێوەیە زانیاری دەربارەی دۆزی کورد وەردەگرێ و لەکاتی پەیوەندییاندا لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە ئەو زانیارییانە بەکاردێنن. ئەحمەدی لە هەڤپەیڤینێکی لەگەڵ (ڕووداو) دا لە ناو هۆڵی پەرلەمانی ئەورووپادا گوتی" مەسەلەی کورد مەسەلەیەکە کە بە بێ یارمەتی و پشتیوانیی دەرەکی زەحمەتە لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستاندا چارەسەر ببێت، بۆیە بەستنی کۆنفرانسی ئاوا هەمیشە ڕۆڵێکی گەورەیان هەیە". حاجی ئەحمەدی پێیوایە هەرچەندە بەرژەوەندی ئەورووپییەکان لەگەڵ دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان لە چاوەڕوانییەکانی کورد دەربارەی پاراستنی مافی مرۆڤ و دیموکراسی لەلایەن ئەورووپاوە گەورەترن" بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە دۆزی کورد لەوێدا هیچ ڕۆڵێکی نەبێ، دۆزی کورد ڕۆڵێکی زۆر گەورەی هەیە. لێ مخابن ئێمە کێشەیەکمان هەیە، ئەویش ئەوەیە کە یەکێتیی نەتەوەییمان نییە. ئێمە ئەگەر یەکێتیی نەتەوەییمان هەبێ، ئەو دەمی دەتوانین ستراتیژیی نەتەوەییشمان هەبێ. ستراتیژیی نەتەوەیی ئێمەش دەتوانێ زۆر کێشە دروستبکات بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەورووپا، ئەودەمی ئەوانیش ناچاردەبن کە زیاتر هەوڵبدەن بۆ چارەسەری دۆزی کورد".

حاجی ئەحمەدی بەبڕواوە گوتی "ساڵی 2008 پڕن لە سەرکەوتنەکانی ئێمە. ئایا چیدی دەبیستییەوە کە سیاسەتمەدارانی تورک بڵێن: خەلاسیان دەکەین یان لەناویان دەبەین؟ ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئێستا ناچارن چارەسەرێک ببیننەوە". گوتیشی مەرجی سەپاندنی ئەو چارەسەرییەش دروستنەبوونەوەی شەڕی کورد-کورد و دروستبوونی یەکێتی نەوتەوەییە .

### پارتەکانی ڕۆژهەڵات سەربەستیی بڕیاردانیان نییە

سەبارەت بەو هەوڵانەی هەن بۆ بەستنی کۆنفرانسێکی نەتەوەیی لە هەولێر، بە بەشداریی پارتەکانی پارچەکانی کوردستان، حاجی ئەحمەدی دەڵێت وەکو پەژاک هیچیان بە فەرمی بەدەست نەگەیشتووە، هەروەها دەڵێ سەرەتا دەگوترا دەبێ بەبێ بەشداریی پ ک ک و پەژاک ئەو کۆنفرانسە ببەسترێ، بەڵام " ئەوە جێگای خۆشحاڵییە کە لە ڕێگای مێدیاکانەوە بیستوومە دەڵێن، هەموو حیزبەکان، ئەوەشیان خستووەتە سەرێ کە PKKش دەتوانێت تێیدا بەشداربێت".

سەرۆکی پەژاک دەڵێ، ئەوان بۆ دروستکردنی یەکێتی نەتەوەیی و تەنانەت پێشتر و ئێستاش پەرۆشی دروستکردنی بەرەی کوردستانی بوونە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە کۆنگرەی دامەزراندنیان لە ساڵی 2004 دا، بانگهێشتی هەموو پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان کردووە "بۆ ئەوەی بەیەکەوە دابنیشین و دیالۆگ بکەین"، هەروەها دوای ڕاپەڕینەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵی 2005 دووبارە بەنامەی کراوە داوای ئەوەیان کردووە، دوای ئەوە لە کۆنگرەی دووەمیاندا بڕیاریاندا نامە بۆ هەموو حیزبەکان بنووسن و ڕاستەوخۆ بیاندەنە دەست "بەڵام بە داخەوە ئەوان دیسان هیچ وەڵامێکیان نەداینەوە، ئێمە ئەوەی لە تواناماندا بووە کردوومانە و لەوەودواش لەو پێناوەدا دەیکەین".

پەژاک لەکاتێکدا لەلایەن هەندێ لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە نەبوونی سەربەستی بڕیاردان تۆمەتباردەکرێ، حاجی ئەحمەدی هۆی وەڵامنەدانەوەی نامەو بانگەوازەکانی ئەوان لەلایەن حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بۆ دروستکردنی بەرە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە " دەتوانم بە ڕاشکاوییەوە بڵێم حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەو سەربەستییەیان نییە بتوانن بڕیاربدەن ".

# 14 سەربازی کورد لە سوریا دەکوژرێن

ڕووداو-قامشلۆ

ڕۆژی2009/2/5 خێزانی سەربازی کورد مەحمود حەنان خەلیل هەواڵی مردنی کوڕەکەیان پێگەیشت. مەحمود لە ناوچەی دەرعای سوریا ئەرکی سەربازی خۆی بە جێدەگەیاند. بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی فەرماندەیی سوپای سوریا داویەتییە خێزانەکەی، مەحمود حەنان کاتێک بەشەو لە ئێشکگری دا دەبێت بە شێوەیەکی نائەنقەست خۆی کوشتووە.

لاشەی ئەو سەربازە بەپەلە و بەبێ ئەوەی لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەنجامبدرێت لە گوندی کفرجەنەی سەر بە شاری عەفرینی ڕۆژئاوای کوردستان بەخاک سپێردرا.

لە ڕاپەڕینی ئاداری 2004ی ڕۆژئاوای کوردستانەوە تاوەکو ئێستا 14 کورد لەکاتی خزمەتی سەربازییدا لە نێو سوپای سووریادا بەشێوەیەکی تەمومژاوی گیانیان لەدەستداوە. کەس نازانێت ئەوانە چۆن و لەبەرچی بووە، بۆیەش کەسوکاریان و خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان لەو بڕوایەدان کە ئەوان لەبەر هۆی کوردبوون کوژراون . لە دوای هەموو ئەو 14 ڕووداوانە، فەرماندە سەربازییەکانی سوپای سووریا دەڵێن ئەوانە خۆیان کوشتووە.

مستەفا ئوسۆ لە ڕێکخراوی کوردی بۆ بەرگریکردن لەمافی مرۆڤ و ئازادییە گشتییەکان لەسووریا DAD لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) گوتی دیاردەی کوشتنی سەربازانی کورد لە ڕەوشی تاریک و نادیاردا هاووڵاتیانی کورد دەترسێنێ . ئۆسۆ گوتیشی ئەوان هیچ شتێک لەو دیاردەیە تێناگەن " ئێمە نازانین چ مەبەستێک لە دوای کوشتنی ئەو سەربازە کوردانەوە هەیە، بەڵام پرسیارێک کە خەریکمان دەکات ئەوەیە: بۆچی تا ئێستا تەنیا سەربازی کورد دەکوژرێن و عەرەب ناکوژرێن؟".

بەتایبەتی دوای ڕووداوەکانی 13ی ئاداری 2004 ی قامشلۆ و ڕاپەڕینی ڕۆژئاوای کوردستان بەگشتی کوردانی شارە گەورەکانی وەکو دیمەشق و حەلەب، 40 هاووڵاتی کورد کوژران و سەدانیش برینداركران و دەستگیرکران، چەوساندنەوەی گەلی کورد لەلایەن سووریاوە بەشێوەیەکی سەرەنجڕاکێش زیاتربووە. هەر لەو کاتیشەوە کوشتنی گەنجانی کورد لەکاتی سەربازیکردنیان دا دەستیپێکردووە لە ناوچە جیاجیاکانی سووریادا . تەنیا لەساڵی ڕابردوودا 8 سەربازی کورد لەنێو سووپادا کوژراون. بەکوژرانی محەممەد حەنان ژمارەی سەربازە کوژراوەکان لەمساڵدا بووە 3 سەرباز .

هیچ کەس و لایەنێکی بەرپرس هیچ لێکۆڵینەوەیەکی دەربارەی ئەو کوشتنانە ئەنجامنەداوە و ڕێ بە خێزانی کوژراوەکانیش نادەن داوای لێکۆڵینەوە بکەن، ئەمەش هاووڵاتیانی کورد دەخاتە ئەو گومانەوە کە سەربازانی کورد بەئەنقەست کوژراون. مستەفا ئۆسۆ چالاکڤانی مافی مرۆڤ لەو باوەڕەدایە کە سەربازانی کورد لەنێو سوپای سووریا ڕووبەڕووی ڕق لێبوونەوە و هێرشدەبنەوە. ئۆسۆ دەڵێ "خێزانی سەربازە کوژراوەکان باوەڕیان بەچیرۆکەکانی ڕژێم نییە، بەڵام ناتوانن هیچ بکەن".

ئەنجامدانی ئەرکی سەربازی کە ئەرکێکی ئیلزامییە، ئەو دیاردەیە مەترسییەکی زۆری خستووەتە نێو لاوانی کورد لە ئەنجامدانی ئەرکی سەربازی، ژمارەیەکی زۆر لەو لاوانەی هێشتا کاتی سەربازییان نەهاتووە هەوڵدەدەن لەسووریا ڕابکەن بۆ ئەوەی بە چوونە سەربازی خۆیان نەخەنە بەر کوشتنێکی تەمومژاوی .



## بەغدا دەیەوێ کەرکووک داگیربکا



ڕووداو-AP

◆ سەرۆکی حکوومەتی کوردستان، حکوومەتی بەغدای بەوە تۆمەتبار کرد کە دەیەوێت سوپای عێراق بەکاربێنێت بۆ دەستبەسەرداگرتنی شاری کەرکووک. لە لێدوانێکدا بۆ ئاژانسی ئەسۆشیەتێدپرێس نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکوومەتی کوردستان لەبارەی هاتنی فیرقەی 12 ی سوپای عێراق بۆناو کەرکووک گوتی "ئەمە کارێکی پرۆڤۆکەتیڤ و ئیستیفزازییە". بارزانی لە درێژەی قسەکانیدا گوتی جموجۆڵی ئەم دواییەی سوپای عێراق لەو ناوچەیە "بەمەبەستی دابینکردنی ئاسایش نییە" بەڵکو مەبەستیان "دەستبەسەرداگرتنی شارەکەیە بەشێوەیەکی سەربازیانە، ئەمەش بەهیچ شێوەیەک قبوڵ ناکرێت".

# کوردستان ئۆتۆنۆمی دەداتە مەسیحییەکان

## ئاشوورییەکان دەڵێن کێشەی ناومان نییە، بەڵام چاوەڕوانی ئەوەین مافی ئۆتۆنۆمیمان پێبدرێت لەدەستووری هەرێمی کوردستاندا

**ڕووداو- هەولێر**

حیزب و لایەنە مەسیحییەکانی کوردستان داوادەکەن لە دەستووری هەرێمی کوردستاندا مافی ئۆتۆنۆمیان لەو ناوچانەی کە تێیدا زۆرینەن بچەسپێنرێ و، سەرۆکی حیزبی نیشتمانیی ئاشووریش دەڵێت سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان بەو داوایە ڕازییە.

هەفتەی ڕابردوو عەدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند کە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان تەواو بووەو ڕەوانەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و لەڕێی ئەندامانی پەلەمانیشەوە ڕەوانەی لایەنە سیاسییەکان کراوە بۆ ئەوەی سەرنج و تێبینیی خۆیانی لەسەر بدەن.

عەدنان موفتی لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەڤانی هاوبەشدا لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەت، ڕایگەیاند کە یەکێک لەو خاڵانەی هێشتا یەکلانەکراوەتەوە، مەسەلەی دانانی ناوێکی هاوبەشە بۆ مەسیحییەکان لەو دەستوورەداو گوتی "ئەوان خۆیان لەوبارەوە ناکۆکن و دەبێت لەسەر ناوێکی یەکگرتوو ڕێکبکەون"، بەڵام لایەنە ئاشووریەکان ئەوە ڕەتدەکەنەوە کە لەسەر مەسەلەی ناو هیچ ناکۆکییەکیان لەنێوان دا هەبێ و دەڵێن هەموو لایەنەکان کۆکن لەسەرئەوەی بە (سریانی کلدانی ئاشووری) ناویان بهێنرێ، بەڵام کلدانەکان و بەتایبەتیش حیزبی نیشمانی کلدان کە ئەبلەحەد ئەفرام سەرۆکایەتی دەکات داوا دەکات کلدان وەک نەتەوەیەکی جیاواز لە ئاشووری حساببکرێ و، ئەوەش لە دەستووری هەمیشەیی عێراق دا چەسپا.

نەمرود بیتۆ سەرۆکی حیزبی نیشتمانیی ئاشووری بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ئەوەی لەدەستووری عێراقدا ڕوویداو ناوی مەسیحییەکان بە (کلدانی و ئاشووری) تۆمارکرا نایانەوێ لەدەستووری هەرێمی کوردستاندا دووبارە ببێتەوە " ئێمە یەک گەلین و دەمانەوێ ناوەکە لەدەستووری هەرێمی کوردستاندا بە (سریانی کلدانی ئاشووری) بێت بەبێ ئەوەی (و) یان فاریزە لەنێوان ناوەکان دابنرێ".

هەرلەوبارەوە، ڕۆمیۆ هەکاری سەرۆکی حیزبی بێت نەهرێن کە لەلیژنەی داڕشتنی دەستوور نوێنەرایەتی مەسیحییەکان دەکات، بۆ (ڕووداو) گوتی "هەموو لایەنەکانی گەلی (سریانی کلدانی ئاشووری) زیاتر لە شەش مانگە بەشێوەیەکی فەرمی یاداشتنامەمان داوەتە لیژنەی نووسینەوەی دەستوور، ماددەی 6ی پرۆژەکە دەڵێت گەلی کوردستان پێکهاتووە لە کوردو تورکمان و کلدان و ئاشووری و ئەرمەن و بەمشێوەیە تێکەڵ کرابوو، ئێمە دژی ئەو بڕگەیەین و پێشنیازمان کردووە کە بنووسرێ خەڵکی کوردستان پێکهاتووە لە کورد و گەلی (کلدانی سریانی ئاشووری) و تورکمان و ئیدی چ نەتەوەیەکی دیکە زیاد دەکرێ ئەوە لیژنەکە ئازادە، بەڵام ئەوەی کە ئێمە بکرێین بە سێ نەتەوە ئەوە قابیلی قبووڵکردن نییەو پێمانوایە زوڵمێکە لەئێمە دەکرێ وەک چۆن لەدەستووری عێراقدا ئەو زوڵمە لەئێمە کراو بەئەنقەست ئێمە کراین بە زیاتر لە دوو نەتەوە".

ڕۆمیۆ هەکاری داوای کرد "ئەو هەڵەیەی لەدەستووری عێراقدا کراوە ڕاست بکرێتەوە" گوتیشی "ئەگەر بڵێین دەبێت ناوەکە بەوشێوەیە بێت کە لەدەستووری عێراقدا هاتووە بەڕاستی ئەوە بیانووە بۆئەوەی جارێکی دیکە زوڵم لەئێمە بکرێ".

نەمرود بیتۆ ڕایگەیاند کە هەموو لایەنە مەسیحییەکان کۆکن لەسەرئەوەی ڕەشنووسی دەستوورەکە پێش ئەوەی دەستکاری بکرێت لەئاستی پێویستدا نەبووە لەڕووی گرەنتیکردنی مافەکانیان و لەڕووی ناونانیشیانەوە. بەڵام گوتی "پاش ئەو یاداشتنامەیەی دامانە پەرلەمان، لەسەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرکردایەتی هەردوو حیزبەکەشەوە دڵنیاکراینەوە کە داخوازییەکانی ئێمە لەو پرۆژەی دەستوورەدا جێگیر دەکرێن بە مافی ئۆتۆنۆمیشەوە".


سەبارەت بەداوای مافی ئۆتۆنۆمی، مانگی ئایاری ساڵی ڕابردوو، لایەنە مەسیحییەکان پێشنیازێکیان پێشکەشی لیژنەی داڕشتنی دەستوور کرد کە یەکێک لەخاڵەکانی بریتی بوو لە دامەزراندنی ناوچەیەکی ئۆتونۆم لەدەشتی نەینەوا. پێش ئەوەش سەرگیس ئاغاجان، وەزیری دارایی ئەو پێشنیازەی کرد. بەڵام ڕۆمیۆ هەکاری ئەوەی ڕەتکردەوە کە ئەوان داوای ناوچەیەکی دیاریکراویان کردبێت و گوتی "ئەوەی ئێمە داوای دەکەین ئۆتۆنۆمییە نەک هەرێمێکی ئۆتۆنۆم، ئێمە داوای ئۆتۆنۆمی دەکەین لەناوچە مێژووییەکانی گەلی خۆمان کە تائێستاش گەلی ئێمە تێیاندا زۆرینەن، بۆنموونە لەقەزای قەرەقۆش، واتە حەمدانییەو ناحیەی بەرتلەو ئەلقۆش و تلکێف و ئەو شوێنانە، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لەهەفتەی ڕابردوو سەلماندی کە گەلی ئێمە لەو ناوچانە زۆرینەیە، ئەوەی ئێمە داوای دەکەین ئەوەیە کە خەڵکی ئێمە لەو ناوچانە مافی خۆبەڕێوەبردنی هەبێت بەپێی سیستەمی ئۆتۆنۆمی". هەرچەندە ڕایەک هەیە کە دەڵێت بڕیاردان لەسەر ئۆتۆنۆمی لەدەسەڵاتی فیدراڵییە نەک هەرێمەکان، بەڵام ڕۆمیۆ هەکاری گوتی "لەسیستەمی فیدرالیدا دەکرێ چەندین هەرێم هەبێت و لەناو هەرێمەکانیشدا ناوچەی ئۆتۆنۆمی هەبێت".

هەر لەوبارەوە نەمرود بیتۆ ڕایگەیاند کە ئەوەی ئەوان داوای دەکەن دانپێدانانە بەمافی ئۆتۆنۆمی وەک مەسەلەیەکی مەبدەئی و گوتی "ئەوەی ئێمە دەمانەوێ ئەوەیە کە ئەو دەستوورە بڵێت ئەم گەلە مافی ئەوەیان هەیە، مەرج نییە سنووری جوگرافی ئەو ناوچە ئۆتۆنۆمە دیاری بکات، بەڵام دانانان بەمافی پێکهێنانی ناوچەی ئۆتۆنۆم بۆ گەلی سریانی کلدانی ئاشووری شتێکی گرنگە، ئیدی وردەکارییەکانی دیکەی وەک ئەوەی ئایا ئەو ناوچەیە لەکوێ دەبێت و سنوورەکەی و دەسەڵاتەکانی کامانەن، ئەو شتانە عادەتەن لەدەستووردا باس ناکرێن، دەستوور تەنیا بڕیار لە شتە مەبدەئیەکان دەدات".

نەمرود بیتۆ هەروەها ڕایگەیاند کە ئەوان هێشتا داڕشتنی کۆتایی پرۆژەی دەستوورەکەیان نەبینیوە، بەڵام بەپێی ئەو ئاماژانەی لەسەرکردایەتی سیاسی کوردستانەوە بەوان گەیشتووە، چاوەڕوان دەکەن پرۆژەی دەستوور مافەکانی ئەوانی بەتەواوی گرەنتی کردبێت. جەختیشی لەوە کردەوە کە"حەزناکەین بە مەسیحی ناوبنرێین، ڕاستە بەئاین مەسیحین، بەڵام داوای مافی مەسیحیبوون ناکەین، واتە مەسەلەکە نەتەوەییە نەک ئاینی، مافەکانی ئێمە لەڕووی ئاینییەوە وەک خوداپەرستی و ئەو شتانە تەواو دابینکراوەو هیچ کێشەیەکمان نییە، ئەوەی ئێمە دەمانەوێ ئەوەیە کە مافەکانمان وەک نەتەوە دیاری بکرێ نەک وەکو گرووپێکی ئاینی کە بەدروستکردنی چەند کڵێسایەک و دابینکردنی ئازادیی نوێژکردن و ڕۆژوگرتن کۆتایی دێت".

لای خۆیەوە، ڕۆمیۆ هەکاری سەرۆکی حیزبی بێت نەهرێن ڕایگەیاند کە لەهەوڵی ئەوەدان پشتگیریی هەموو لایەک بۆ مافەکانیان بەدەست بێنن، گوتیشی "تائێستا هەرسێ سەرۆکایەتی لەهەرێمی کوردستاندا پشتگیرییان لێکردووین بەمافی ئۆتۆنۆمیشەوە" .شێروان حەیدەری سەرۆکی لیژنەی داڕشتنی دەستوور لەپەرلەمانی کوردستان دووپاتیکردەوە کە بەپێی داڕشتنی کۆتایی پرۆژەکە، مەسیحییەکان لەوناوچانەی زۆرینەن مافی خۆبەڕێوەبردنیان هەیە، بەڵام ڕۆمیۆ هەکاری ئەوەی ڕەتکردەوە "مافی ئۆتۆنۆمیی تێدا نییەو داوادەکەین جێگیر بکرێت".

سەرۆکی حیزبی بێت نەهرێن پشتگیریی لەسیستەمی (کۆتا) کرد بۆ هەڵبژاردنەکان و گوتی "لەگەڵ ئەوەین سیستەمی کۆتا هەبێت، واتە تایبەتمەندی هەبێت، بەڵام بەشێوەی ساڵی 1992 نا، چونکە تائێستا بەشێوەیەکی فەرمی جێگیر نەکراوە کە دەبێت گەلی کلدانی سریانی ئاشووری پێنج ئەندامی هەبێت لە پەرلەمان، ئێمە داوادەکەین پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردن ئەمە بچەسپێ و بەشێوەیەکی هەمیشەیی پێنج نوێنەرمان لەپەرلەمان هەبێ و ئەم تایبەتمەندییە



ئاشوورییەک لەکاتی ریزبەستنی بۆ دەنگدان لەهەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پاریزگاکان (فۆتۆ:AFP)

## پسپۆڕێکی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بۆ (ڕووداو):

# پاڵپشتی ئەمریکا هۆکارێکی سەرکەوتنی مالیکی بوو

**یاریکردنی منداڵان لەسەر شەقامەکانی بەغدا، شانازی باشبوونی ڕەوشی ئەمنییان وەک شانازییەکی حکومەتی مالیکی پیشانی جیهان دا، جۆن فیفەر پسپۆڕی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکاش پێیوایە ئەمریکا بۆ دڵنیایی پاش کشانەوەی هێزەکانی پێویستی بە سەرکردەیەکی بەهێزە بۆ عێراق.**

**نامۆ عەبدوڵڵا**
**ڕووداو-هەولێر**

بەپێی دوایین ئەنجامە سەرەتاییەکانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لیستی دەوڵەتی یاسای نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق، سەرکەوتنێکی گەورەی لە زۆر پارێزگای عێراق دا بە دەستهێناوە. سەرکەوتنی ئەم لیستە شیعەیە لە عێراق بەدیوەکەی دیکەیدا مانای شکستی لیستی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامییە کە عەبدولعەزیز حەکیم سەرۆکایەتی دەکات. ئەم سەرکەوتنە مشتومڕێکی زۆری لە نێوەندی سیاسی و میدیای جیهانیدا ناوەتەوە.

بەپێی دوایین ژماردنی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، مالیکی لە 9 پارێزگادا لە کۆی 14 پارێزگاکە پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە.

ئەم بردنەوە گەورەیەی مالیکی هێزێکی گەورەی پێدەبەخشێت تاوەکو خۆی بە دڵگەرمییەوە بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان ئامادەبکات کە لە کۆتایی ئەمساڵدا ئەنجامدەدرێ، کە نەمان و مسۆگەرکردنی خولێکی دیکەی دەسەڵاتداری مالیکی پێوە بەندە.

جۆن فیفەر پسپۆڕ لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و جێگری سەرۆکی ئەنستیتۆتی FPIF بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە لەم کاتەدا "ئەمریکا بەدوای سەرکردەیەکی بەهێزدا دەگەڕێت بۆ عێراق."

فیفەر هۆکاری ئەمەی بۆ خاڵێک گەڕاندەوە کە ئەمریکا "لەکاتێکدا ئێستا لە پلانیدایە لە ماوەی 16 مانگدا سەربازەکانی لە عێراق بکشێنێتەوە، بەدوای کەسایەتییەکی بەهێزدا دەگەڕێت، بۆ ئەوەی لە کاتی کشانەوەی سەربازەکانیدا دەسەڵاتی بەدەستەوەبێت تاوەکو بتوانێت ڕێگە لە سەرهەڵدانی هەر توندوتیژییەک بگرێت".

سەبارەت بە هۆکارەکانی سەرکەوتنەکەی مالیکی، جۆن فیفەر، کە نووسەر و ئیدیتەری هەشت پەرتووکی بەنێوبانگە لە ئەمریکا، ئاماژەی بەوەکرد کە "مالیکی لەگەڵ ئەوەی خۆی خاوەنی پارتێکی بەهێزە، پاڵپشتیکردنی ئەمریکا هۆکارێکی گەورەبوو کە لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتن بەدەستبێنێت".

بەڵام چاودێرە سیاسیەکانی دیکە سەرەڕای ئەو هۆکارەی فیفەر ئاماژەی پێدا، باس لە چەند هۆکارێکی دیکەش دەکەن.

بەلای هەندێکەوە گرنگترین هۆکاری سەرکەوتنی مالیکی ئەو گۆڕانەبوو کە لە هەڵوێست و کردوەکانیدا لەساڵی ڕابردوودا ڕوویاندا، بە تایبەتی لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا . مالیکی هەرچەندە سەرکردایەتی پارتێکی فەندەمێنتاڵی شیعە دەکات کە ئەویش حیزبی دەعوەیە، بەڵام ئەم سەرکردەیە زیاتر خۆی وەک کەسێکی قەومی پیشاندەدات، کە وایکردووە زۆر دەنگ هەم لە عەلمانییە شیعەکان و هەم سوننەکانیش بەلای خۆیدا رابکێشێت .

زیاد لەمانەش، سوننەکان زیاتر کەیفیان بەو هەڵوێستە دژە فیدرالیەی مالیکی دێت، کە داوای گۆڕینی دەستوور دەکات بۆ بەهێزکردنی حکومەتی ناوەندی و کەمکردنەوەی دەسەڵاتی هەرێمەکان . سوننەکان نایانەوێت بەتایبەتی نەوت وەکو گرنگترین سەرچاوەی داهاتی وڵات بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی هەرێمەکانەوە، بەهۆی نەبوون یان هەبوونی ڕێژەیەکی زۆر کەمی نەوت لە ناوچە سوننە نیشنەکاندا، بە پێچەوانەی هەرێمی شیعەکان، بەتایبەتی بەسرە و، هەرێمی کوردستانیش کە زیاتر لە95% ی نەوتی عێراق دەکەوێتە ئەو دووناوچەیە.

هۆکارێکی دیکەی پشت بردنەوەی مالیکی دروستکردنی ئەنجوومەنەکانی ئیسنادبوو. ئەم ئەنجوومەنانە وەکو چۆن پێشتر لێکدرایەوە کە مالیکی بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی خۆی دروستیکردوون، ڕۆڵێکی گەورەیان گێڕا لە کۆکردنەوەی دەنگ بۆ لیستی ئەم سەرۆک وەزیرانە شیعەیە لە نێوچە سوننە نشینەکان دا. جگە لەوەش کە دەگوترێ پارەو دەسەڵاتی حکومەتی بۆ دەنگ کۆکردنەوە بۆ لیستەکەی بەکارهێناوە.

ئەم ئەنجوومەنانەی ئیسناد کە ساڵی ڕابردوو مالیکی دروستیکردن، ناڕەزایی لە نێو هەردوو لایەنی کوردی و ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی دروستکرد.

پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا ناڕەزایی خۆیانیان نەشاردەوەو ئەم ئەنجوومەنانەیان بە فەوجە جاشەکانی سەردەمی سەددام شوبهاند.

کەشوهەوای ئارامی هەڵبژاردنەکان شانازییەکی گەورەی بەخشییە مالیکی، لەبەرچاوی ئەمریکییەکان و تەواوی جیهاندا. میدیاکانی ئەمریکا گرنگییەکی زۆریان بە یاریکردنی کۆمەڵێک منداڵی بەغدادا، کە لە ڕۆژی هەڵبژاردندا لەسەر یەکێک لە شەقامەکان خەریکی یاری تۆپی پێ بوون.

بەردەوامی ئەم ئارامییە، ئەو ئاماژەیە دەداتە ئۆبامای سەرۆکی ئەمریکا کە کات بۆ کشانەوەی سەربازەکانی گونجاوە.

هەرچەندە مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا لە شاری کوێتی پایتەخت ڕۆژی 6 ی ئەم مانگە هۆشداری ئەوەی دا کە کشانەوەی سەربازەکانی ئەمریکا چەندین کارەساتی بەدواوە دێت وەکو شەڕی ناوخۆ.

هەفتەی ڕابردوو ئۆباما بەرەو پنتاگۆن بەڕێکەوت تا تاوتوێی پلانێک بکات بۆ کشانەوەی ژمارەیەکی زۆر سەرباز لەو 140،000 سەربازەی ئەمریکا کە ئێستا لە عێراقدان . بەپێی وتەی بەرپرسانی ئەمریکا وابڕیارە هاوینی ئەمساڵ سەربازانی ئەمریکا لە نێو شارەکان بکشێنەوە بەرەو دەرەوەی شارەکان.

کشانەوەی سەربازەکان بۆ دەرەوەی شارەکان تێستێک دەبێت تابزانرێت ئایا لە نەبوونی سەربازانی ئەمریکادا، ئەم سەقامگیرییەی عێراق بەردەوام دەبێت .

بەڵام ڕۆبێرت گیبزی سکرتێری ڕۆژنامەڤانی کۆشکی سپی لە بارەی کشانەوەی سەربازەکانەوە بە نیویۆرک تایمزی وت "ئێمە هیچیتر مشتومڕمان لەسەر ئەوە نییە کە دەکشێینەوە یان نا، بەڵکو گفتوگۆ لەسەر ئەوە دەکەین کە چۆن و کەی بکشێینەوە، ئەمە پرۆسەیەکە کە سەرۆک دەیەوێت بە جدی وەریبگرێت".



جۆن فیفەر جێگری سەرۆکی ئەنستیتۆتی FPIF

هەرچەندە نوری مالیکی سەرکەوتنەکەی گەورەیە، بەڵام هێشتا هێندە گەورە نییە کە بتوانێت بە تەنیا ئەسپی خۆی تاوبدات. مالیکی هێشتا پێویستی بە بەستنی هاوپەیمانێتییە. بەڵام پرسیاری ئایا لەگەڵ کێدا هاوپەیمانی دەبەستێت و کێ جارێکی تر متمانەی پێدەکاتەوە، وەڵامەکەی نادیارە.

جۆن فیفەر، پسپۆڕی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا پێیوایە "پێویستە مالیکی کراوەبێت بۆ هەموو لایەک و هاوپەیمانی لەگەڵ زۆر لایەندا ببەستێت، بارودۆخی وڵات نائارامە، مالیکی جۆرێک نوێنەرایەتی ئەو سەقامگیرییە دەکات بۆیە دەبێت کراوە بێت بۆ هەموو لایەک تاسەقامگیری وڵات نەدۆڕێنێت".

بەڵام فیفەر دواتر دەڵێت هاوپەیمانیکردنی مالیکی لە ناوەوە لە گەڵ هەر یەکێک لە لایەنەکاندا ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە وڵاتانی ئیقلیمییەوە هەیە.

"هاوپەیمانێتیەکە پشت بە جیۆپۆڵەتیک و ئەو بارودۆخە دەبەستێت کە دوای کشانەوەی سەربازەکان دێتەپێش. هەروەها پشت بە هەبوونی پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران دەبەستێت، پاشان پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ عێراق و کوردستان".

ئێستا چوار پارێزگا ماوە هەڵبژاردن بکەن ئەوانیش سێ پارێزگاکەی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کەرکووکە. سەبارەت بە کەرکووک پێشبینیەکان باش ناڵێن. هەندێک ترسی هەڵگیرسانی شەڕی هەیە لە نێوان عەرەب و کورددا لەسەر دەرەنجامی هەڵبژاردنەکان لەو شارە.

ئەنجامدانی هەڵبژاردنی کەرکوک ئەوەش ڕووندەکاتەوە کە ئایا کەرکوکییەکان دەیانەوێت بێنەوە سەر هەرێمی کوردستان یان نا.

فیفەر لەبارەی کەرکووکەوە وتی "لەکەرکووک هەموو لایەنەکان خەریکی تۆمەتبارکردنی یەکترین بە گەندەڵی و شەڕ و ئاشوبی ناو کەرکووک و هەنگاونان بەرەو دەستگرتن بەسەر سامانی نەوتی شارەکەدا".

تێگەیشتنی فیفەر بۆ دیموکراسی پێماندەڵێت کە ئاکامی هەڵبژاردنەکانی کەرکووک دەکرێت توندوتیژی لێبکەوێتەوە.

"ئەو ناوچانەی کە بەسەر چەند باڵێکی بەهێزدا دابەشبوون، لە ڕاستیدا هەڵبژاردن دەکرێت ببێتە هۆی دابەشبوون. ئەمە لە چەندین ناوچەی جیهاندا ڕوویداوە، ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە کاتی ناسەقامگیری و فرەباڵیدا زۆر پێدەچێت بە توندوتیژی کۆتایی بێت".

## مەلا حەسەنی بۆ (رووداو):

# پەیوەندیم لەگەڵ ئاغایان تاڵەبانی و بارزانی باشە



**فیدراڵی لەگەڵ عەقڵ و دین و مەزهەب ناگونجێت**





**مەلیک عەبدوڵڵا شەراب خۆرە**

مەلا حەسەنی لە کاتی خوێندنەوەی پرسیارەکانی رووداو دا

(فۆتۆ: رووداو)

**بۆتان تەحسین**
**رووداو-ورمێ**

دوای سێ رۆژ بەدواداچوون و چاوەڕوانی دواجار لە حەوزەی ورمێ توانیم بگەمە دیداری پێشنوێژ و وتاربێژی هەینی ورمێ، کە بە "ئیمام حەسەنی" ناسراوە و، نوێنەری عەلی خامنەیی رابەری کۆماری ئیسلامییە لە ئوستانی ئازربایجانی رۆژئاوا. هەر لەگەڵ گەیشتن بۆ مەیدانی حەوزە یەکێک لە یاوەرانی پێشی لێگرتم و بە وردی کامێراکەمی پشکنی و پێیگوتم "لەبەر ئەوەی لەعێراقەوە هاتووی دەبێت کامێراکەت چاک بپشکنم نەوەک ئیمام حەسەنیش بەدەردی ئەحمەد شا مەسعود ببەن". دواتر پاساوی بۆ ئەم قسەیە هێنایەوە و گوتی" چەندین جار هەوڵی تیرۆرکردنی دراوە و ئێستاش ساچمەی ئەو هەوڵانەی لە لەشدا ماوە".

لە نووسینگەی ئیمام حەسەنی وەژوور کەوتم، مرۆڤێکی چوارشانە بەبێ بزوتن لە جێی خۆی بەخێری هێنام و ئەو پرسیارانەی لێوەرگرتم کە وەرگێڕدرابوونە سەر زمانی فارسی.

ئیمام حەسەنی کە ناوی راستەقینەکەی غولام رەزایە و، ئازەرییە و لە ورمێ لە دایکبووە، ماوەی 10 دەقیقە بە کپی دانیشت و هیچ قسەیەکی نەکرد، دواتر بە بێ پێشەکی هاتە سەر وەڵامی پرسیارەکان، پرسیاری یەکەمم تایبەت بوو بە گۆڕانکارییەکانی ئێران دوای سی ساڵ تێپەڕبوون بەسەر شۆڕشی ئیسلامی ئێران و ئاستی وەدیهاتنی "ئامانجەکانی ئینقلاب"، پێموابوو بەدوورودرێژی ئاماژە بۆ ئامانجەکانی دەکات، بەڵام ئیمام حەسەنی بە یەک رستە گوتی" لە نێوان 65تا 70% ئامانجەکانی شۆڕش وەدیهاتوون"، پرسیاری دووەمیشم کە پەیوەندی بە ئاستی لێک نزیکبوونەوەی نەتەوە و نەژاد و مەزهەبەکانی ئێرانەوە هەبوو لەدوای سی ساڵ، وتاربێژو پێشنوێژی ورمێ وەک پرسیاری یەکەم بە رستەیەک وەڵامی دایەوە، بەڵام 5 پلەی بۆ رێژەکە زیادکرد و گوتی" شۆڕش توانی بەرێژەی 70تا75% یەکریزی نەتەوە و مەزهەب و ئاینەکانی ئێران رابگرێت".

پرسیاری سێیەم تایبەت بوو بە تێڕوانینی حەسەنی بۆ فشارەکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران، لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا کەمێک بە درێژتر هاتە وەڵام و گوتی" ئەگەر بە مێژوودا بچینەوە، لە کۆنەوە دۆخەکە هەروابووە، لە دەورانی پێغەمبەرانی ئاسمانی

## مریەم بە ناشەرعی لەگەڵ مەسعود رەجەوی دەخەوێت

مەلەکوتیش هەر وابووە، موستەکبیران شەڕیان بە پێغەمبەر و کوڕانی پێغەمبەر و رێبازی پێغەمبەر فرۆشتووە، ئەمریکاش بەهەمان شێوەی ئەو موستەکبیرانە گێچەڵ دەفرۆشێت، کاسە هەمان کاسەیە، ئاشیش هەمان ئاشە، ئەمریکاش نەمێنێت ئەو ئێش و ئازارە هەر دەمێنێت، بەڵام ئێمەین کە دەبێت بە رێژەی 100% یەکگرتوو بین، تاوەکو لێ نەگەڕێین ئەمریکا ئەو هەڵانە ئەنجامبدات".

ئیمام حەسەنی کە یەکێکبووە لە کەسە نزیکەکانی خومەینی و هەمیشە بە چەکەوە چووەتە دیداری ئەو، رقێکی زۆری لە سەدام بوو، کە لێم پرسی رات بەرامبەر رووخانی سەدام بەدەستی ئەمریکا چ بوو گوتی" لەنێوچوونی سەدام جەژنێکی گەورەی موسڵمانان بوو، سەدام ئەگەرچی کوڕی دایک و باوکێکی موسڵمان بوو، بەڵام لە دین لایدابوو، یەکێکی کریستیان یان مونافیقی بێ ئاین لەو باشتر بوو، هەم بۆ ئێمە، هەمیش بۆ عێراق لاچوونی جێی خۆشی بوو، گەنجێکی زۆری لەهەردوولا بەکوشتدا، ئەو بۆردومانەی ئەو کردی قەت نەکراوە، ئێمە 80%ی رووخانەکەی بەچاک دەزانین، برایانی موسڵمانیش لە عێراق ئەم کارە بەباش دەزانن".

رێگە چارەی فیدراڵی عێراق یەکێکبوو لە پرسیارەکان، پێشنوێژو وتاربێژی هەینی ورمێ دژی فیدراڵی بوو، لەمبارەیەوە گوتی" دەوڵەتێکی بێدین (لایک) کە هەموو دونیا هەڵبسوڕێنێ چ ئێران بێت یان عێراق هەمووان دەچەوسێنێتەوە، حکومەتی فیدراڵیش یەکێک لەو زوڵمانەیە، بۆیە سەرکەوتوو نابێت، چونکە میللەتی عێراق میللەتێکی موسڵمانە و حکومەتێکی موسڵمانی دەوێت، حکومەتی فیدراڵی لە زۆر شوێنان هەیە، بەڵام جگە لە براکوژی و چەوساندنەوەی میللەتان هیچی نەکردووە و کاری چاکیش ئەنجام نادات، لەبەر ئەوە دامەزراندنی حکومەتی فیدراڵ نە لەگەڵ عەقڵ دەگونجێت نە لەگەڵ دین و مەزهەب، لەبەرژەوەندی عێراقیش دا نییە".

قسەکانی تەواو نەکردبوو، کە بانگی نیوەڕۆی دا، بۆیە هەڤپەیڤینەکەی دواخست، پێموابوو دەچێتە هۆڵی گەورەی حەوزە بە کۆمەڵ نوێژ دەکات، بەڵام هەر لەوێ چووە سەر قەنەفەیەک و نوێژی دابەست.

دواتر هاتینەوە سەر پرسیارەکان و پێمگوت لەم دواییەدا چەند نێوەندێکی ئاینی سوننی رێوڕەسمی عاشوورایان بە کارێکی نائاینی و بیدعە لەقەڵەمدا، هەندێ نێوەندی شیعەش لە کەربەلا و نەجەف بەم کارە نیگەران بوون، رای ئیمام حەسەنی چییە، ئەویش لە وەڵامدا گوتی" بڕواناکەم ئەو قسانە بیروڕای زانایانی ئەهلی سوننە بێت، ئەوانەی ئەو قسانە دەکەن وەهابین، مەزهەبی سوننەش بە حەنبەلی و شافیعی و حەنەفی ئیمام حوسێنیان خۆشدەوێت و بە نەوەی پێغەمبەری دادەنێن و پێغەمبەریش بە کوڕی خۆی زانیوە". هەر لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا بەخەستی هێرشی کردە سەر وەهابییەکان و گوتی" وەهابی سەڵاوات بۆ گیانی پێغەمبەر بەڕەوا نازانن و پێیان شیرکە، خودا خۆی فەرموویەتی (ان الله و ملائكته يصلون على نبي، يا ايها الذين امنوا صلوا عليه وسلموا تسليما) ئەگەر بەقسەی ئەوان بێت خودا موشریکە و مەلائیکەت و جوبرایلیش موشریکن، کە سەڵاوات لەسەر پێغەمبەر لێدەدەن، ئێمە ئەوان بە زانا نازانین، لە لای ئێمەش بەهابیەکان (لەعنەتی خوایان لێ بێت) ئەو ئایەتە بە لاواز دادەنێن و بەگومانەوە سەیری دەکەن، ئەمەش سەیرە کەسێک موسڵمان بێت و لە ئایەتێک بە گومان بێت".

دواتر هاتە سەر رژانی خوێنی ئیمام حوسێن کە هەندێ کەس ئەو رێوڕەسمە بە بیدعە دادەنێن و گوتی" رێوڕەسمی عاشورا شتێکە ئیسلامی لەسەر رێ راگرتووە، ئەگەر خوێنی ئیمام حوسێن نەبوایە ئیسلام ئێستا خەبەرێکی نەبوو، ئەو بە خوێنی خۆی ئیسلامی راگرت، ئەگەر ئەو خوێنە نەڕژابوایە ئیسلامێک نەدەما، قورئانی بە پارێزراوی هێشتەوە و ئال بەیت (عگرە) پارێزراو بوو، شاری پیرۆزی پاراست".

پرسیارێکی دیکەش تایبەت بوو بەو دەنگۆیانەی لەلایەن هەندێ ناوەندی عەرەبییەوە بوو لەبارەی هەوڵی ئێران بۆ دروستکردنی کەوانێکی شیعە لە لوبنان تا سوریا و عێراق لە وەڵامدا گوتی" ئێمە پلانێکی وامان نەبووە، ئەوان بەهەڵە تێگەیشتوون، ئێمە لەگەڵ برادەرانی ئەهلی سوننە پەیوەندیمان زۆر باشە، ئەوان برای ئاینی ئێمەن، رەچاوکردنی ئەوان وەک سعودیە و ئال سعود نییە، ئەگەر سعودیە وەهابی بن ئێمە لەگەڵیان پێک نایێین و ئەوانمان قبوڵ نییە، با واز لە وەهابیەت بێنن، ئەوکات دادەنیشین و وتوێژ دەکەین، ئەوە ئەرکی ئێمەیە رێز لە هەر یەکێک بگرین، کە لە رۆژئاوا و رۆژهەڵات بڵێت (لا اله الا الله محمد رسول الله)، رێز لەگیان و ناموسیان دەگرین، جا چ لە لوبنان بێت یان عێراق یان کوێت هەمان شتە". دواتر کەوتە هێرشکردنە سەر شا عەبدوڵڵای شای ئوردن و گوتی" غەزە بۆردومان دەکرێت

## ئەگەر بێمە عێراق دەمکوژن

ئەویش شەراب دەخواتەوە، بیروباوەڕی ئەو ئیسلامی نییە، کەسێک دۆستی ئەمریکا بێت و دان بە ئیسرائیل بنێت ئێمە ناتوانین بڵێین موسڵمانە، تەنانەت ناتوانین وەک ئینسانیش سەیری بکەین، چونکە ئیسلام شتێکە و ئینسانیەتیش شتێکی دیکە".

کاتێکیش قسەکانی تەواو کرد پێمگوت شا عەبدوڵڵا دەڵێ" ئێمە نەوەی پێغەمبەرین و لە بنەماڵەی هاشمیەکانین"، کەمێک بە هەڵچوونەوە گوتی" شا عەبدوڵڵا درۆ دەکات، بە چ بەڵگەیەک دەیسەلمێنن، ئێمە دوازدە ئیمامان هەیە، یەکەمیان ئیمام عەلی ئەمیرلموئمینینە رەزای خوای لێ بێ، دواهەمینیشیان ئیمام زەمانە، دەچێتەوە سەر کام لەم نەسڵانە، بۆ ئەوەی بگاتەوە سەر رەچەلەکی پێغەمبەر، رەچەلەکی ئەوان لەساداتی پێغەمبەر نییە".

دواتر هاتینە سەر پرسیارێکی تایبەت بە موجاهیدنی خەلق و تێڕوانینی ئەو بەرامبەر ئەو رێکخراوە بەرهەڵستکارەی ئێران، لە وەڵامدا گوتی" ئەوان موجاهیدین نین مونافقینی خەڵقن، ئەوانە ئیسلامیان قبوڵ نییە و پێغەمبەریشیان قبوڵ نییە، خانم مریەم ژنی ئەبشەمسیی بوو، هێشتا تەڵاقی نەدابوو سێ مانگیش بەسەر جیابوونەوەیان تێنەپەڕیبوو، چوو لەگەڵ مەسعود رەجەوی نووست و شووی پێکرد، لە رووی شەریعەت و یاساوە چۆن دەبێت لەگەڵ ئەو پیاوە بخەوێت، ئەمە زینای موسەلەمە و لازمە هەم رەجەوی و هەم مریەم بکوژرێن، ئەگەر مێردەکەی قەبوڵی دەکات ئەویش مورتەدە، ئەگەر رازیش نییە دەبێ داوا لە ئەهلی موسڵمانان بکات ژنەکەی لەدەست زیناکاری رزگار بکات".

سەبارەت بە هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ سەرکردەکانی باشووری کوردستانیش، نوێنەری رابەری کۆماری ئیسلامی ئێران گوتی" من پەیوەندیم لەگەڵ ئاغایان تاڵەبانی و بارزانی باشە، پێشتریش پەیوەندیم لەگەڵ خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانی زۆرباش بوو، ئێمە برای ئێوەین دەبێت هاتووچۆمان هەبێت، سەردان و پەیوەندی بۆ هەردوولا گرنگن و دەبێ بەردەوامی بەو پەیوەندییانە بدەین".

بەڵام لەگەڵ ئەو جەختکردنەی لە سەر بەردەوامی هاتووچۆی نێوان هەردوولا، خۆی هێشتا سەردانی عێراقی نەکردووەو دەڵێ" زەمانێکە گرووپەکانی دژ بە ئێمە لە عێراقن، من سەردانی ئیمام حوسێنم لەخۆم قەدەخە کردووە، ئەگەر بێم دەمکوژن، چونکە چەکم پێ نییە، بەڵام لێرە دەتوانم رووبەڕوویان ببمەوە چونکە چەکم پێیە".

# لەعێراق بەرپرسانی باڵای دەوڵەت بە خۆیان مووچەکانیان دیاری دەکەن

**رووداو- ایلاف**

دادوەر رەحیم عگێلی سەرۆکی دەستەی نەزاهە لەعێراق رایگەیاند کە بەرپرسە باڵاکانی دەوڵەت وەک سەرۆک کۆمارو سەرۆک وەزیران خۆیان مووچەی خۆیان دیاری دەکەن، گوتیشی "تائێستا ئەو ماددەیەی دەستوور جێبەجێنەکراوە کە دەڵێت مووچەی سەرۆک کۆمارو سەرۆک وەزیران و وەزیرەکان و سەرۆک و ئەندامانی پەرلەمان بەیاسا رێکدەخرێن".

عگێلی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ماڵپەری (ایلاف) ئاماژەی بە مەترسییەکانی ئەو گەندەڵییە کرد کە لەنێو داوودەزگاکانی حکومەتی عێراقدا تەشەنەی کردووەو رایگەیاند کە هەندێک لە بەرپرسانی باڵای دەوڵەت ئەو گەندەڵییە دەپارێزن.

میسال ئالووسی سەرۆکی حیزبی ئوممەی عێراقی و پەرلەمانتاری سەر بەلیستی (العراقيه) پێشتر بە (رووداو)ی راگەیاندبوو کە مووچەو دەرماڵەی مانگانەی هەریەک لە سەرۆک کۆمارو سەرۆک وەزیران و جێگرەکانیان یەک ملیۆن دۆلارەو فوئاد مەعسوم سەرۆکی فراکسیۆنی هاوپەیمانیی کوردستانیش ئاشکرای کرد کە مووچەی خانەنشینیی مەحموود مەشهەدانی سەرۆکی پەرلەمان 40 هەزار دۆلارە، ئەوەش لەکاتێکدایە کە دەیان هەزار خێزان لەعێراقدا لەچوارچێوەی پرۆگرامی تۆڕی پاراستنی خێزان مانگانە مووچەیەکی 30 هەزار دیناریی وەردەگرن.

دادوەر رەحیم عگێلی کە ساڵی رابردوو پۆستی سەرۆکایەتی دەستەی نەزاهەی عێراقی وەرگرت، لەبارەی دوایین هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانیشەوە کە کۆتایی مانگی رابردوو لە 14 پارێزگا ئەنجامدرا، رایگەیاند کە تائێستا 220 بڕوانامەی ساختەی پاڵێوراوەکانیان دۆزیوەتەوەو گوتیشی "لێکۆڵینەوە بەردەوامەو چاوەڕێ دەکەین زیاتریش بێت"، هەروەها گوتی "داوامان لەهەموو پاڵێوراوە سەرکەوتووەکان کردووە کە دەبێت دوایین سێ بڕوانامەی خوێندنیان بهێنن، چونکە تەزویر و ساختەکاری بەپێی پێناسە یاساییەکان تاوانێکی شەرەف شکێنە، ئایا رێگەبدەین خەڵکی لەمجۆرە بەرپرسیارێتی بگرنە دەست؟".

عگێلی لەو رووەوە رەخنەی لە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانیش گرت کە بەڵێنیان پێدابوون پاڵێوراوە ساختەکارەکان دووربخەنەوە، بەڵام کەس دوورنەخرایەوەو هەموو ئەوانە بە بەڵگەنامەی ساختەوە چوونە هەڵبژاردن.

عگێلی لەکاتێکدا دووپاتیکردەوە کە حازم شەعلانی وەزیری پێشووی بەرگری عێراق هەر کاتێک بگەڕێتەوە عێراق دەستگیر دەکرێت، ئاشکرای کرد کە وەزارەتی ئێستای بەرگری بەرەوڕووی هەمان تۆمەتی کڕینی چەکی خراپ بووەتەوەو مەسەلەکە لەلێکۆڵینەوەدایە.

رەحیم عگێلی لەبارەی دانانی یاسای (من اين لك هذا) بۆ بەرگرتن لە دەوڵەمەندبوونی کتوپڕی بەرپرسانی عێراق، رایگەیاند کە ئەو یاسایە بەشێوەیەکی گشتگیر نییە، بەڵام دەستەی نەزاهە دەسەڵاتی ئەوەی هەیە داوا لە بەڕێوەبەری گشتی و بەرپرسەکانی دیکە بکات سامانی خۆیان پێش دەستبەکاربوونیان لەپۆستەکانیان ئاشکرا بکەن و ساڵانەش چاوی پێدا بخشێنرێتەوە، بەڵام گوتی "بەداخەوە تائێستا لەعێراقدا یاسایەک نییە بتوانی بەگوێرەی ئەو یاسایە لێکۆڵینەوە لەگەڵ بەرپرسێکی باڵا بکەی کە سەروەت و سامانەکەی بەجۆرێک زیادی کردووە لەگەڵ مووچەو داهاتی ناگونجێ". سەرۆکی دەستەی نەزاهە هەروەها گوتی "ئێستا پرۆژەی یاسای دەستەی نەزاهەمان هەیە کە هێشتا پەسەند نەکراوەو هەندێکیش لەدژی وەستاونەتەوە، بەگوێرەی ئەو پرۆژەیە هەر بەرپرسێک سامانی خۆی ئاشکرا نەکات لە پۆستەکەی دەردەکرێت".

عگێلی داخبارێی خۆی لەوە دەربڕی کە بە گوێرەی یاساکانی ئێستا، بەرپرسانی باڵای دەوڵەت خۆیان مووچەی خۆیان دیاری دەکەن و گوتی "ئەمە شتێکی سەیرو سەمەرەیە، بەپێی دەستوور مووچەی سەرۆکایەتی کۆمارو سەرۆکی حکومەت و وەزیرەکانی و سەرۆک و ئەندامانی پەرلەمان دەبێت بەیاسا دیاری بکرێن، کەچی لەعێراق سەرۆک کۆمار خۆی مووچەی خۆی و جێگرەکانی دیاری دەکات و سەرۆک وەزیران خۆی مووچەی خۆی و وەزیرەکان دیاری دەکات لەکاتێکدا دەبووایە ئەوە کاری پەرلەمان بێت".



## 220 بڕوانامەی ساختەی پاڵێورانمان دۆزیوەتەوە ئەوەش تاوانێکی شەرەف شکێنە

رەحیم عگێلی سەرۆکی دەستەی نەزاهە لەعێراق

## ئابووری

### کارتی ئەلیکترۆنی بۆ مووچە وەرگرتن لە عێراق کەوتە کار



ڕووداو- ئاژانسەکان
بۆ یەکەمین جار لە عێراقدا، دوێنێ یەکشەممە هەردوو بانکی ڕافیدەین و ڕەشید لەبەغدا لە ڕێی کارتی ئەلیکترۆنییەوە مووچەی 52 هەزار هاووڵاتی خانەنشینیان دا. عەبدولحوسێن یاسری بەڕێوەبەری بانکی ڕافیدەین گوتی " لە پێنج لقی بانکەکەمان دەستمان بەکارکردن بەو سیستەمە کردووەو لە ئایندەیەکی نزیکدا لە هەموو لقەکان دایدەنێین بۆئەوەی خانەنشینان بتوانن لەنزیکترین بانک مووچە وەرگرن، بێ ئەوەی ناچاربن ماوەیەکی درێژ لەسەرە ڕاوەستن".

| دینار | | 1 تەن | |
|---|---|---|---|
| 118100 | 100 $ | 610 $ |  |
| 152000 | 100 € | 160 $ |  |

# ژاپۆن هەلە زێڕینەکەی عێراق لەکوردستانەوە دەقۆزێتەوە

## ژاپۆن نووسینگەی خۆی لە هەولێر دەکاتەوە

**ڕووداو-هەولێر**

لە نێوەڕاستی ئەم مانگە ئاژانسی هاوکاری نێودەوڵەتی ژاپۆنی JICA، نووسینگەی خۆی لە کوردستان دەکاتەوەو کونسوڵی فەخری ژاپۆنیش لە کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند ئەمە یەکەم هەنگاوە بۆ هاتنی زۆر کۆمپانیای ژاپۆنی بۆ کوردستان .

ماڵپەڕی asahiی ژاپۆنی لە ڕاپۆرتێکدا بڵاویکردەوە بە مەبەستی زیاتر بەشداریکردن لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی عێراق، ئاژانسی هاوکاری نێودەوڵەتی ژاپۆنی JICA، لەنێوەڕاستی ئەم مانگەدا ستافێکی تەواوی خۆی بۆ باکووری عێراق ڕەوانە دەکات و نووسینگەیەکی فەرمی لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان دەکاتەوە.

بەپێی ڕاپۆرتی ئەو ماڵپەڕە ژاپۆنییە، ئەو ئاژانسە بەنیازە چەند بەرپرسێکی خۆی ڕەوانەی باڵیۆزخانەی ژاپۆن لە بەغدا بکات، بەمەبەستی هاوکاریکردنی یەکتری لە پڕۆژە خزمەتگوزارییەکاندا.

لەگەڵ ئەوەی بەڕێوەبەرایەتی باراک ئۆباما دەیەوێت ژمارەی سەربازانی سوپای ئەمەریکا لە عێراق کەم بکاتەوە و زیاتر جەخت بکاتە سەر ئەفغانستان، حکوومەتی تۆکیۆ ڕایگەیاند کە یارمەتیدانی عێراق و ئاوەدانکردنەوەی، هەلێکی زێڕینە بۆ ژاپۆن کە ڕۆڵی هەبێت لە دروستکردنەوەی ئەو وڵاتەدا.

بەپێی گوتەی بەرپرسانی ئاژانسەکە، بەهۆی ئەوەی بارودۆخی هەرێمی کوردستان باشترو ئارامترە لە بارودۆخی شاری بەغداو ناوچەکانی باشوور، بۆیە نووسینگەکەیان لەکوردستان دەکەنەوە. JICA ڕایگەیاند کە سێ بەرپرسی باڵای خۆی ڕەوانەی هەولێر دەکات .

ساڵی 2003، حکوومەتی ژاپۆن نزیکەی 5 ملیار دۆلاری تەرخانکرد بۆ ئاوەدانکردنەوەی عێراق، کە ئەوەش دووەمین بڕە پارە بوو لەڕووی زۆرییەوە لەلایەن وڵاتێکی بیانییەوە پێشکێش بە عێراق کرابێت، یەکەمیش ئەمریکابوو بە بڕی 20 ملیار دۆلار.

ئاژانسی JICA بەنیاز بوو چەند ساڵێک لەمەوپێش نووسینگەی خۆی لەشاری بەغدا بکاتەوە، بەڵام بەهۆی نالەباری بارودۆخەکە و لەدوای تەقینەوەکەی بارەگای نەتەوەیەکگرتووەکان لەساڵی 2003، ئەو پلانە هەڵوەشێنرایەوە.

تەممووزی ڕابردوو JICA بەتایبەتی تیمێکی پشکنینی ڕەوانەی هەرێمی کوردستان کرد بەمەبەستی چاودێریکردنی بارودۆخی هەرێمی کوردستان و خۆ ئامادەکردن بۆ کردنەوەی ئەو نووسینگەیە.

ئازاد حاجی یەحیا، کونسوڵی فەخری ژاپۆن لە کوردستان، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) ئاماژەی بەوەدا کە JICA نوێنەرایەتی حکومەتی ژاپۆن دەکات و خزمەت پێشکێشی دەرەوەی وڵاتی خۆی دەکات.

بەپێی گوتەی کونسوڵی فەخری ژاپۆن، ئەو ئاژانسە لەساڵی 2003دا 4 ملیار دۆلاری وەک قەرزی درێژخایەن داوەتە عێراق، جگە لە 1 ملیار مینحە، کوردستانیش بەشی خۆی وەرگرتووە.

ئازاد حاجی سەبارەت بە نووسینگەکەش گوتی، ئێستا نووسینگەی ئاژانسی JICA لە هۆتێل خانزادە و لەنێوەڕاستی ئەم مانگە بە فەرمی لەنێو شاری هەولێر نووسینگە دەکاتەوە .

گرنگترین هاندەر بۆ ئاژانسی JICA ی ژاپۆنی کە وای لێکرد بڕیار بدات نووسینگە لە کوردستان بکاتەوە سەقامگیری باری ئەمنییە. ئازاد حاجی یەحیا ڕوونیکردەوە، JICA پێش ئەوەی پڕۆژە لەهەر وڵاتێک جێبەجێبکەن، سێ هێڵیان هەیە، هێڵی سور کە ڕۆشتن بۆ ناو ئەو هێلە قەدەخەیە، هێڵی پرتەقاڵی کە دەکرێت کۆمپانیاکان هاتووچۆبکەن و هێڵی سەوز کە هیچ مەترسییەکی نییە.

ئازاد حاجی یەحیا، دەڵێت "لایەنی ئەمنی لای ئەوان زۆر گرنگە، چونکە هێڵی سوریان هەیە لەسەر عێراق، کوردستان ڕەنگی پرتەقاڵییەو بەرەو ئەوە دەڕوات ببێتە سەوز، کە بووە سەوز کۆنفرانسێکی گەورەی بازرگانانی ژاپۆن لە کوردستان دەبەسترێت".

پڕۆژەکانی JICA ئێستا لە دوو بواری خزمەتگوزاریدان، وزەی کارەبا و باشترکردن و پاککردنەوەی تۆڕی ئاو، تەواوی پڕۆژەکانی ئەو کۆمپانیایە لە حکومەتی بەغداوە دابەشکراون کە 17%ی بۆ کوردستانە. باڵیۆزی ژاپۆن لە بەغدا شۆجی ئۆگاوا ڕایگەیاند کە گرنگترین ئەو پڕۆژانەی ژاپۆن لە عێراق جێبەجێیان دەکات بریتین لە پڕۆژەی زێرابی بەغدا، پڕۆژەی ئاوی کوردستان، پڕۆژەی وێستگەی کارەبای باشووری عێراق.

کۆمپانیای JICA بەتەنها ئاژانسێکی خزمەتگوزاری نییە، بەڵکو لەهەر وڵاتێکدا خۆی جێگیربکات، بەشێوەیەکی فراوان بازرگانەکانی ژاپۆن ڕوو لەو وڵاتە دەکەن.

کونسوڵی فەخری ژاپۆن ڕوونیکردەوە کە "JICA بۆ ڕۆیشتنەوە نەهاتووە، ڕێنمایی وەزارەتی دەرەوەی ژاپۆنی دەکەن کە کوردستان ئارامەو با کۆمپانیا گەورەکانی ژاپۆن بێنە کوردستان و خزمەتگوزاری پێشکەش بکەن، بۆیە هاتنی JICA هەنگاوێکی زۆر گرنگە بۆ هاتنی کۆمپانیای زۆری ژاپۆنی بۆ کوردستان".

لە 2009/1/19 تاوەکو 2009/1/27



## هاتنی JICA هەنگاوێکی زۆر گرنگە بۆ هاتنی کۆمپانیای زۆری ژاپۆنی بۆ کوردستان

ئازاد حاجی یەحیا،کۆنسولی فەخری ژاپۆن لە کوردستان

شاندی JICA لەکوردستان مانەوە، ئازاد حاجی یەحیا دەڵێت"هەموو قەزا و ناحییەو شارەکانی کوردستان گەڕان، بۆ ئەوەی بزانن چی پێویستە بیکەن لەئایندەدا و، زۆر بە کوردستانیش‌مورتاحن".

ئازاد حاجی یەحیا، کە خاوەنی کۆمپانیای جیهان وبریکاری کۆمپانیای تۆیۆتای ژاپۆنییە لە کوردستان، لەسەر داوای ئەو وڵاتە ماوەی پێنج مانگە بووەتە کونسوڵی فەخری ژاپۆن لەکوردستان، هۆکاری پێدانی ئەو نوێنەرایەتیەش بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە" لەساڵی 1977 پەیوەندی بازرگانیم لەگەڵ ژاپۆن دا هەیە، مامەڵەیەکی گەورەشمان لەگەڵ کۆمپانیای تویۆتادا هەیە".

بەپێی گوتەی کونسوڵی فەخری ژاپۆن، دوو لایەن زۆر بەلای کۆمپانیا ژاپۆنییەکانەوە گرنگن "بەرزی ئاستی ئابووری و ڕەوشی ئەمنی، لەبەر ئەوەی کۆمپانیای باش لەکوردستاندا هەن و زەوی کوردستانیش زۆر بەپیتە و خزمەت بەپڕۆژەکانی ئەوان دەکا، بۆیە چاوەڕوان دەکرێت لە ماوەیەکی نزیکدا کۆمپانیا ژاپۆنییەکان بێنە کوردستان".




بارەگای سەرەکی JICA لە شاری ئۆساکای ژاپۆن

# نەوتی عێراق لەکارەساتدایە

## عێراق بە تەکنەلۆژیای کۆن نەوت بەرهەمدێنێت و بەشێکی زۆری لە بۆڕیەکان دەڕژێ

**ڕووداو-بەغدا**

لەماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا 8 ملیار دۆلار بۆ چاککردنی کەرتی نەوت لەعێراقدا تەرخانکراوە، بەڵام نەتوانراوە بەباشی سوود لەو پارەیە وەربگیرێت و ئێستاش ڕەوشی پاڵاوگەو بۆرییە نەوتەکانی عێراق لەوپەڕی خراپیدان و ئەمەش بووەتە هۆی کەمبوونی ئاستی هەناردەکردن وبەخەسارچوونی نەوتێکی زۆری عێراق.

عەلی حسێن بەلۆ، سەرۆکی لیژنەی نەوت و غاز لەپەرلەمانی عێراق، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند"پرۆژەکانی نەوت لەعێراقدا زۆر خراپن، پێویستییان بەچاککردن و نۆژەنکردنەوەو ڕێکخستنەوە و لێدانی چەندین بیری نوێیە، چونکە بیرە کۆنەکان لە بەرهەمهێنان کەوتوون".

لەساڵی 2008دا، تێکڕای هەناردەکردنی نەوت لە عێراقدا ڕۆژانە 1 ملیۆن 815 هەزار بەرمیل بووە، بەپێی گوتەی سەرۆکی لیژنەی نەوت و غاز لە پەرلەمانی عێراق لە مانگی کانوونی دووەمی ئەمساڵدا تێکڕایی هەناردەکردنی نەوت لەڕۆژێکدا 1 ملیۆن و 800 هەزار بەرمیل بووەو ئەگەری ئەوەش هەیە کەمتر ببێتەوە.

بەڵام عاسم جیهاد وتەبێژی وەزارەتی نەوتی عێراق ڕایگەیاند، بەپێی بەراوردی بڕی هەناردەی ئەمساڵ و ساڵی ڕابردوو هەناردەکردنی نەوت بەتێکڕایی 2ملیۆن بەرمیل زیادیکردووە. حوسێن شەهرستانی وەزیری نەوتی عێراقیش دەڵێ ساڵی 2007 بڕی هەناردەکردن 1 ملیۆن و 650 هەزار بەرمیل بووە لەساڵی ڕابردوودا بڕی هەناردەی ڕۆژانەیان 150هەزار بەرمیل زیادیکرد، بەوشێوەیەش توانیان لە جیاتی 45ملیار دۆلار کە لێیان داواکرابوو، 62 ملیار دۆلار لە فرۆشتنی نەوت بەدەستبێنن لەساڵی 2008دا.

موعتەسەم ئەکرەم، بریکاری وەزارەتی نەوتی عێراق لەلێدوانێکدا بۆ (ڕووداو)، ئاماژەی بەوەدا کە ئەگەر حکومەتی بەغدا سود لەهەناردەکردنی نەوتی کوردستان وەربگرێت، بڕی هەناردەکردنی نەوتی عێراق زیاتردەبێت .

بەپێی گوتەی ئەو بەرپرسەی وەزارەتی نەوتی عێراق، کوردستان لە کۆتایی ساڵی 2009دا توانای هەناردەکردنی 350 هەزار بەرمیل نەوتی دەبێت لە ڕۆژێکدا " 100 هەزار لە بیرە نەوتەکانی خورمەلە، 150 هەزار بەرمیلیش لە تەقتەق،هەروەها 100هەزار بەرمیل لە زاخۆ".

لیژنەی نەوت و غاز لەپەرلەمانی عێراق، ڕاپۆرتێکیان لەبارەی ڕەوشی کێڵگە نەوتییەکانی عێراق ئامادەکردووەو بەپێی ئەو ڕاپۆرتە"ڕەوشی کەرتی نەوت بەتایبەت لە بەسرە زۆر خراپە، بۆڕییەکانی هەناردەکردن زۆر خراپن و لەزۆر شوێنەوە بۆڕییەکان نەوتییان لێدەڕژێت و ناتوانرێ بەئاسانی نەوت لەو بۆریانەوە هەناردە بکرێت".

وەزارەتی نەوتی عێراق،خراپی پاڵاوگەو تێکچوونی بۆڕییە نەوتەکان دەبەستێتەوە بەخراپی ڕەوشی ئەمنییەوە. سەرۆکی لیژنەی نەوت و غاز لە پەرلەمانی عێراق، دەڵێت "ئەگەر پێشتر وەزارەتی نەوتی عێراق بوونی گرفتەکانی لەکەرتی نەوتدا گەڕاندووەتەوە بۆ ڕەوشی ئەمنی، ئێستا ڕەوشی ئەمنی باشە، بەڵام سیستەمی بەڕێوەبردنی نەوت لەعێراقدا زۆر خراپە".

سەرۆکی لیژنەی نەوت وغاز، پێداگیری لەوە دەکات کە وەزیری نەوتی عێراق سەرکەوتوو نەبووە لە بەڕێوەبردنی وەزارەتەکەی خۆیدا " زۆربەی کوتلەو لیژنەکانی پەرلەمان ڕووبەڕوو پێیان گوتووە تۆ سەرکەوتوو نەبوویت و باشتر وایە دەست لەکار بکێشیتەوە".

ڕێکخراوی ئۆپیک کە لەساڵی 1960دامەزراوەو لە13 ئەندامی بەرهەمهێنی نەوت پێکدێ کە سێ لە چوار بەشی یەدەگی نەوتی جیهانیان لەلایە، هەرچەندە بڕیاریداوە هەناردەکردنی نەوت کەمبکاتەوە، بۆ ئەوەی نرخی نەوت لەبازاڕەکانی جیهاندا بەرز ببێتەوە، بەڵام ئەم بڕیارە عێراق ناگرێتەوە، چونکە عێراق تاوەکو ئێستا نەیتوانیوە بگاتە ئەوبڕەی کە بۆی دیاریکراوە کە 3ملیۆن و 200هەزار بەرمیل تاوەکو 3ملیۆن 600هەزار بەرمیلە لەڕۆژێکدا.

حوسێن شەهرستانی کە دژی گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستانە، کۆتایی ساڵی ڕابردوو ڕایگەیاند کە خولی دووەمی کێبڕکێکردن لەسەر وەبەرهێنانی 11 کێڵگەی نەوتی عێراق دەکاتەوە بۆ کۆمپانیا بیانییەکان لە کۆی 78 کێڵگەی نەوت و غاز، بەوشێوەیەش پێشبینی دەکات ڕێژەی ڕۆژانەی هەناردەکردنی نەوت لە چوار ساڵی داهاتوودا بگاتە 6ملیۆن بەرمیل نەوت.

سەرۆکی لیژنەی نەوت و غاز لەپەرلەمانی عێراق، دەڵێت ئەگەر کەرتی نەوت باش نەکرێت هەناردەکردن کەم دەبێتەوە، لەکاتێکدا " عێراق توانای هەیە لە ماوەی سێ ساڵدا هەناردەکردنی نەوت بۆ پێنج ملیۆن تاوەکو شەش ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا زیاد بکات، ئەگەر ڕەوشی کەرتی نەوت باش بکات".

د. بایەزید حەسەن ئەندامی لیژنەی دارایی، لەپەرلەمانی عێراق، ڕەخنەی لەحکومەتی عێراق گرت کە بایەخ بەکەرتی نەوت نادات " پێنج ساڵە 8 ملیار دۆلار بۆ کەرتی نەوتی عێراق تەرخانکراوە بۆ ئەوەی ژێرخانی کەرتی نەوت لەعێراقدا چاک بکرێتەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا وەزارەتی نەوت لەو بوارەدا نەیتوانیوە هیچ بکات".

لەساڵی 1980وە تەکنەلۆژیای نوێ بۆ کەرتی نەوتی عێراق نەهاتووە، بەو تەکنەلۆژیا نەوتییەی کە لەعێراقدا هەیە دەتوانرێت 32% نەوتی ژێر زەوی دەربهێندرێت، بەڵام ئێستا لەوڵاتانی دیکە ئەو ڕێژەیە گەیشتووەتە 72%.

د.بایەزید حەسەن، دەڵێت "ئابووری عێراق ئابورییەکی تاک لایەنەیەو 95% بودجەی عێراق لەسەر نەوتە، بۆیە ئەگەر بایەخ بە چاککردنەوەی بۆرییە نەوتییەکان بدرێت و گرێبەستی نوێ واژۆ بکرێن بودجەی عێراق بەشێوەیەکی بەرچاو زیاد دەکات".



## زۆربەی کوتلە و لیژنەکانی پەرلەمان بە وەزیری نەوتیان گوتووە تۆ سەرکەوتوو نەبووی باشتر وایە دەست لەکار بکێشیەوە

عەلی حەسەن بەلۆ، سەرۆکی لیژنەی نەوت و غاز لە پەرلەمانی عێراق



بۆرییە نەوتیەکی عێراق

(فۆتۆ: AFP)

## دەستێوەردانی مالیکی لە سزاکانی نێو یاسای هەڵبژاردن تێپەڕیوە



جەعفەر ئیمینکی، سەرۆکی دەزگای گشتیی هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان بە هەماهەنگیی لەگەڵ دەزگای هەڵبژاردنی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، سەرپەرشتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراقی کرد. ئیمینکی پێیوایە ئەنجامەکانیان زۆرباش بوون، بەڵام دەڵێ مالیکی پێشێلکاری کردووە و لەسەر ئەوەش سکاڵای بەڵگەداریان لەسەر تۆمارکردووە.

رووداو- هەولێر



## ئەنجامەکانمان لە خانەقین و شەنگال نایاب بوون

### جەعفەر ئیمینکی، سەرۆکی دەزگای گشتی هەڵبژاردنی پارتی:

# ئەگەر دادگا بەتەواوی کاری خۆی بکات مالیکی زۆر بەتووندی سزا دەدرێ



**رووداو : ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

**جەعفەر ئیمینکی:** ئەنجامی باش بوون و بەپێی پێشبینیکردنی ئێمە بوون،وەک راپرسییەکی سەر مادەی 140 تەماشای دەکەین. ئەنجامەکان پەیامێک بوون بۆ ئەوانەی دەیانویست دەستوور بگۆڕن و مادەی 140 لەنێوببەن. ئەو ئەنجامە زیاتر بۆ سیاسەت بوو لەوەی کە بۆ دەسەڵات بێ.

**رووداو:بەپێی هەڵسەنگاندنی بەنیسبەت لیستی کوردستانییەوە لەو ناوچانەی هەڵبژاردنیان تێدا کرا، کوێ نایاب، زۆرباش، باش و خراپە؟**

**جەعفەر ئیمینکی:** خانەقین و شەنگال نایابە، شێخان و ئەلقۆش و زومار، قەرتەپە و جەبارە، مەخمور و دووز زۆر باش بوو، باشیک باش بوو، لەکوتیش زۆرباش بووین و کورسییەکمان بەدەستهێناوە باوەڕمان نەدەکرد کورسییەک بهێنین. تلکێف و حەمدانییە باش نەبوو، لە بەغداش خراپ بووین. 14هەزار و 500 دەنگ بۆ ئێمە کەمە لە بەغدا .

**رووداو: چەند کورد لە بەغدا هەیە، دەگوترێ ژمارەیان 700هەزار دەبێ راستە؟**

**جەعفەر ئیمینکی:** نەخێر راست نییە، کوردی بەغدا کۆچی کردووە بۆ هەرێمی کوردستان و دەرەوە، لەبەرئەوە زەحمەتە بزانین رێژەی کورد لە بەغدا چەندە. لە 2003دا باسی 700 هەزار دەکرا، لە 2005 دا 45 هەزار دەنگمان هەبوو، هەر یەکێک لەو دەنگانە تەعبیری لە 4 کەس دەکرد، چونکە خەڵک بە زەحمەت دەیتوانی دەنگ بدات. پاش 7 مانگ دەنگەکانی ئێمە لە هەڵبژاردنی 2005/12/31 بوونە 26 هەزار، ئەو کەمبوونە، رەنگە هۆکارەکەی سیاسی بێ یان مەزهەبی بێ، کە شیعەکان دەیانەوێ کوردە فەیلییەکان بۆلای خۆیان راکێشن، رەنگە رێژەیەکی زۆریش لە کورد لە بەغدا کۆچیان کردبێ بەهۆی شەڕی تایفی. ئێستا وای بۆ دەچم هەر 150 هەزار کورد لە بەغدا مابێ.

**رووداو : ئایا هەست ناکەی لەوێ ئەو رۆڵەی پارتی و یەکێتی پێویستە بیگێڕن نەیانگێڕاوە لەبەر ئەوەش دەنگی کورد زیاد نابێت؟**

**جەعفەر ئیمینکی :** سیاسەتی پارتی و یەکێتی لەبەغدا سیاسەتێکی پەسەندکراوە لە ناوەندە کوردییەکانی بەغدا، بەڵام لە رووی رێکخستنەوە هەلومەرجی بەغدا بۆ رێکخستن گونجاو نییە. ئێستا ریکخستنێکی نوخبەیی و ئەمنیمان هەیە، دەبێ بەو چاوە سەیری بکەین ئەو کادیرەی لەبەغدا کاردەکات لەناو ئاگری شەڕە، دەبێت مرۆڤ بەواقیعی باسی بکات.

**رووداو: ئێستا لایەنی مەزهەبی و شیعایەتی زاڵترە بەسەر لایەنی نەتەوەییدا؟**

**جەعفەر ئیمینکی:** ئەوە لەمێژە بەو شیوەیە، بەڵام لەم دوایەدا زیاتر بووە.

**رووداو : بەڵام حیزبی دەعوە بە سەرۆکایەتی مالیکی، لەوهەڵبژاردنەدا زیاتر بە ئاوازێکی نیشتمانی قسەیدەکرد نەک مەزهەبی، بەوەش زۆرترین دەنگی هێنا، لەبەر شیعە بوون ئەو کوردانە دەنگیان دا بە لایەنیتر، یاخود بە پارە راکێشراون کە دەگوترێ لیستی مالیکی زۆر پارەی دەدا؟**

تەواوی هەڤپەیڤینەکە
لە (رووداونێت)دا بخوێنەوە
www.rudaw.net

**جەعفەر ئیمینکی:** راستە مالیکی توانی ژمارەی هەرە زۆری دەنگەکان ببات، رەنگە لەبەغدا توانیبێتی نزیکەی 900 هەزار دەنگ ببات، ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی 600 هەزاری هێناوە، موفاجەئەی مالیکی دەگەڕێتەوە بۆ گوتاری سیاسی کە بەزیرەکانە گوتارەکەی خۆی بڵاودەکردەوە، وای خۆ نیشاندەدا کە فریادرەسی یەکێتی نیشتیمانی عێراقییەو عێراق خەریکبوو پارچە پارچە دەبوو ئەو واخەریکە رێکیدەخاتەوە، سەرۆک وەزیرێکی بەهێز بایەخ بە ئیدارە دەدات و پیاوی دەوڵەتە، خۆی بەو شێوەیە نیشاندا، بەو شێوەیە پروپاگەندەی کرد، ئەم گوتارەش لەشارە گەورەکان بەتایبەتی بەغداو بەسرا دەیخوارد، دیارە لەموسڵ کەمتر کاریگەری هەبووە ئەویش لەبەر لایەنی مەزهەبی. جگە لەوەی ئەو سەرکەوتنەی لە ئیمتیازاتی دارایی نووری مالیکی جیاناکرێتەوە کە بەناوی ئیسناد، بەناوی زیادەو پاداشت بۆ پۆلیس و زیادکردنی مووچەی فەرمانبەران پڕوپاگەندەی بۆ خۆی دەکرد. بەڕاستی ئیمکاناتی دەوڵەتی بەباشی بۆ هەڵمەتەکەی بەکارهێنا، ئەمەش لەهەموو کۆمەڵگەیەک کاریگەری هەیە، بەڵام لەعێراقدا کە هەژاری زۆرە کاریگەری زۆرترە.

**رووداو: واتە پارە بەکارهاتووە؟**

**جەعفەرئیمینکی:** نەبەس پارە، ئۆتۆمبێلی دەوڵەت و ئیستخباراتی عەسکەری و پۆلیس لەخزمەتی نوری مالکیدا کاریان کردووە، بەڵگەمان هەیەو سکاڵاشمان تۆمارکردووە.

**رووداو: پێتوایە لیستی هاوپەیمانی کوردستان و لایەنەکانی دیکە کارێکی وابکەن مالیکی لەسەر بەکارهێنانی پارەی دەوڵەت بانگهێشتی بەردەم پەرلەمان و دواتر رەوانەی دادگا بکرێت؟**

**جەعفەر ئیمینکی:** پرۆسەکە بەو شێوە نییە، هەموو سەرۆکی لیستەکان ئیمزایان لەسەر قەواعید سلوک کردووە، بەپێی یاسای هەڵبژاردن لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکرێت، نەک بەپێی سیاسەتی پەرلەمان، پەرلەمان چاودێرە لەسەرکۆمسیۆن، پەرلەمان لێپێچینەوە لەگەڵ کۆمسیۆندا دەکات، بەڵام ناتوانێ سەرۆکی لیستێک ببات و لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکات، پەرلەمان لەسەر دەستوەردانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لەکاری کۆمسیۆندا، دەتوانێت بانگی بکات، لیستی هاوپەیمانی کوردستانیش لەسەرئەوە سکاڵای کردووە، ئەو سکاڵایە دەچێتە لیژنەی سکاڵای کۆمسیۆن، لیژنەی کۆمسیۆنیش دەیداتە مەحکەمەی ئیستیئنافی کەرخ، ئەویش لەماوەی 10 رۆژدا لەسکاڵاکان دەکۆڵێتەوە، ئێمە بەڵگەمان هەیە کە بریتییە لە کۆنووسێک، سەرۆکی ئیستیخباراتی سەربازی لە موسڵ لەگەڵ پێنج ئەفسەری دیکە چوونەتە شوێنی جیاکردنەوەو ژماردنی دەنگەکانی هەڵبژاردن لەوێستگەی سەرەکی کۆمیسۆن لەموسڵ، لەوێ مەحەزریان نوسیوەو دەستتێوەردانیان کردووەو حجزیان داناوەتە سەر سندوق، تەوجیهاتیان داوە کە دەبێت فەرمانبەری کورد لەوێ کەمبکرێنەوە، گوایە فەرمانبەری کورد لەوێ زۆرن، نوسینگەی نوری مالیکی ئەمری پێکردوون ئەم کارە بکەن.

**رووداو: لە بەغدا لیستی هاوپەیمانی سکاڵای لەسەر مالیکی تۆمار کردووە؟**

**جەعفەر ئیمینکی:** لەموسڵ سکاڵامان تۆمارکردووە، ژمارەیەکی زۆر سکاڵامان کردووە، سکاڵا بەشێکە لە پرۆسەی هەڵبژاردن. لەموسڵ 10 سکاڵامان تۆمارکردووە بە بەڵگە، رەنگە ئێستا 15 سکاڵای دیکە بەبەڵگەوە لای ئێمە هەبێت و ئەمە بەردەوام دەبێت، ئەم سکاڵایانە دەچنە لیژنەی سکاڵا لە کۆمسیۆن، لیژنەی سکاڵا پۆلێنیان دەکات، سکاڵا هەیە زۆر گرنگەو نرخێکی دیکەی بۆ دادەنرێت.

**رووداو: ئەگەر سکاڵاکانی ئێوە قبوڵبکرێن، پێتوایە مالیکی وەک سەرۆک لیستێک لێپرسینەوەی لەگەڵ بکرێت؟**

**جەعفەر ئیمینکی:** سکاڵامان لەسەر لیستی حەدبا تۆمارکرد، 10 ملیۆن دینار غەرامە کران، لەبەرئەوەی بەیانێکیان پێش هەڵمەتی هەڵبژاردن دەرکردبوو تێیدا تەشهیریان پێکردبووین. یاسای هەڵبژاردن زیندانیکردن و غەرامەکردنی تێدایە، بەپێی یاسای هەڵبژاردن غەرامەکانیش تاوەکو 25 ملیۆن دەچێت، هەموو قەوارەیەکی سیاسی 25 ملیۆن دیناری داوەو غەرامەکە لەپارەی تەئمیناتەکەیان سەحب دەکرێ. بەڵام پێموایە ئەو دەستتێوەردانەی مالیکی لەموسڵ کردی، ئەگەر لەعێراق دادگای ئیستیناف کاری خۆی بەدروستی بکات بەپێی ئەو سکاڵایەی ئێمە دەبێ سزایەکی زۆر توندتر لەوەی یاسای هەڵبژاردن دایناوە بدرێتە مالیکی، چونکە ئەوە تەدەخولە هێزی لەشکری بەکاربهێنی بۆ ئەوەی بچیتە ناو بنکەیەک، لەنێو بنکە مەحزەر بنووسن و لەنێو بنکە تەوسیات بنووسن، فەرمان دەربکەن، ئەوە تەدەخولە و ئیشی ئەوان نییە، ئەگەر مەحزەریان نەنووسیبا بەڵگەمان نەبوو. لەوڵاتێکدا دیموکراسی هەبێت ئەم دەستتێوەردانە بەهیچ شێوەیەک قبوڵ ناکرێن .

**رووداو : بەگوێرەی لائیحەی سلوک سزاکەی مالیکی چی دەبێت؟**

**جەعفەر ئیمینکی:** نازانم، ئەمە لەلائیحەی سلوکدا نییەو لەوەش زیاترە.

**رووداو : ئەوە رێگە بۆ پەرلەمان دەکاتەوە لێپێچینەوەی لەگەڵ بکات؟**

**جەعفەر ئیمینکی :** پەرلەمان بۆی هەیە لەسەر ئەو بابەتانە ئیجتهاد بکات و بانگی د.نوری مالیکی بکات، بە راستیش هیچ نەبێت ئیدانەی بکات.

**رووداو: لە مەسەلەی موسڵ، دەگوترێ گوایە عەشیرەتەکانی هەرکی، زێباری، سورچی ئەوانەی لەنێو شاری موسڵن لەبەر نێوان ناخۆشیان لەگەڵ پارتی دەنگیان بۆ لیستی حەدبا داوە، راستە؟**

**جەعفەر ئیمینکی :** زۆربەی هەرکییەکان دەنگیان بۆ لیستی کوردستانی واتە لیستی برایەتی دا، بەڵام ئەو زێباریانەی لەناو شارن زۆربەیان دەنگیان بۆ حەدبا دا، چونکە جێگری سەرۆکی لیستی حەدبا دیندار عەبدوڵڵا زێباری بوو، سورچی ئەوەی لەناو شارنەبووە نازانم چونکە مرۆڤ نازانێ ئەو عەشیرەتانە چۆن دەنگیانداوە، چونکە کۆنترۆڵی ئێمە لەناو شار لاوازبووە. مەسەلەکە نە پارتییە نە یەکێتییە مەسەلەکە کوردایەتییە، ئەو خەڵکەی لەوێیە لەگەڵ ئەسیل نجێفی و لیستی حەدبا، ئەوانە تا ئێستا لە کوردایەتی بێبەشبوونە، گوتاری ئەسیل نجێفی و ئوسامە نجێفی گوتارێکی شوڤێنییە لەدژی کورد، نازانم ئەمانە چۆن قەبوڵی دەکەن، لەبەر ئەمە ناتوانین ئەو شرۆڤەیە بکەین و بڵێین لەبەر ئەوەی ئەو عەشیرەتانە پەیوەندییان لەگەڵ پارتی خراپە دەنگ بۆ لیستی برایەتی نادەن. هەرکییەکانیش ئاغاکەیان لەگەڵ لیستی برایەتی نەینەوا نییە، بەڵام خەڵکەکەیان دەنگیان بۆ لیستی برایەتی نەینەوا دا. رەنگە لە قەزاکان 200 کەس دەنگیان بۆ لیستی حەدبا دابێ، بەڵام ئەوانەی دیکە بە هەزاران دەنگیان بۆ لیستی برایەتی دا، من دڵنیامە ئەو دەنگانەی لەناوەندی شار بۆ حەدبا دراون دەنگی کورد نین، رەنگە رێژەیەکی دەنگی کوردی تێدابێ، بەڵام زۆر کەمە.

**رووداو : لەکاتی ئەو هەڵبژاردنەدا هەماهەنگی نێوان پارتی و یەکێتی تا چ رادەیەک بوو؟**

**جەعفەر ئیمینکی:** سێ ئاستی تەنسیقمان هەبوو، ئاستی لیژنەی باڵا و هەردوو مەکتەبی سیاسی، کە زۆر زۆر باش بوو، لە ئاستی لق و مەڵبەندەکان، هەبوون زۆر باشبوون هەندێکیشیان ئاستیان زۆر خراپ بوو، واتە هەموویان وەکویەک نەبوون. ئاستی خوارەوە کە ئاستی بنکەی جەماوەری و مەیدانییە، واتە رێکخراو ناوچەکان، لەو ئاستە هیچ کۆسپێکی وەها لەبەردەمان نەبوو.

**رووداو : ئەوەی لەخانەقین بینرا کە پاڵێوراوی پارتی دەنگی زیاتری لەپاڵێوراوی یەکێتی هێنا، هەرچەندە ئەوەی یەکێتیش لەناو هەمان لیستدابوو، ئایا ئەمەیان شتێکی عەفەوی بوو یان یەکانگیرنەبوونی پارتی و یەکێتی دەسەلمێنێ؟**

**جەعفەر ئیمینکی :** ئەمە رۆحی پێشبڕکێ لەلایەن هەندێک کادیر نیشاندەدات، بەڵام هیچ پەیوەندی بە رێنماییەکانی سەرەوە نەبووە، بەپێچەوانەوە رێنماییەکە ئەوە بووە، رێزبەندی لیستەکە لەبیر بکەن کوردایەتی لەبەرچاو بگرن و سەرکەوتنی لیستەکە بەبنەما بگرن. لەوانەیە بەرپرسێکی لقێکی ئێمە یان بەرپرسی مەڵبەندێکی یەکێتی حەز بکات یەکەم هی ئەو بێت، وابزانێ بەوە سەرکردایەتی بە دڵسۆزی دادەنێت و دەڵێن مەڵبەندێک یان لقێکی دڵسۆزمان لەوێیە، ئەو ئینتباعە ماوە، بەڵام من دڵنیام لەوەی هەردوو سەرکردایەتی ئەو قۆناغەیان تێپەڕاندووە، بەڵام ئەو پاشماوەی ماوە، دوو حیزب بین، دوو سەرکردایەتی و دوو رێکخراوین وای بۆ دەچم هەمیشە لەهەندێک شوێن تووشی ئەو گرفتانە دەبین، بەڵام ئەوەی جێگای خۆشحاڵییە سەرکردایەتی سوورە لەسەر ئەوەی هەرچی سلبیات لەو بارەیەوە دێتە ئاراوە، بایەخی پێدەدات و رێنەدات حەساسییەت دروست ببێ .

**رووداو: لەخانەقین کە ئیدارەکەی لەدەست یەکێتییە، باس لەوە دەکەن ئەو کاندیدەی پارتی دەڵێ مافی خۆمە پۆستی یەکەم بۆ من بێت، ئایا ئەمە دەمێنێتەوە سەر رێککەوتنی سەرکردایەتی هەردوولا یان بەگوێرەی ئەنجامەکان دەبێت؟**

**جەعفەر ئیمینکی:** ریزبەندی لیستەکە بە رێککەوتن دانراوە، بۆ ئەوەی یەکسانی تێدا بێت .جارێ باسی ئەوەمان نەکردووە، بەڵام بەبۆچوونی من رێز لەو رێککەوتنە دەگیرێت.

**رووداو : ئەمساڵ چەند هەڵبژاردن دەکرێن؟**

**جەعفەر ئیمینکی:** خۆی هەڵبژاردن بەپێی یاسا دەکرێت، ئێستا هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی 14 پارێزگا کۆتایی هات، قەزاو و ناحیەکان ماون، بەپێی یاسا دەبێ دوای شەش مانگ هەڵبژاردنەکانی ئەوانیش ئەنجامبدرێ. لیژنەی بەدواداچوونی راستییەکان هاتووەتە کەرکووک، ئەویش پێویستە راپۆرتەکەیان پێشکەش بکەن، پێویستە لە کۆتایی مانگی سێ ئامادەکاری بکەن و لەماوەی شەش مانگ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگا لەوێش ئەنجامبدرێت، پێشبینی دەکەم هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بکەوێتە مانگی تشرینی یەکەم. هەڵبژاردنی قەزاو ناحیەکانیش دەبێ بکرێت لە عێراق و هەرێمی کوردستانیش، هەروەها هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانیش دوای ئەوەی یاساکەیان دەردەچێ لە پەرلەمانی کوردستان، چونکە ئەو یاسایە ئەو پارێزگایانە دەگرێتەوە کە لە هەرێمێکدا رێکنەخراون. لە 2009/12/15 ماوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (پەرلەمان) تەواو دەبێ و دەبێ هەڵبژاردنی تازە بکرێت، ئەمەیان بۆ هەموو عێراقە، بۆ پەرلەمانی کوردستانیش بڕیاردرا لە 2009/5/19 هەڵبژاردن ئەنجامبدرێت، بۆئەوەش هەمواركردنی یاسای هەڵبژاردن پێویستە و پەرلەمانی کوردستان ئێستا خەریکی ئەوەیە. ئێمە وەکو دەزگای هەڵبژاردنی پارتی لەگەڵ دەزگای هەڵبژاردنی یەکێتی پێشنیازێکمان هەیە کە هەوڵبدەین پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان وئەنجوومەنی قەزاو ناحیەکان بکەینە یەک پرۆسە. ئەوە لە زۆر وڵاتی دیکەش پەیڕەو دەکرێ. بۆ ئەوەی دەنگدەر ماندوو نەکەین، بۆ ئەوەی خەرجییەکە کەمتر بێت، بۆ ئەوەی بتوانین ئامادەکاری تەواو بۆ هەڵمەتی بەهێزتر بکەین، کە هەڵمەتی پەرلەمانی عێراق بۆ

## ئێمە و دەزگای هەڵبژاردنی یەکێتی دەمانەوێ هەرسێ هەڵبژاردنەکەی کوردستان لەیەک رۆژدابن

ئێمە زۆر گرنگە. بەڵام چەند دەتوانین تا 2009/5/19 یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکان و قەزاو ناحیەکان تەواو بکەین تا ئەوکات، ئەوە زۆری دەوێت، ئەو هەموو ئامادەکاریانە بکەین، ئامادەکاری یاسایی هێشتا جارێ تەواو نەبووە، لە رووی تەکنیکی بێگومان دەبێت خەرجییەکەی لەبەغدا بێنی، پێویستە پەرلەمانی بەغدا بڕیاری بودجە بدات بۆ ئەو هەڵبژاردنانە، لە رووی تەکنیکیەوە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن دەسەڵات بەکۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان بدات، بەکورتی هەموو پێداویستییە تەکنیکییەکان دابین بکات، ئەمە کاری دەوێت، من نازانم تا چەند کۆمسیۆنی هەرێمی کوردستان سەرکەوتوو دەبێت، لەم ئامادەکاریەدا . بەڵام ئێمە زۆر حەز دەکەین هەموو هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان لەیەک رۆژ ئەنجامبدرێن.

**رووداو: ئایا پێشبینی ناکەی لەبەرئەوە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان تاوەکو پێش کۆتایی ساڵ دوابخرێ؟**

**جەعفەر ئیمینکی :** نەخێر، ئەوەی 2009/5/19 کاتەکەی دیاریکراوە.

**رووداو: بەڵام دەسەڵات بەسەرۆکایەتی هەرێم دراوە دوای بخات؟**

**جەعفەر ئیمینکی :** بەڵێ لەبەر ئەمەش ئێمە وەک پارتی و یەکێتی لیژنەی باڵامان دامەزراندووە، لەمەولا دەست بەکاردەکەین.

**رووداو: پێشبینی دەکەی ئەو چوار حیزبە کە راپۆرتیان بڵاوکردەوە ئەمجارەش لەگەڵ لیستی هاوبەشی پارتی و یەکێتی دابن؟**

**جەعفەر ئیمینکی:** من وای بۆ دەچم . لە کوردستان پرۆسەی تەبایی سیاسی هەیە، بۆ ئاسایشی نەتەوەیی گرنگە ئەو تەبایی و هەماهەنگییە درێژەی هەبێت، واتە ئێمە مونافەسە بۆ مونافەسە نەکەین، مونافەسەش بۆ دوو کورسی زیاد و کەم نەکەین، راستە کاریگەری لەسەر چالاکی پەرلەمان هەیە، راستە هاووڵاتی لەهەرێمی کوردستان پێیخۆشە پێشبڕکێ هەبێت تاوەکو میکانیزمی بەڕێوەبردن باشتربێت، ئەمە لەجێی خۆیەتی، بەڵام من وەکو کادیرێکی پارتی دیموکراتی کوردستان پێمخۆشە هەماهەنگییەکە بەردەوام بێت بانگهێشتی هەموو حیزبەکانیش بکەین بەهەماهەنگی بەشداری لەهەڵبژاردن بکەین، بەتەوافوق چونکە تەوافوق بنەمای فەلسەفەی دیموکراسییە، پێشبڕکێ بەشێکی ئەو پرۆسەیەیە، پێشبڕکێ بنەمای دیموکراسی نییە، بەڵکو بنەمای دیموکراسی تەوافوقە، زۆر وڵاتی جیهان بەگوێرەی تەوافق بەڕێوەدەچن، راستە بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن و دەزگای ئێمە خۆشە پێشبڕکێ هەبێت، دەنگدەر زیاتر پەرۆشی دەنگدان دەبێت، بەڵام بۆ هەرێمی کوردستان لەبەر ئەوەی بازنەی ململانێی ناوخۆ بچووکە و بازنەی ململانێی دەرەوە زۆر فراوانە، ململانێی دەرەوە بەغدا و دەوڵەتانی دراوسێش دەوڵەتانی جیهان دەگرێتەخۆی، زۆر لە کێشە نەتەوەییەکان یەکلا نەبوونەتەوە، مەسەلە ستراتیژییەکانمان بەهەڵواسراوی ماونەتەوە، ئەمانە هەموویان پێویستیان بەوە هەیە پێشبڕکێی ناوەخۆ کەمبکەینەوەو پێشبڕکێی دەرەوە زیاتر بکەین، من پێمخۆشە لەگەڵ ئەو حیزبانەو حیزبی دیکە هەرچی کێشەیەک هەیە، کێشەی ئیدارییە، کێشەی دەسەڵاتە، کێشەی ئیمتیازاتە ئەمانە هەموویان بەباشترین شێوە چارەسەر بکرێن.

**رووداو: بەڵام ئەو تەوافوقەی ئێوە باسیدەکەن خەریکە بەکردەوە لەنێودەچێت دوای ئەوەی نەوشیروان مستەفا رایگەیاند کە لیست دروستدەکات؟**

**جەعفەر ئیمینکی :** شتێکی پێشبینکراوە خەڵکیتر بێتە ناو ئەو وەزعە، دەزگای سیاسی دیکە،یان کەسایەتی. هەندێک لەو حیزبانە دەڵێن ئێمە دەبینە ئەلتەرناتیڤ، بەبۆچوونی من نابنە ئەلتەرناتیڤ، ئێمە ئەگەر لێکۆڵینەوە لەسەر ئەزموون و واقیعی عێراق بکەین، دەبینین زۆر پێکهاتەی سیاسی لەناوچوونە کە خۆیان وەکو ئەلتەرناتیڤ نیشاندەدا و نەبوونە ئەلتەرناتیڤ، لە بەغدا و لەکوردستانیش ئەمە هەیە، لەوانەیە هەندێک لەوانە خۆیان وەکو ئەلتەرناتیڤ نیشانبدەن، بەڵام ناویشیان نەماوە، کەس وەکو ئەحمەد چەلەبی لەپێش نەبوو، بەڵام ون بوو.

**رووداو: پارتی رازیدەبێت نەوشیروان مستەفا لیستی هەبێت و بە هاوپەیمان لەگەڵ یەکێتی بمێنێتەوە؟**

**جەعفەر ئیمینکی :** پارتی رووبەڕووی واقیعێک دەبێتەوە، باوەڕناکەم پارتی ڤیتۆ لەدژی هیچ کەس بەکاربێنێت، کە بیەوێت بەشداری لە پرۆسەی دیموکراسی بکات، بەڵام پارتی دەبێ لە حیساباتی خۆیدا وردبین بێت، وردبین لەوەی کە هەروا بە ئاسانی رەفتار لەگەڵ گۆڕەپانی هەرێمی کوردستان نەکات.

**رووداو : پێتانوانییە دەنگی یەکێتی بۆ لیستی نەوشیروان مستەفا بچن، لەکاتێکدا نەوشیروان مستەفا تاوەکو ئێستا لە یەکێتی نەچووەتە دەرەوە وەک یەکێتی خۆی دەڵێت تەنیا لە ئەندامێتی مەکتەبی سیاسی کشاوەتەوە؟**

**جەعفەر ئیمینکی:** ئەمەیان کێشەیەکە، چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو کێشەیە دەکەین، بەبۆچوونی من ئەمە ئاسان نییە، من لەگەڵ ئەوەدام مرۆڤ دەبێ رێز لە هاوپەیمانێتی لەگەڵ دەزگای رەسمی یەکێتی بگرێت، درێژە بەو هاوپەیمانێتییە بدات، ئەوە ئەوەندە دێنێت ئەگەر مرۆڤ لە حیساباتی کورسیش زیانی پێبکەوێت . ئەو دەزگا رەسمیە کە لەگەڵ پارتی شەریکبووە، بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی نەتەوەیی و سیاسی گەورە بۆ کوردستان، پێموایە ئەو شەریکایەتییە ئەوەندە دێنێت هەندێک قوربانی بۆ بدەیت، جا ئەو قوربانیانە راست بن یان وەهمی بن، رەنگە لەناو جەماوەری پارتی فشارێک بۆ سەر سەرکردایەتی هەبێ، بەڵام بەش بەحاڵی خۆم دەڵێم باشتر وایە مرۆڤ لەگەڵ واقیع بژیت و مامەڵەیەکی شارستانی لەگەڵ ئەو واقیعە بکات، مرۆڤ خۆی لەو خەیاڵ و وەهمانە کە بۆ ئینسان دێن رزگار بکات . من هیچ حوکمێک لەسەر کاک نەوشیروان نادەم،بەڵام من وای بۆ ناچم وا بەئاسانی دەست بەسەر مەیدانەکەدا بگرێت .

**رووداو : واتە لیستی نەوشیروان ئەو مەترسیەی نابێت؟**

**جەعفەر ئیمینکی :** من بە مەترسی نابینم، من ئەو مەترسییە نابینم.

**رووداو: ئێستا کە لیستی نەوشیروان مستەفا خۆی رادەگەیێنێ، ئێوە وەکو لیژنەی باڵای هەڵبژاردن کە لەگەڵ سەرکردایەتی یەکێتی دادەنیشن، ئایا یەکێتی بەو لیستە رازیە ؟**

**جەعفەر ئیمینکی :** هێشتا نەچووینەتە سەر ئەو مەسەلانە. بەڵام وەکو لیژنەی باڵا ئێمە هێشتا دەستبەکارنەبووینە، وەکو ئاماژەم پێدا لەو نزیکانە دەست بەکاردەبین، کاتێک دەستیشمان پێکرد باوەڕناکەم شتێک بشارینەوەو بەراشکاوانە باسی نەکەین، وای بۆ دەچم ئەو راشکاویەی لەلیژنەی باڵا هەیە دەبێتە زەمینەیەکی رێخۆشکەر بۆ کردنەوەی هەموو گرێ کوێرەکان، کە ئەو رێککەوتنەی هەیە پتەوتر بکەین و درێژەی پێبدەین.

## پێمخۆشە کێشەکان لەگەڵ چوار حیزبەکە چارەسەربکرێن و لەلیستی هاوپەیمانیدا بمێننەوە

ڕووداو



## کیژان خەریکی ئەڵلاوەیسییە

ڕووداو- هەولێر

◆ هونەرمەند کیژان ئیبراهیم خەیات بە(ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ئێستا خەریکی تەواوکردنی بەرهەمە نوێیەکەیەتی و لەو بەرهەمەدا بۆ یەکەمجار لەئێران کاری لەسەر مەقامێکی ئەڵلا وەیسی کردووە کە تەنیا پیاوان ئەو مەقامەیان گوتووەتەوە، بەڵام کیژان یەکەم ئافرەتە کە ئەڵلاوەیسی بڵێتەوە. مۆسیقای ئەو مەقامە لەلایەن شـەهرامی نەقیفەرو هۆنراوەکەشی لەلایەن یەدوڵڵا ڕەحمانی دانراوە.



# شەمدین: لە ئەوروپاوە پەیوەندیم لەگەڵ 1000 گۆرانیبێژی میللی هەیە

ڕووداو-بەلجیکا

شەمدین هەمیشە لەنێو کۆمەڵێک گۆرانیبێژی میللی ژن و پیاودا لە نێو دیوارێکی پڕ لە چنراوی کەلەپووری و، لەسەر مافۆری کوردەواری دەردەکەوێ، بەڵام ئەو خۆی لە ئەوروپایە نەک لە کوردستان، ئەوەی ئەنجامدانی ئەو بەرنامە تەلەڤزیۆنییەی بۆ ئەو بەدرێژایی 10 ساڵی ڕابردوو لەئەوروپا ئاسانکردووە وەک خۆی بوونی پەوەندی خۆیەتی لەگەڵ 1000 گۆرانیبێژی میللی.

شەمدین کە لەشاری ئغدری ناوچەی سەرحەدی باکووری کوردستان لە نزیک چیای ئاگری لەدایکبووە، تا تەمەنی 17 ساڵی لەو ناوچەیان ژیاوە کە هاوسنووری ئەرمەنستانەو، دواتر چووەتە شارەکانی تورکیا، وەک ئیستەنبول و ئیزمیر، لە دوای ساڵی 1986 چووەتە لیبیا، لەوێشەوە بۆ سوریا ئینجاش بۆ ئەوروپا . شەمدین لە بەلجیکا لە هەڤپەیڤنێکدا لەگەڵ (ڕووداو)دا گوتی "ئەوە 24 ساڵە لە دەرەوەی وڵات دەژیم، بەڵام بەکار و هونەر هەمیشە لە نێو وڵاتەکەمدابوومە".

شەمدین لە ساڵی 1988 کە دەچێتە سوریا، پەیوەندی بە کۆما بەرخۆدانەوە دەکات، کە یەکەمین گرووپی هونەری پارتی کرێکارانی کوردستان بووە و، ئێستا لەئەوروپاش هەر ئەندامێکی ئەو گرووپەیە. شەمدین دەڵێ " چوار کاسێتی تایبەتیم لەنێو کۆما بەرخۆدان دا تۆمارکردوون و بەشداری حەوت کاسێتی کۆما بەرخۆدانم کردوون".



شەمدین زۆر بایەخ بە زیندووهێشتنەوەو پاراستنی گۆرانییە فۆلکلۆرییە میللییەکان دەدات، سەبارەت بەو کارەی دەڵێ " من زۆر پەیوەستی گۆرانییە گەلێرییەکانم، چونکە پڕی برینی ئێمەن، بینیم هەموو کەس هەڵدەستێ گۆرانی نوێ دروستدەکات، بۆیە هەستمکرد خەریکە ئەو گۆرانیانە ون دەبن، لەبەر ئەوە زۆرتر ڕوومکردە گۆرانییە گەلێرییەکان و تۆمارکردنیان و دروستکردنی بەرنامە بۆ دەنگبێژە گەلێرییەکان و ئێستاش بەردەوامم ".

شەمدین 10 ساڵە بەرنامەی (شەڤبێرکا دەنگبێژان) لە تەلەڤزیۆن، پێشتر لە تەلەڤزیۆنی مەدتیڤی و میدیا تیڤی و ئێستاش لە ڕۆژ تیڤی، هەروەها دەستی داوەتە دروستکردنی دروستکردنی داستانی کوردی و دەڵێ " تاوەکو ئێستا زیاتر لە 2000 گۆرانی گەلێریم ئارشیف کردووە، لە ڕێگەی تۆمارکردنی 200 بەرنامەی شەڤبێرکا دەنگبێژان". ئەو ژمارەیە تاوەکو مانگی ئاگۆستۆسی 2008 بوو، ژمارەکە ئێستا زیاتر بووە.

دروستکردنی ئەو بەرنامە فۆلکلۆریە لە ئەوروپا، کە هەر بەرنامەی 15تاوەکو 20 گۆرانیبێژی میللی تێیدا بەشداردەبن زۆر کارێکی سەختە و شەمدین دەڵێ " بەرنامەکەی من زەحمەتترین بەرنامەی تەلەڤزیۆنە لەبەر زۆری ژمارەی بەشداربووان لە هەر بەرنامەیەکدا". بەڵام لە هەمانکاتیشدا دەڵێ " پەیوەندی دروستکردن بۆ ئەو بەرنامانە بۆ من کێشە نییە هەرچەندە لە ئەوروپاشم، چونکە پێوەندیم لەگەڵ زیاتر لە 1000دەنگبێژ هەیە و تاوەکو ئێستا زیاتر لە 253 کەس هاتوونەتە بەرنامەکە گۆرانیان گوتووە".

بەڵام لەسەرەتادا سەختبووە، دەرکەوتنی ئەو ژنانەی ماڵ بووە کە گۆرانی میللی دەزانن " گۆرانی گوتنی ژنان لە نێو کۆمەڵگەی کوردی دا هێشتا شەرمە بۆ ژنان، ژنان شەرم دەکەن گۆرانی بڵێن، بەڵام دوای چەند بەرنامەیەک ڕێگە بووەوە، زۆر لەوان بەخۆیان داوایانکرد بێن بەشداری بەرنامەکە بکەن".

بەرنامەکەی شەمدین تایبەتە بە لاوک و گۆرانییە میللییە کرمانجییەکان، لەبەرئەوەش ئەوانەی بەشداری بەرنامەکەیان کردووە کوردانی باکووری کوردستان و ئەناتۆلیا و کوردانی قەفقاسیاو ناوچەی بادینانی باشووری کوردستان و ناوچەکانی ورمێ و سەلماسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوونە. شەمدین لەسەر ئاوڕ نەدانەوەی لە حەیران و گۆرانیبێژە میللییە سۆرانیبێژەکان دەڵێ " نەمویست پرۆگرامەکە فراوان بکەم و خۆم بخەمە ناو کارێکەوە کە تەواو لێی شارەزا نەبم، بەڵام پێویست لەتەنیشت ئەو بەرنامەی من، بەرنامەیەکی دیکە بە شێوەزاری سۆرانی دروستببێ کە بایەخ بە حەیران و دەنگبێژە میللییەکانی ناوچەکانی دیکە بدات".





# شاگوڵی مۆسیقای پۆپی ئێران بەدەست سمێڵەکانییەوە ماندوو بووە



ڕووداو- ئەمریکا

سەرەتا نێویان ئیبراهیم و فاتیمە بوو، بەڵام دوای چەند ساڵێک بەهۆی ئەوەی هەردووکیان کەوتنە نێو دنیای گۆرانیبێژییەوە، نێوەکانی خۆیان گۆڕی بۆ شەهرام و شۆهرە. ئەو دوو هونەرمەندە بڕیارە لە 22 و 2009/4/23 دوو کۆنسێرت لە هەرێمی کوردستان سازبکەن.

لەشەوێکی ساردی پاییزیدا لە ساڵی 1947، لەخانووەکانی بەشی 9ی گەڕەکی سەرچیشمەی تاران، شەهرام لەدایکبوو، بەهۆی ئەوەی دایک و باوکی لە یانەیەکی شەوانەی تاران دا بەنێوی (میامی) کاریان دەکردو کەمانچەیان دەژەنی، شەهرام عاشقی هونەر بوو، بۆیە هەر لەتەمەنی منداڵییەوە خەریکی فێربوونی ئامێرەکانی مۆسیقا بوو.

شەهرام دەڵێ "باوکم هەمیشە هانیدەدام گۆرانی بڵێم".

شەهرام دوای تەواوکردنی قۆناخی سەرەتایی و ناوەندی، لە هونەرستانی باڵای مۆسیقای ئێران درێژەی بەخوێندن دا. دوای ئەوەی لە 1978 شۆڕشی ئیسلامی لەئێران ڕوویدا، هەموو یانەکانی شەوان و هۆڵەکانی ئاهەنگگێڕان داخران . شەهرام بۆ ئەوەی بتوانێ درێژە بە کاری هونەری خۆی بدات لە ساڵی 1984 ڕوویکردە شاری لۆسانجلێسی ئەمریکا.

هەر کە شەهرام گەیشتە ئەمریکا، دوای چوار مانگ یەکەمین ئەلبومی خۆی بەنێوی (تۆبە) چاپ و بڵاوکردەوە. ئەو ئەلبوومەی شەهرام دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو و بووە پڕفرۆشترین بەرهەمی فارسی لە ساڵی 1984 لە ئەمریکا. دوای ساڵێک دووەمین و سێیەمین ئەلبوومی خۆی بەنێوەکانی (×بر) و (یکی یدونە) بڵاوکردەوە.

## BBC ی فارسی: شەهرام بێ مەوعیدە

بەهۆی دەنگدانەوەی ئەلبوومەکانی، شەهرام دوو نازناوی پێبەخشرا "دەنگێک بەرزتر لەدەنگەکان" و "شاگوڵی مۆسیقای پۆپی ئێران"، تائێستاش لە زۆربەی ئەو ڕێکلامانەی بۆ کۆنسێرتەکانی دەکرێن ناوی خۆی ناهێنن و دەگوترێ "شاگوڵی مۆسیقای پۆپی ئێران کۆنسێرتی هەیە".

شۆهرە سۆلەتی خوشکی شەهرام کە 11 مانگ لە شەهرام بچووکترە، ساڵێک پێشتری شەهرام چووە ئەمریکا . شەهرام دوو برای دیکەی بەنێوەکانی شاهرۆخ و بیژەن هەیە کە لە خۆی و خوشکی بچووکترن، شاهرۆخ لە نیۆیۆرک دەژیت و بیژەنیش لە ئێران.

شەهرام تائێستا دوو جار ژیانی هاوسەری پێکهێناوە، هاوسەری یەکەمی (ئازیتا)، کچی (جەمیلە) یەکەم سەماکاری بەنێوبانگی ئێران بوو، کە دوای یەک ساڵ و نیو لەیەکتر جیابوونەوە و، دوای ژیانێکی پێکەوەیی لە هاوسەری دووەمیشی جیابووەوە، ئێستا تەنیا لەگەڵ دوو کوڕەکەی بە نێوی عەلی تەمەن 6 ساڵ و شەهداد تەمەن 5 ساڵ دەژیت . شەهرام لە هەڤپەیڤنێکیدا دەڵێ بە نیازە بۆ جاری سێیەم جار ژیانی هاوسەری پێکبێنێت، بەڵام تائێستا ناوی ئەو کچەی ئاشکرا نەکردووە کە دەیەوێ بیهێنێت .

شۆهرەی خوشکی شەهرامیش جارێک شووی کردووەو نێوی هاوسەرەکەی (خەسرەو نایێبی) بوو کە



## شۆهرە : بیر لەشووکردن ناکەمەوە

چەند ساڵێک لەمەوبەر لەیەک جیا بوونەوە، ئێستا شۆهرە تەنیایەو لەگەڵ (تەننان)ی کچە تەمەن 25 ساڵییەکەی دەژیت ووەک خۆی دەڵێ "لەمەودوا بیر لەشووکردن ناکەمەوە".

لەڕۆژنامەو گۆڤارە فارسییەکانی ئەمریکا بڵاوکراوەتەوە، شەهرام ماوەی 14 ساڵ لەگەڵ شەهرام شەبپەرە، گۆرانیبێژی بەنێوبانگی ئێرانی دانیشتووی ئەمریکا، قسەی نەکردووەو یەکتریان نەدواندووە، گوایە کێشەکەیان لەسەر کۆنسێرتێکی هاوبەش بووە کە لەئەمریکا سازیان کردبوو. ئێستاش دۆستایەتییەکی باشیان نییە، بەڵام بەپێچەوانەی براکەی، شۆهرە دۆستایەتییەکی باشی لەگەڵ شەهرام شەبپەرە هەیەوتا ئێستا چەند گۆرانییەکی هاوبەشیان گوتووە و وەکو بڵاوبووەتەوە شەهرام تائێستا نەشتەرگەری جوانکاری نەکردووە، بەڵام شۆهرەی خوشکی نەشتەرگەرییەکی لە ئەمریکا ئەنجامداوەو لێوی کەمێک گەورە کردووە.

گەورەترین ئارەزووی شۆهرەو شەهرام، دوای گەڕانەوەیان بۆ ئێران، کردنەوەی خانەیەکە بۆ منداڵە بێ دایک و باوکەکان. شۆهرە لەوبارەیەوە بە گۆڤاری جیهانی (هونەرمەندان) کە بەفارسی دەردەچێت، دەڵێ "دڵنیام لەوەی کە تەنیا ڕۆژێک لەتەمەنم دەمێنێتەوە بۆ ئەوەی ئەو خانەیە لەئێران بکەمەوە".

شەهرام تائێستا 24 ئەلبوومی گۆرانی هەیە کە دواترین و نوێترین ئەلبوومی دوو هەفتەی ڕابردوو بڵاوکرایەوە بەنێوی (پرندە).

شەهرام یەکەم کەس بوو کە گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیای (نەوا مێدیا) لەئەمریکا بەست و دوو ئەلبوومی خۆی بەنیوەکانی (هیچستان) و (حالیتە) لەساڵانی 2002 و 2006 بڵاوکردەوە، ئەو دوو ئەلبوومەی شەهرام قازانجێکی زۆری بەکۆمپانیاکە گەیاند، بۆیە داوایان لێکرد کە ببێتە هاوبەش لەکۆمپانیاکە، بەڵام شەهرام داوکاکەی ڕەتکردەوە.

چەندین سایتی ئینتەرنێتی ئیدعای ئەوە دەکەن کە ئەوان ماڵپەڕی فەرمی شەهرام سۆلەتین، بەڵام شەهرام لەدیدارێکی BBC دا ئاماژە بەوە دەکات کە تەنیا www.shahram-solati.us ماڵپەڕی فەرمی خۆیەتی.

شەهرام خۆی بە کەسێکی هەمیشە عاشق نیشاندەدات و کەسێکە کەمتر قسە دەکات و دەڵێ "من هەمیشە کەسێکی عاشقم، عاشقی عاشقبوونم، زۆربەی ئەو شیعرانەی بۆ گۆرانیەکانم هەڵیاندەبژێرم عاشقانەن".

بەهزاد بلوور کە ڕۆژنامەنووسی هونەری BBC فارسییە، لەراپۆرتێکیدا دەڵێ "شەهرام سۆڵەتی یەکێکە لەو هونەرمەندانەی زۆر بەسەختی دەتوانی هەڤپەیڤینی لەگەڵ ساز بکەی، هەمیشە چاوپێکەوتنەکان تێکدەدات و ئامادەی نابێ، چەندین جار لەو سەفەرانەی بۆ ئەمریکا کردوومە بەڵێنی پێداوم کە چاوپێکەوتنم لەگەڵ بکات، بەڵام بەڵێنەکەی بەجێ نەگەیاندووە، تەنانەت لە دوبەیش نەهات".

بڕیارە شەهرام و شۆهرە لە 22 و 2009/4/23 بەپێی گرێبەستێک لەگەڵ کۆمپانیای سانفرانسیسکۆ بێتە هەولێر، تاوەکو لەگەڵ شۆهرەی خوشکی دوو کۆنسێرت سازبکەن، دوای ئەوەی شۆهرە مانگی ڕابردوو هاتە هەولێر. بەپێی ئەوەی لەلایەن کۆمپانیاکەوە بڵاوکراوەتەوە، کۆمپانیاکە گرێبەستەکەی بە 160هەزار دۆلار لەگەڵ ئەو دوو هونەرمەندە کردووە، کە 20 موزیک ژەن و سەماکاریان لەگەڵ دێ، بەڵام ئەگەر داهاتی دوو کۆنسێرتەکە لە 180هەزار دۆلار تێپەڕی 20هەزار دۆلاری دیکەیان بۆ زیاد دەکەن.

زۆربەی هۆگرەکانی شەهرام بەهۆی ئەوەی شەهرام سمێڵێکی جوانی هەیە، سمێلی وەک ئەویان بۆخۆیان هێشتووەتەوە، بەڵام شەهرام ساڵی ڕابردوو سمێڵەکەی تاشی، دواتر دایناوە. شەهرام لەوبارەیەوە دەڵێ "زۆر کەس تەلەفۆنیان بۆکردم و گوتیان ئێمە تۆمان بە سمێڵەوە خۆشدەوێ، منیش هەر لەبەر ئەوە دووبارە سمێڵم داناوە، بۆ ئەوەی جوانتریش بێ ریشێکی بچووکیشم لەبن لێوم هێشتەوە، بەکورتی سمێڵەکەم بۆ هەمیشە گەڕایەوە شوێنی خۆی!".

شەهرام هۆی تاشینی سمێڵەکەشی ڕوونکردەوەو گوتی "ماندوو ببووم بەدەست سمێڵەکانمەوە، بۆیە تاشیم، من و شۆهرە گۆڕانکاریمان زۆر پێخۆشە، بۆیە شۆهرەش جار جار هەندێ کاری سەرسووڕهێنەر دەکات".



# جۆش و خرۆشی بەرلیناله دەستپێکرد

## ئەمساڵ بەرلیناله بەبێ کوردە

ڕووداو- بەرلین

لەم مانگەدا لە ئەڵمانیاش فیستیڤاڵی فیلمی بەرلین دەستی پێکرد. بەرلیناله بە ئۆسکاری ئەوروپا دەژمێردرێ.

بەرلیناله لە 2009/2/5 دەستی پێکرد و تا 15ی ئەم مانگە بەردەوام دەبێت .

ساڵانە فیلمی کوردیش لەوفیستیڤالەدا نمایشدەکران، بەڵام ئەمساڵ هیچ فیلمێکی کوردستان لە نێو پرۆگرامی فیستیڤالەکەدانییە.

بەرلیناله ئەم ساڵ بە بەرنامەیەکی تێر و تەژی ئامادەکاری 59یەمین ساڵەی خۆی کردووە.

فیلمی یەکەم (The Reader - خوێندکار) ە، کە لە بڕگەی باشترین فیلمی بیانیدایە، پاڵێوراوی ئۆسکاریشە، لە فیستیڤالی بەرلینالەدا پاڵێوراوی خەڵاتی تۆپی زێرینە. ئەو فیلمە لە ڕۆمانێکی نووسەری ئەڵمان بێرنارد شلێنک وەرگیراوە. ڕۆمانەکەش بە هەمان ناوە. چیرۆکی فیلمەکە باس لەسەر خۆشەویستی ژنێکی کۆنە نازی و گەنجێکی نیڤسالێ دەکات.

لە لایەکی دیکەوە پینک پانتەر 2 ، کە ستیڤ مارتن ڕۆلی تێدا دەگێڕێ، فیلمی ڕاگی کە هی سالی پۆتەرە، کە سینەماکارە نێودارەکانی وەک جودی لۆ ، جودی دینچ، و ستیڤی باسجمی تێیدا بەشدارن و، هەروەها فیلمی ماموس Mammoth ی لوکاس مودیسۆن کە جیل گارسیا بێرناڵ و میشێل ولیامس تێیدا بەشدارن، فیلمی نێو لیستی ئەمساڵن.

هەروەها ئەمساڵ (Mei Lanfang می لانفانگ) کە فیلمێکی چینییە و بینەران بە تامەزرۆییەوە چاوەڕێی دەکەن . دەرهێنەری ئەم فیلمە (چین کیەگ)یە، کە بە فیلمی سەرکەوتووی "خوات لەگەڵ خۆشەویستەکەم" ناسراوە. ئەو فیلمانەی بۆ خەڵاتی "ورچی زێڕین" دەچنە پێشبڕکێوە، لە لایەن لیژنەیەکەوە کە تیلدا سوینتۆن سەرۆکایەتیی دەکات، هەڵدەبژێردرێن.





## تاراوگە

### بەریتانیا کوردێکی کۆمۆنیست دەنێرێتەوە کوردستان



ڕووداو - بەریتانیا

◆ پۆلیسی بەریتانیا خەریکی ناردنەوەی پەناخوازێکی کوردە کە 10 ساڵە لەو وڵاتەدا دەژی. ڕۆژنامەی This is Plymouth لە ڕاپۆرتێکیدا لەبارەی پەناخوازی کورد هێمن عەبباس کە پۆلیسی بەریتانیا دەستگیرکردووە بەنیازە بینێرێتەوە کوردستان، دەڵێ چونکە داوای پەنابەرییەکەی ڕەتکراوەتەوە، دەنێردرێتەوە. ڕۆژنامەکە دەڵێ هێمن کوردێکی کۆمۆنیستە لەنێو کوردەکانی شاری Plymouth زۆر ناسراوە بۆیە کوردەکان بەنیازن لە دژی ناردنەوەی خۆپیشاندان بکەن.



# سەحەر لە گەورەترین شاری کوردنشینی ئێرانەوە



## بەڕێوبەری بەشی کوردی کەناڵی ئاسمانی سەحەر بۆ (ڕووداو):

## تەلەڤزیۆنی TRT6 داوای زنجیرە دۆبلاژکراوە کوردییەکانی لێکردووین

**ڕووداو-تاران**

تەلەڤزیۆنی TRT6ی کوردی داوای لە کەناڵی ئاسمانی سەحەر کردووە مافی بڵاوکردنەوەی زنجیرە دۆبلاژکراوە کوردییەکانی پێ ببەخشێت و خودی بەڕێوەبەری کەناڵی TRT6 بۆ ئەم مەبەستە سەردانی تارانی کردووە، بەڕێوەبەری بەشی کوردی کەناڵی سەحەر کردنەوەی هەر کەناڵێک بە شتێکی باش دادەنێت و بەبڕوای ئەو زیادبوونی کەناڵ وەک دوکان وایە، تا زیاتر بن باشترە، هەر یەکێکیش بە پێی ئەو بەرنامانە پێشکەشی دەکات بینەری خۆی دەبێت. لەبارەی کردنەوەی ئەم کەناڵە هادی محەممەدی بەڕێوبەری بەشی کوردی لە کەناڵی سەحەر لە هەڤپەیڤینێکدا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند " من تا ئێستا تەلەڤزیۆنی TRT6 م نەبینیوە، بەڵام بەڕێوبەری کەناڵەکە هاتە ئێرە و داوای مافی پەخشکردنی زنجیرە دۆبلاژکراوەکانی ئێرانی لێکردین".

وەک هێرۆخان خێزانی مام جەلال بەهۆی دۆبلاژکردنی زنجیرەی (کرێچیی)ەوە، میهردادی مودیری بانگهێشتی سلێمانی بکات.

بەشی کوردی لە کەناڵی سەحەر ڕۆژانە بۆ ماوەی 4کاژێر بەرنامەکانی بە زمانی کوردی پەخش دەکات، بارەگاکەی لە تارانە، کە گەورەترین شاری کوردنشینی ئێرانە و بەپێی مەزەندەی کۆمەڵەی کوردنشینانی تاران، ژمارەیان یەک ملیۆن کەس دەبێ.

بارەگای تەلەڤزیۆنی سەحەر کەوتووەتە ناو دەزگای ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی گشتیی ئێران (صدا و سیما)، کە لە تەنیشت باخی میللەتی تارانە و زۆربەی کەناڵە ئاسمانییەکان و ڕادیۆکانی ئێرانی لەخۆگرتووە، ژمارەی کارمەندانی سەداو سیما پتر لە 40 هەزار کەسە و، زانکۆیەکی تایبەت بە ڕاگەیاندنیش لەوێ هەیە و، ژمارەی کارمەندانی بەشی کوردیش 60تا70 کەسە. بە پێی قسەی بەڕێوەبەری ئەو بەشە پلانی داهاتووی ئەم کەناڵە زیادکردنی کاتی بەرنامەکانیانە سەرەتا بۆ12کاژێر دواتر بۆ 24. لەم بارەیەوە گوتی" لەو دیوی کوردستان پەیوەندییەکی زۆرمان پێوە دەکرێت و داوای زیادکردنی کاتی بەرنامەکان دەکەن، هەروەها فشارێکی زۆریشمان لەبارەی زنجیرە دۆبلاژکراوەکان لەسەرە". بەڕێوبەری کەناڵی سەحەر ئەوەشی ڕاگەیاند کە بەم زووانە هەردوو زنجیرەی



### سەحەر قوتابخانەی کارمەندانی تەلەڤزیۆنەکانی هەرێمی کوردستانە، بێژەرەکانی ئێستای تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان، لێرە بێژەر بوون

حەزرەتی یوسف و ئەستێرەی سیوەیل بە دۆبلاژکراوی کوردییەوە نمایش دەکەن، یەکەمیان باس لە ژیانی حەزرەتی یوسف دەکات و دووەمیشیان تایبەتە بە چیرۆکی قەرەوەیس، وەک بەڕێوبەری ناوبراو ئاماژەی پێدا داواکارییەکی زۆریان لە ڕێگەی ئیمەیلەوە لە شارەکانی باشووری کوردستانەوە بۆ دەچێت بۆ ئەو زنجیرانە و لەمبارەیەوە گوتی" نمایشکردنی زنجیرەکان هێشتا بە فارسی تەواو نەبووە، کەچی لەودیو داخوازیمان بۆ دێت بۆ ئەوەی بکرێنە کوردی". وەک ئەو ئاماژەی بۆ کرد پێشوازییەکی گەرم لەو زنجیرانە دەکرێ، ئەمەشی بە واتەی وابەستەیی و تێکەڵاوی فەرهەنگی و مێژوویی نێوان کورد و ئێران لێکدایەوە، چونکە ئەو گرفتەی لە زنجیرەیەکی کەناڵی 1ی ئێران ئاماژەی پێدەکرێت، لەهەولێرش هەمان گرفت هەیە.

بەڕێوبەری کەناڵی سەحەر ڕەخنەی لە کەناڵە تەلەڤزیۆنەکانی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی کەناڵی یەکگرتوو گرت، کە بێ پرسی ئەوان زنجیرەکانیان بڵاو دەکەنەوە، لە بۆنەیەکیشدا لە شاری هەولێر بەرپرسێکی یەکگرتووی بینیوە و ڕەخنەی لێگرتوون، کە چۆن ئەم کارە دەکەن "بەڵام لەوەڵامدا بەرپرسەکە پێیگوتم لێرە کەس بەکەس نییە". وەک ئاماژەی پێدا ئەو بەرپرسە هیچ زانیارییەکی لەبارەی ماف و کۆپی ڕایت نەبوو.

هادی محەممەدی بەڕێوبەری بەشی کوردی لە کەناڵی سەحەر لە ساڵی 1964 لە گوندێک بە ناوی قەسڵان لەدایکبووە، کە کەوتووەتە نزیک قروە لە ئوستانی سنە، دەرچووی بەشی هەواڵی ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنییە لە زانکۆی سەداو سیما. 19ساڵ لە ڕادیۆ کاری کردووە، دواتر هاتووەتە تەلەڤزیۆن، بەشی فارسی تۆڕی خەبەر، ماوەی سێ ساڵ لە هەولێر وەک بەڕێوبەری نووسینگە و پەیامنێری سەحەر کاری کردووە، لەبارەی کردنەوەی بەشی کوردی لە کەناڵی سەحەر گوتی" بەشی کوردی سەحەر دووجار کراوەتەوە، جارێکیان ساڵی 1986، ئەوکاتە تەلەڤزیۆنێکی دەرەوەی سنوور بووە، خەڵکانێکی زۆری لە دەوری خۆی کۆکردەوە، بینەرێکی زۆری هەبووە، پەخشەکەی زیاتر بۆ سەرانسەری ئێران بووە، بایەخی زیاتری بە پارتە کوردییەکانی دژ بە بەعس داوە و چەندین جار کاک مەسعود و مام جەلال و کاک نێچیرڤانی داوەتکردووە"، بەهۆی گرفتی تەکنیکییەوە ئەم تەلەڤزیۆنە داخرا، لە ساڵی 1993وە جارێکیتر بەناوی سەحەر کراوەتەوە، بەڕێوبەری بەشی کوردی لە کەناڵی سەحەر دەڵێ " زۆربەی زۆری ئەوانەی لە ڕاگەیاندنی ئەودیو ڕۆڵیان



هەیە، لێرە وانەی تەلەڤزیۆنی و ڕادیۆیی فێربوون، هەموویان لێرە قوتابی بوونە، چ لەباری نووسین یان وەرگێڕان یان بێژەری، بێژەرەکانی ئێستای تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان، لێرە بێژەر بوون، لەوانەش خانم ئابخز، کە ناوی سیما مستەفایە".

بەڕێوبەری سەحەر ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە " کەناڵی سەحەر زۆر جیاوازە لەو

### ئەو پێشوازییەی لەهەرێمی کوردستان لە عەزیز وەیسی دەکرێت لێرە لێی ناکرێت

کەناڵەی لەودیو لێی دەڕوانن، ئەو شتانەی لە کوردستان لەبارەی سەحەر دەگوترێن بێ بنەمان، کەناڵی سەحەر بەشێوەیەکی تەواو جیاوازە"، بۆ بەڵگەی ئەو قسانەشی ئاماژەی بەسەردانی شاندی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دا، کە لەمانگی ڕابردوودا سەردانی تارانیان کرد و گوتی" سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان سەردانی ئێمەیان کرد و هەڵوێستیان زۆر باش بوو، بەڵام بەو سەردانە باشتریش بوو، چونکە ئەو سەحەرەی لەم دیو دەبینرێ زۆر جیاوازە لەو سەحەرەی ئێرە، ڕەنگە لەو دیو هەندێ گرفت هەبن، بەڵام کە دێنە ئێرە دەبینن وانییە، سەحەر سەحەرێکی ئازاد و سەربەخۆیە".

ئەنوەر هوژەبری کە یەکێکە لە وەرگێڕ و پەیامنێرەکانی کەناڵی سەحەر، ساڵی 1974 لە دایکبووەو خەڵکی مەریوانە ڕەخنەی لە ئاستی زمانەوانی کەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستان گرت، کە لە ئاستێکی بەرزدا نین و زمانی ڕاگەیاندنیان شێواندووە، ئەو کە بە ڕێنووس و زمانەکەی عەبدوڵڵا پەشێو، حەمەسەعید حەسەن، ڕەفیق سابیر سەرسامە لەبارەی زمانی هەواڵ و ڕێپۆرتاژ و بەرنامەکانی سەحەر گوتی" هیچ ڕێنماییەک و فەرمانێک لەبارەی زمانی هەواڵ و ڕاپۆڕت و ڕێپۆرتاژەکانی سەحەر لە ئارادا نییە، خودی نووسەر و کارمەندانی بەشی کوردی سانسۆر و چاودێری دەخەنە سەر خۆیان و هەوڵدەدەن بە زمانێکی ئاست بەرز و ڕۆشنبیرییەکی فرەوانەوە بابەتەکانیان ئامادە بکەن". وەک ئەو ئاماژەی بۆ کرد هەندێ کارمەندی کەناڵە کوردییەکانی ئەودیو بەبێ ئەوەی هیچ زانیارییەکیان هەبێت خۆیان لەقەرەی بابەتێک دەدەن، کە نە لە ڕووی زانیارییەوە ئاگادارن، نە لەڕووی زمانەوانیشەوە ئەو توانایەیان هەیە.

بەهەمان شێوە بەڕێوبەری کەناڵی سەحەر ڕەخنەی لە ئاراستەی فیکری کەناڵە کوردییەکان گرت، کە گۆرانی و بەرنامەی دوور لە کولتووری کوردەواری نمایش دەکەن و گوتی" بیروباوەڕێک لە پشت نمایشکردنی ئەو جۆرە گۆرانیانەوەیە، کە ڕیتمێکی خێرایان هەیە، ناوەڕۆکەکشی، ڕیتییەلە پەرەسەندن و گەشەپێدانی فیکری ڕۆژئاوایی، کە خەریکە شاکەڵە و شیرازەی فەرهەنگی کوردی دەڕوخێنن، هیچ کوردێک ئەو کلیپانەی قبوڵ نییە".

لەبارەی چۆنیەتی نمایشکردنی ئەو گۆرانیانەش بەڕێوبەری بەشی ناوبراو لە تەلەڤزیۆنی سەحەر گوتی" لێرە ئەنجوومەنی مۆسیقا هەیە، ئەوانەی لەم ئەنجوومەنە کارناسی مۆسیقازان و زمان و ئەدەبیاتی کوردین، شارەزاییان لەبارەی مێژووی کورد هەیە، هەر گۆرانییەک کە دێتە سەحەر، دەبێ لە پێشدا شیعرەکەی ببینرێ، کە ئاخۆ بۆ گۆرانی کوردی گونجاوە یان نا؟ ئەگەر پەسندی کرد دەیداتە بەشی مۆسیقا، ئەوانیش کە هەمووی کوردن میلۆدییەکەی دادەنێن و هەڵیدەسەنگێنن و دەبێتە کلیپ، ئەگەر کارەکەی گونجاو نەبێت بڵاوی ناکەینەوە".

سەحەر گۆرانییە شایی ئامێز و ئاهەنگییەکان نمایش ناکات، لەوانەش گۆرانییەکانی عەزیز وەیسی کە لە هەرێمی کوردستان ڕەواجێکی زۆریان هەیە. هادی محەممەدی لەبارەی ئەو گۆرانیانەوە دەڵێ" لێرە کەس سانسۆر ناکرێ، بەڵام دەبێ مۆسیقاش بنەمایەکی زانستی هەبێت، ئەو پێشوازییەی لەودیو لە عەزیز وەیسی دەکرێت لێرە لێی ناکرێت، تۆ ناتوانی لەباری هونەرییەوە عەزیز وەیسی و شەجەریان بە یەکەوە هەڵسەنگێنی، یان لەگەڵ یەکێکی وەک عەلی مەردان بەراوردی بکەی، لێرە ڕێز لە بەرهەمی ڕەسەنی گۆرانیبێژانی وەک حەسەن زیرەک و ماملێ و سەید ئەسغەری کوردستانی دەگیرێت و ئەوانە بڵاودەکرێنەوە".

هادی محەممەدی زۆر خۆشحاڵ بوو، کە زنجیرە دۆبلاژکراوەکانی تەلەڤزیۆنی سەحەر پێشوازییەکی گەرمیان لە کوردستان لێدەکرێت و بینەرێکی زۆری هەیە، هەر ئەو پێشوازییەشە وایکردووە یەکێکی



## کوردێکی کۆری دەڵێ حکومەت و خەڵک لە عێراق کوردیان دەکوشت

# دەمەوێ ببمە پردێکی مرۆیی نێوان کوردستان و کۆریا

**ڕووداو-کۆریا**

بۆ زۆرینەی کۆرییەکان، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تەنیا وێنەیەکی بیابان و پرۆژەی دروستکردنی باڵەخانە و خەڵکی موسڵمانە کە بەجلوبەرگ خۆیان داپۆشیووە، کاتێکیش بیر لە عێراق دەکەیتەوە وێنەی شەڕ بەسەر هەموو وێنەکانی دیکەدا زاڵە و وڵاتێکی دوورەپەرێزە کە بەردەوام لەسەردێری هەواڵەکانە، ئەمە وێنەی عێراقە لە لای زۆرینەی کۆرییەکان.

سەرەڕای ئەوەی هیچ هاوشێوەییەک لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا نییە، بەڵام پیاوێکی ئەو خاکە دوورەپەرێزە، چەند ساڵێک لەمەوبەر وڵاتی کۆریای کردە وڵاتە نوێیەکەی خۆی.

ئیسماعیل میرشەم کوردێکی عێراقە و لەوێ پزیشکی ئاژەڵان بووە و لە ساڵی 1998 گەیشتووەتە کۆریا و لە ساڵی 2002 بە فەرمی وەڵاتینامەی کۆریای وەرگرتووە، ئێستا ئیسماعیل دەرچووی زانکۆی (سانگ کۆنگ هو)ی کۆرییە و دەرچووی کۆلێژی لێکۆڵینەوەی ڕێکخراوە ئەهلییەکانە. ئیسماعیل خەون بەوەوە دەبینێت ڕۆژێک ببێتە چالاکڤانێکی ڕێکخراوێکی ئەهلی و بتوانێت بارودۆخی عێراق بگۆڕێت.

لەم بارەیەوە ئیسماعیل گوتی" دەسەڵاتدارانی ئەو ناوچەیە هەرگیز نوێنەرایەتی خەڵکەکەیان نەکردووە، عێراق کاتێک لە شەڕ و دیکتاتۆری ڕزگاری دەبێ کە خەڵکەکەی مافەکانی خۆیان بزانن، بۆیە ڕێکخراوە نا حکومییەکان پێویستە زیاتر بایەخ بە وشیارکردنەوەی خەڵک بدەن".

ئیسماعیل بەهۆی ئەو بارودۆخەی هەرێمەکەی هەیبوو لەژێر دەستی سەدامدا بەرەو کۆریا ڕایکرد، نێوبراو ڕایگەیاند کە بەهۆی ئەوەی کوردستان پڕی سەرچاوەی سروشتییە، وڵاتانی دەروبەر بەردەوام سەرقاڵی چەوساندنەوەی کوردن بۆ ئەوەی دەست بەسەر ئەو سەرچاوانەدا بگرن و ڕێگە بە کورد نەدەن هیچ سوودێک لە خاکەکەی خۆیان وەربگرن.

ئیسماعیل ئەوەشی ئاشکراکرد کە وەختی خۆی خزموکەسوکاری لەلایەن ڕژێمی سەدامەوە شوێن بزرکراون و هەتا ئێستا نەیدۆزیونەتەوە، ئیسماعیل دەڵێ تەنیا حکوومەتی عێراق دژی کورد نەبوو، بەڵکو خەڵکی عێراقیش دژی کورد بوون و کوردیان دەچەوساندەوە.

لەم بارەوە ئیسماعیل گوتی" خەڵکی عێراق لەمێژە بەهۆی دیکتاتۆری کوێرکراون، ئەوان هەروەکو ئەو کەسانەن کە لەشوێنێکی تاریکەوە ڕاستەوخۆ چوونەتە بەردەم خۆر، هیچ نابینن، ئەوان هیچ ڕێڕەوێکی دیکەیان نییە پەیڕەوی بکەن، تەنیا پەیڕەوی عەشایەری و ئاینی نەبێت".

میرشەم ئەوەشی ڕاگەیاند کە خەڵک و سوپای عێراقیش کە هاونەتەوەکانی ئەویان لەناوبردوون، قوربانی دەستی گەورە بەرپرسانی ئەو وڵاتە بوون.

هەروەها ناوبراو گوتی" کاتێک باسی ئاشتی دەکەم، من باس لە ئاشتی بۆ هەموو ناوچەکە دەکەم، نەک تەنیا نەتەوەکەی خۆم، بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجەش پێویستیمان بە هێزێکی مەدەنی پتەوە، نەک هێزێک سەر بە حکوومەت بێت، هیچ جیاوازییەکیش نابێت ئەگەر کورد بێت یان غەیرە کورد".

ئیسماعیل قەت کۆریای لەمێشکدا نەبووە، کاتێک بیری لە ڕۆیشتن دەکردەوە لە وڵاتەکەی، بەڵام دوای ئەوەی لە عێراقەوە چووەتە ئوردن، لەوێ حەزی کردووە بچێتە وڵاتێکی ئەوروپی، بەڵام بەهۆی ئەوەی ماوەی مانەوەی لەو وڵاتە بەسەر چوو، ناچار بوو ژیانی لەهەر وڵاتێک بسورێت، ڕووی تێبکات.

لەم بارەوە ئیسماعیل گوتی" گرنگترین خاڵ بۆ من ئەوەبوو بچمە وڵاتێکی دیکە و تا دەتوانم لە عێراق دوور بم، پەنابەری عێراق لەلایەن حکوومەتەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەباشی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ناکرێت، هەروەکو چۆن پەنابەرانی کۆریای باکوور لەلایەن حکومەتی چینەوە بە خراپی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرێت".

لەگەڵ ئەوەی هیچ کێشەیەکی نییە لەوەی چووەتە کۆریای باشوور، بەڵام دووچاری چەندین دەردەسەری بووە، لەبەرئەوەی پەنابەری سیاسییە و کرێکارێکی بیانییە. ئیسماعیل دەستی لەکارەکەی خۆی کە پزیشکی ئاژەڵ بوو، هەڵگرت و ڕوویکردە کاری دەستی.

لەبارەی ژیانییەوە ئیسماعیل گوتی" نامەوێت بیر لەو ڕۆژانە بکەمەوە، ئەوکات بەهۆی ئەوەی ڕەگەزی نەوەییم جیاواز بوو لەگەڵ خەڵکی دیکە، زۆر چەوسێنرامەوە، زۆرینەی کۆرییەکان وەک ئاژەڵ تەماشای کرێکارانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەکەن".

سەرەڕای ئەو ژیانە ناخۆشە، ئیسماعیل بە هیواوە دەڕوانێتە وڵاتە نوێیەکەی بەتایبەتی دوای ئەوەی لە ساڵی 2002، ئافرەتێکی کۆری کردە هاوسەری خۆی و دەستیکرد بە خوێندن.

ئیسماعیل لەمبارەیەوە دەڵێ" سەرەڕای ئەو هەموو نەهامەتییە، کۆریا لەچاو عێراق هەلی ژیانی تێدا بوو".

ئێستا ئیسماعیل کە هاووڵاتییەکی کۆرییە و چالاکڤانی ڕێکخراوێکی ئەهلییە، دەیەوێت ڕۆڵێکی پۆزەتیڤی هەبێت لە ئاوەدانکردنەوەی عێراق.

لەو بارەیەوە ئیسماعیل گوتی" بەردەوام دەمەوێت بارودۆخی کورد لە کۆرییەکان و خەڵکی وڵاتانی دیکەش بگەیێنم، کورد نەک تەنیا لەلایەن جیهانەوە پشتگوێ خرابوو، بەڵکو بەهۆی ئەوەی لە ناوچەیەکی وەکو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەژین، کێشەی کورد زۆربەی جار دەکەوێتە پشتەوەی کێشەکانی دیکە و ئەو ناوچەیە و لەبیر دەکرێت، بۆیە هیوادارم ببمە پردێکی مرۆیی".

**لە ڕۆژنامەی The Korea Herald-ەوە وەرگیراوە**

# کاروباری ژنان



بەناز گیانی لەدەستدا

رووداو-هەولێر

◆ دوای 25 رۆژ مانەوە لەژێر چاودێری پزیشکدا، رۆژی 2009/2/6 بەناز مامەند، 20ساڵ، لە نەخۆشخانەی ئیمرجنسی گیانی لەدەستدا. هەروەک لەراپۆرتێکی ژمارەی رابردووی (رووداو)دا بڵاوکرایەوە، بەناز دوای ئەوەی لەگەڵ مێردەکەی لەسەر زڕ منداڵەکەی دەبێتە کێشەیان، ئاگری لە خۆی بەرداو، 57 % لاشەی سوتا. مێردەکەی بۆ ماوەی هەفتەیەک دەستگیر کراو دواتر ئازادکرا.

## "فێنک لەسەر پیتێک زیندە بەچاڵ کرا"

### توندوتیژی دژ بەژنانی رانیە و قەڵادزێ لەزیاد بووندایە



ئازیز مەحمود
رووداو-رانیە

بەپێی وتەی سەرچاوەیەک لە یەکێتی ژنانی کوردستان لە رانیە، لەسەرەتای مانگی رابردوودا لە ناوچەکانی رانیە و قەڵادزێ توندوتیژی بەرامبەر ژنان زیادی کردووە ودەزگا پێوەندیدارەکانیش لە ناوچەکە نەیانتوانیوە وەکو پێویست لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو رووداوانە بکەن.

بەپێی وتەی ئەو سەرچاوەیە لە مانگی رابردوودا 10 حاڵەتی توندوتیژی لەناوچەکەدا هەبووە، کە 7 حاڵەتیان خۆ سووتاندن بووەو 3 حاڵەتیش خۆ کوشتن بووە .

سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەشدا چەندین حاڵەتی دیکەی توندوتیژی هەبووە، بەڵام لە دادگا تۆمار نەکراون وبەنهێنی ماونەتەوە، یان بەهۆی ئەوەی ئەو قوربانیانەی خۆیان دەکوژن یان دەسووتێن، بە قەزاو قەدەر لەقەڵەمدراون، بەدواداچوونی تەواویان بۆ نەکراوە.

### لەسەر هێنانی ژنی دووەم خۆی کوشت

یەکێک لەو 10 قوربانیانە ژنێکی تەمەن 21 ساڵە، بەناوی شەهێن رەسوڵ عەبدوڵڵا، کە دانیشتووی گوندی بێردبی سەر بەناحیەی سەرکەپکانە. بەپێی قسەی سەرچاوەکەی یەکێتی ژنان بۆ (رووداو) "ئەو ژنە بەهۆی ئەوەی منداڵی نەبووە، مێردەکەی هەڕەشەی ژنهێنانی دووەمی کردووە، ئەویش بە دەمانچە خۆی کوشتووە".

ئەو سەرچاوەیە ئاماژەی بەوەشدا ئەو ژنە شەش ساڵ بوو شووی کردبوو، بەڵام دکتۆر پێی راگەیاند کە هەرگیز منداڵی نابێت، بۆیە مێردەکەی هەڕەشەی لێکردووە ژنی دووەمی بەسەر بێنێت، ئەویش خۆی دەکوژێ .

### پیتێک فێنک بەکوشتن دەدات

بەگوێرەی ئەو سەرچاوەیەی یەکێتی ژنانی کوردستان، بەگومانی ئەوەی کچێکی تەمەن 21 ساڵ، کە ناوی فێنک بوو، دانیشتووی قەڵادزێ بوو، پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێک هەبووە " بەزۆر دەدرێتە ئامۆزاکەی، بەڵام دوای ئەوەی پیتی ناوی کوڕەکەی لە مل دا دەبینرێت، لەلایەن مامەکانییەوە بە فیشەک لێی دەدرێ و پێش ئەوەی گیانی دەربچێت دەخرێتە ژێر گڵ، ئێستاش هەڕەشەی کوشتن لە دایکی دەکرێت" .

سەرچاوەیەک لە یەکێتی ژنانی کوردستان، زانیاری لەسەر ئەو کچە بۆ (رووداو) ئاشکرا کرد وگوتی "فێنک کچە ئاغایە، بەڵام باوکی نەماوە، کەسیش ناتوانێ لێکۆڵینەوە لەگەڵ مامەکانیدا بکات، چونکە پلەی بەرزی حیزبییان هەیە" . سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەشدا کە " دەنگۆی ئەوە هەیە بەڕێوبەرایەتی توندوتیژی دژ بە ژنان لەسلێمانی لەبوونی کوشتنەکەی فێنک ئاگادار کراونەتەوە، بەڵام بێدەنگیان لێکردووە" .

سەرچاوەیەک لە بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی دژی ژنان لە سلێمانی لەو بارەوە بە (رووداو)ی راگەیاند "نووسینگەی رانیەی ئێمە ئاگادار کراوەتەوە لە بوونی ئەو کێشەیە، بەڵام بنەماڵەکەی گوتوویانە کچەکەمان دیار نەماوەو نازانین رایکردووە یان کوژراوە" . سەرچاوەکەی بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی دژی ژنان لە سلێمانی گوتیشی " دەنگۆی ئەوە هەیە کە کوژراوە، بەڵام دڵنیا نین وایە، چونکە کەس سکاڵای لەسەری نییە، کێشەکەش ئێستا لای داواکاری گشتییە" .

رائید حەسەن رەشید، لێپرسراوی نووسینگەی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان لە رانیە وقەڵادزێ، بە (رووداو)ی راگەیاند " ماڵی کچەکە سکاڵایان تۆمار نەکردووەو دەڵێن کچەکەیان ونبووە، بەڵام ئێمە گومانمان لەو قسەیە هەیە، بۆیە لە داواکاری گشتی سکاڵامان لەسەر کەسوکارەکەی تۆمار کردووە، داواکاری گشتیش کەیسەکەی بۆ دادگای قەڵادزێ رەوانە کردووە" .

### سابات لە شەوی بوکێنی خۆی کوشت

لە ناوچەی گەرمکانی سەر بەناحیەی مەرگە کچێکی تەمەن 20 ساڵ بەناوی سابات، دوای ئەوەی دەردەکەوێت پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێک هەیە، بە زۆر بەشوو دەدرێ، دوای گواستنەوەی لەشەوی بووکێنیدا دەکوژرێ.

بەپێی قسەی سەرچاوەکە بۆ (رووداو) ژنێک بەناوی مەحبوبە حوسێن، تەمەن 25 ساڵ، دانیشتوی گەرەکی کێوەرەشی رانیە بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ هاوسەرەکەی بە دەمانچە خۆی بریندار دەکات دواتر خۆی دەسوتێنێ وگیان لە دەستدەدات.

ئەو سەرچاوەیە بوونی بەڕێوەبەرایەتییەکی خاوەن دەسەڵاتی لەناوچەکەدا بەپێویست زانی بۆ ئەوەی بتوانێ فشار بخەنە سەر حکومەت بۆ بەسزا گەیاندنی هەرکەسێک کە توندوتیژی بەرامبەر ژنان بەکار دەهێنێت.

باسی لەوەشکرد کە بەنیازی خۆپیشاندانێکن دوای ئەوەی ئەو هەموو توندوتیژییەی دەکرێت بەرامبەر بەژنان، حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان لێی بێدەنگن، گوتیشی "عەشایەری لەو ناوچانەدا رۆڵی گرنگی هەیە وکەس ناتوانێ لێکۆڵینەوە لەگەڵ تاوانباراندا بکات، تەنانەت دادگاش نەیتوانیوە لێکۆڵینەوە بکات لەو هەموو توندوتیژیەی بەرامبەر ژنان دەکرێت" .



## سەروین لەسەرتەمسیلێک خۆی سووتاند

### سەروین دوای رزگاربوونی: خۆسووتاندنی ژنان بێ عەقڵییە



سۆران بەهائەدین
Soran2025@yahoo.com

رووداو-هەولێر

سەروین لەسوچێکی ماڵەکەیان پاڵی دابووەوە، بەدەم ئازاری سوتانەکەیەوە دەیناڵاند، کراسێکی مۆرو لەچکێکی رەشی لەسەر ئاڵاندبوو. سەروین زۆر پەشیمانە کە خۆی سووتاندووە، ئەو ژنانەشی بە "بێ عەقڵ" ناوبردن کە خۆیان دەسووتێنن "ئەوە بێ عەقڵییە ژنان خۆیان دەسوتێنن".

رۆژی 2009/1/6، لە قەزای بنەسڵاوە کچێک بەناوی سەروین عەلی مەولود،تەمەن 16 ساڵ، دوای ئەوەی لە باوکی تورە دەبێت خۆی سووتاندو 50%ی لاشەی سووتا، دوای 20 رۆژ لە چارەسەر کردن لە نەخۆشخانە ئێستا گەڕاوەتەوە ماڵەوە، هەر بەهۆی ئەو رووداوەوە برایەکی سەروین دوو رۆژ لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر کرا، بەڵام سەروین سکاڵای لەکەس نییەو دەڵێت "زۆر پەشیمانم کە خۆم سوتاند".

نەقیب ژیلەمۆ عەبدولقادر بەڕێوەبەری بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەئافرەتان لە هەولێر، بە (رووداو)ی راگەیاند، سەروین سکاڵای لە کەس نەبوو "لە ئیفادەکەیشی گووتوویەتی رووداوەکە بە قەزاو قەدەر بوو".

ئەو ئێوارەی سەروین خۆی تێدا سووتاند، لەگەڵ دایک وباوک وخوشکێکی کە بەسەردان هاتبووەوە لە ماڵ دەبن، هەتا نانیش دەخۆن هیچ کێشەیەکیان نابێت وبەدیار زنجیرە درامایەکی تەلەڤزیۆنییەوە دادەنیشن، کاتێک مام عەلی باوکی دەبینێت نان خوراوە کەچی قاپ وقاچاخ هێشتا هەر لەو ناوە کەوتووە، زۆر تورە دەبێ وهاوار دەکات . سەروین گوتی "بە باوکمم گوت با ئەو تەمسیلە تەواو بێت، ئینجا شتەکان کۆدەکەینەوە، بەڵام باوکم رانەوەستا وبووە دەنگەدەنگمان".

سەروین نەیتوانیبوو بەرگەی هات وهاوارەکانی باوکی بگرێت و، بە راکردن دەچێتە ناو حەمام دەرگا لەسەر خۆی دادەخات " دارێکم بە نەوت کردو بەکراسەمەوە نا، شقارتەم لێداو ئاگرم لەخۆم بەردا، لە پێمەوە هەتا سکم سووتا، ئاگرێکی زۆرم تێبەربوو، بەهاوارەوە بۆلای باوکم هەڵاتم، خوشکەکەم بە بەتانی کوژاندمییەوە، ئاگام لەخۆم نەما، منیان بردبووە نەخۆشخانە".

عەلی مەولود، باوکی سەروین لەسەر عارەبانەیەکی کەمئەندامان دانیشتبوو، چونکە پێیەکی لە چۆکییەوە بڕاوەتەوە . ئەو خۆسوتانی کچەکەی وەک هەموو ئافرەتان بە کارێکی خراپ دادەنێ چونکە دەبنە هۆی شەرمەزاری بۆ خۆیان وبنەماڵەکەیان " ئێمە پێی مردووین، بووینەتە دڵۆپە ئاوێک، بەخوا ئەوەندەی نەدەهێنا خۆی بسووتێنێت، من ودایکی سەقەتین ئەوە خۆشی سەقەت بوو".

مام عەلی کە رەتیکردەوە،خۆی لە کچەکەی تورە کردبێ گوتی "هەر ئەوەندەم گوت کچم هەر دەبێت یەکێک پەمپت لێبدا ئینجا کارەکەت بکەیت، هەستە کارەکەت بکە خۆ بێگانە نایێت ماڵمان بۆ کۆبکاتەوە".

یەکێک لە دراوسێکانی ماڵی سەروین کە زیاتر لە 10ساڵە مام عەلی دەناسێت ئاماژەی بەوەدا، دوای ئەوەی مام عەلی پێیەکی بڕایەوە زوو عەسەبی دەبێ، بەڵام "حەیف بۆ کچەکەی خۆی سووتاند، بەخۆڕایی خۆی سەقەتکرد، دەزانی باوکت نەخۆشە، تورەیە بۆ بە قسەی ئەو خۆت دەسوتێنی".

لەو کاتەی سەروین دەبردرێتە نەخۆشخانە لە ئیفادەی یەکەم دەڵێت خۆم سوتاندووە، بۆیە پۆلیس لێکۆڵینەوە لە رووداوەکە دەکات و، دەیەوێت باوکی سەروین دەستگیر بکات. ئیسماعیلی برای سەروین کە لە تەنیشت باوکییەوە راوەستابوو گوتی "باوکم بەو سەقەتیەوە چۆن دەبێ بگیرێت، لە جیاتی ئەو خۆم رادەستی پۆلیس کرد". دواتر سەروین لە ئیفادەکەی پەشیمان دەبێتەوەو دەڵێت پەرەمێزم پێدا تەقیەوە بۆ ئەوەی براکەی ئازاد بکرێت.

سەروین دەستی بە قاچەکانی دادەهێناو خەفەتباری خۆی بۆ ئەوە نەشاردەوە کە ئێستا خەڵک باسیان دەکات، لەگەڵ ئەوەی لە داخی باوکی خۆی سووتاندووە، بەڵام هێشتا ئامادە بوو داوای لێبووردن لە باوکی بکات "دەڵێم باوکە گەردنم ئازاد بکە".

سەروین کە یەکجار پەشیمانە لەو هەوڵە خۆکوژیەی بە بزەیەکەوە گوتی "ئەوەی خۆی دەسوتێنێت بێ عەقڵە، ئێستا زۆر زۆر پەشیمانم، غەدرم لەخۆم کرد، ئەو کێشەیە ئەوەندەی نەدەهێنا خۆم بسووتێنم".

## ژیان لە نەوا

### ژنانی سەنتەری نەوا دەیانەوێت پیاسەی بازاڕ بکەن

رووداو – هەولێر

خەرمان بەهۆی بەکارهێنانی مۆبایلەوە لە ماڵەوە رایکردووەو، ئێستا لەسەنتەری نەوایە، خێزانەکەی ئامادە نین وەریبگرنەوە. خەرمان بە هەفتەیەک مانەوەی بێ چوونە دەرەوە لەو سەنتەرە بێزار بووەو، پێی خۆشە رێگەی پێ بدەن بچێتە بازاڕ، بەڵام دەڵێت "ئەگەر حەزیش بکەین چ سوودێکی هەیە، بەدەست خۆمان بچینە دەرەوەو بە ئارەزووی خۆمان بگەڕێین".

خەرمان کە ناوی خوازراوی ئەو کچە تەمەن 18 ساڵەیە، کە لەڤافێکی لەدەست ئاڵاندبوو بە هۆی بەربوونەوەی دەستە شکاوەکەی کولابووەوە، زۆر پەشیمان بوو لەوکارەی کە کردوویەتی، کە باوکی چەندین جار موبایلی لێگرتووە، ئەویش لەماڵ هەڵاتووە، بۆیە هیواخوازە خێزانەکەی رێگەی پێبدەن بچێتەوە ناویان و ژیانێکی ئاسایی بژیت نەک لە سەنتەرەکان بکەوێت "زۆر هەڵەم، پەشیمانم، دەمەوێت دایک وباوکم وەرمبگرنەوە".

سەنتەری نەوا، کە لە دوای داخستنی ماڵی خانزاد کراوەتەوە، پەناگەیەکە بۆ ئەو کچ وژنانەی بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتی و خێزانی دەکەونە ژێر هەڕەشە، یاخود دەردەکرێن .

نیگار بەکر، بەڕێوەبەری سەنتەری نەوا بە (رووداو)ی راگەیاند، ئەوان هەمیشە هەوڵدەدەن بەرێگەی کۆمەڵایەتی ویاسایی کێشەی ئەو ئافرەتانە چارەسەربکەن کە روو لە سەنتەرەکەیان دەکەن " رێککەوتن لەنێوان هەردوولا دروستدەکەین، ئەگەر لەوەشدا سەرنەکەوتین و کێشەکەیان چارەسەر نەبوو، کێشەکانیان دەبەینە دادگا و پارێزەریان بۆ دەگرین".

سەنتەری نەوا، کە 6پۆلیسی پیاو و 2 پۆلیسی ژنی هەیە. ئەو ژنانەی لەو سەنتەرە دەمێننەوە بۆیان نییە بچنە دەرەوە یان تەلەفۆنیان پێ بێت، کارمەندانی سەنتەرەکە خۆیان پێداویستییەکانیان بۆ دابین دەکەن، ئەگەر تەلەفۆنیشیان ویست لە رێگەی تەلەفۆنی سەنتەرەکەوە دەتوانن تەلەفۆنی پێویست بکەن، بەڵام بەشێک لەژنەکان دەیانەوێت رێگەی چوونە دەرەوەو بازاڕیان پێ بدرێت .

بەپێی قسەی بەڕێوەبەری سەنتەرەکە ئەو ژنانەی ژیانیان لە مەترسیدایە خۆیان نایانەوێت بچنە دەرەوە، بەڵام ئەوەی کێشەیەکی سووکی هەیە داوا دەکەن رێگەیان پێبدرێ بچنە بازاڕ. بەڕێوەبەری سەنتەرەکە دەڵێت هەندێکیان ئاساییە ئەگەر بچنە دەرەوەش، بەڵام ئەگەر بیانبەنە دەرەوە، رەنگە کێشە بۆ ئەوانی دیکە دروست ببێ " چونکە شوێنەکە نهێنییە، دەمانەوێت تا لێرەبن پارێزراوبن، بەڵام رێگەیان پێدراوە لە ژێر چاودێری دا بچنە نەخۆشخانە و دادگا و شوێنە پێویستەکانی دیکە".



**سەنتەری نەوا**

– لە 2007/9/18 لە هەولێر کراوەتەوەو سەر بە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتییە.
– تەنیا لە سێ مانگی 2007دا، 75 ئافرەتی وەرگرت و لە ساڵی رابردووشدا 142 ئافرەت هاتوونەتە سەنتەرەکە.
– ئێستا 16ئافرەت و7منداڵی لێیە.
– بەگشتی تا ئێستا 230 ئافرەت هاتوونەتە سەنتەرەکەو کێشەکەیان چارەسەرکراوە وگەڕاونەتەوە ناو خێزانەکەیان.
– 6 پۆلیسی پیاوو 2 پۆلیسی ئافرەت لەو سەنتەرە هەن.
–بەڕێوەبەرێک و 4 توێژەری کۆمەڵایەتی هەیە.
–مانگانە 30 هەزار دیناریان پێدەدرێ و هەفتانە جارێک پزیشک سەردانیان دەکات.
–ئەو سەنتەرە پارێزەر بۆ ئافرەتەکان دەگرێت .

### وا هەستدەکەن ئێرە زیندانە

لەبەر ئەو هەستیاریانەی بەڕێوبەری سەنتەرەکە باسیکرد، بۆ پاراستنی ژیانیان رێگەی چوونە دەرەوەیان پێنادرێ، بەڵام ئەو پاساوانە نابنە رێگر لەوەی هەندێک لەو ژنانە سەنتەرەکە بە "زیندان" دابنێن. نیگار ئاماژەی بەوەدا بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدان بۆیان روون بکەنەوە سەنتەرەکە زیندان نییە " هەوڵدەدەین قەناعەتیان پێبێنین ئێرە وەکو ماڵە و دەتوانن لەنێو بیناکە بگەڕێن، بەڵام لەبەر ئەوەی لەخێزان وهاورێکانیان دوورن وناتوانن بگەڕێن و وا هەستدەکەن لەزیندانن".

هاژە سەباح، کە یەکێکە لە چوار توێژەرە کۆمەڵایەتییەکەی سەنتەری نەوا، پێیوابوو هۆکاری ئەوەی کە ئەو ژنانە هەست بەوە دەکەن کە لە زینداندان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە چوونە دەرەوەیان نییە و، گوتی "لەبەر ئەوەی لە خێزانێکی داخراو ژیاون، زۆر حەزیان لەئازادی دەرەوەیە".

ئەو توێژەرە پێی باش نییە، رێگە بەو ئافرەتانە بدرێت بچنە دەرەوە، چونکە بەشێک لە حاڵەتەکان هەڕەشەیان لەسەرە و، ئەوانەش دواتر چاو لەوانیدیکە دەکەن و داوای دەرەوە دەکەن، جگە لەوەش " ئەگەر بچنە دەرەوە رەنگە تووشی هەڵەبن، چونکە هۆشیاری تەواویان نییە، کەسێکی چاوکراوە نین، خەڵکیش بە جۆرێکی دیکە لێکیدەداتەوە".

### هەوڵی خۆکوشتن دەدەن

شەهێن، ناوی خوازراوی ژنێکی تەمەن 22 ساڵانە، دایکی سێ منداڵە، بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتییەوە زیاتر لە دوو مانگە لە سەنتەری نەوایە. شەهێن کە منداڵەکانی لە بەردەمی یاریان دەکرد، ژیانی خۆی بە بەراورد بە ماڵی رابردووی بە "زۆرخۆش" وەسفکرد.

بەڵام شەهێن ئاماژەی بەوەدا کە هەموویان لەو سەنتەرە تووشی خەمۆکی بوون و بە خەمەوە ژیان دەگوزەرێنن، لەچاوەڕوانی قەدەردران تا داهاتووی ژیانیان بگۆڕێت، چونکە وەک ئەو دەڵێت نازانن کێشەکانیان دەگاتە کوێ وچییان بەسەر دێت " هەستدەکەین لێرە زیندانین، نازانین کێشەکانمان دەگاتە کوێ، بەردەوام بەخەمەوە دەژین".

لەبەر ئەوەی هەڕەشەی لەسەرە، شەهێن نایەوێت لە بیناکە بچێتە دەرەوە، بەڵام باسی لەوە کرد، کە بەهۆی مانەوەی لەگەڵ سێ منداڵەکەی دا و چارەسەرنەبوونی کێشەکەی تووشی حاڵەتی دەروونی خراپ بووە و چەندین جار هەوڵیداوە خۆی بکوژێت، بەڵام ئامۆژگاریان کردووە ئەو کارە نەکات، دەڵێت "زۆربەی ژنەکان هەوڵی خۆکوشتن دەدەن، خۆشم زۆرم هەوڵدا خۆم بکوژم، بەڵام دەڵێن ئەگەر خۆت کوشت ئەو سێ منداڵە چی لێدەکەی، سەبر بگرە کێشەکەت کۆتایی دێت".



### 70 %ی ئەو ئافرەتانەی هاتوونەتە سەنتەرەکە کێشەکەیان بە هۆی موبایلەوە بۆ دروستبووە

بەڕێوەبەری سەنتەری نەوا

ژنەکانی سەنتەری نەوا زۆرجار لەلای هاژە باسی ئەوە دەکەن، کە خۆیان دەکوژن، بەڵام ئەو کۆمەڵناسە دەڵێت، ئەوە هەر قسەیە وئێمە ئامۆژگاریان دەکەین کە خۆکوژی چارەسەر نییە " وا هەستدەکەن کێشەکانیان قووڵەو چارەسەر نابن، بەڵام ئامۆژگاریان دەکەین و پەشیمان دەبنەوە، چونکە رۆژێک دادێت ئەوانە ئازاد دەبن".

مۆبایل بووەتە یەکێک لە سەرچاوەکانی کێشەی ژنان لە کۆمەڵگەی کوردی دا. بەبڕوای بەڕێوەبەری سەنتەری نەوا 70%ی ئەو ئافرەتانەی هاتوونەتە سەنتەرەکە کێشەکەیان بە هۆی موبایلەوە بۆ دروستبووە.

بەشێک لەو ژنانەی روو لەسەنتەرەکە دەکەن هەڕەشەیان لەسەرە تا ئەو رادەیەی بۆ کارمەندانی سەنتەرەکەش بووەتە کێشە. نیگار دەڵێت بنەماڵەکانیان دەیانەوێت بە زۆر کچەکانیان ببینن و بیبەنە لایان، ئافرەتەکانیش ئەوە رەتدەکەنەوە "وا دەزانن ئێمە رێگرین، لەسەر ئەوە هەڕەشەی کوشتن ورفاندنمان لێدەکەن".

# کۆمەڵایەتی

## پیاوێک ژنەکەی لەسەر ساردبوون دەکوژێت



ئازیز مەحمود -ڕانیە

◆ دوای ئەوەی کچە قوتابییەکی چوارەمی پەیمانگای مامۆستایان بەناوی شەوکەت کە لەهەمانکاتیشدا موتەبیقە بووە لەقوتابخانەی گۆزە لە ڕانیە، دوای سێ ڕۆژ ونبوون تەرمەکەی لەبناری چیای سەرفیانی سنووری مەرگە دۆزرایەوەو دواتریش هاوسەرەکەی دەستگیر کرا. ڕائید حەسەن ڕەشید، لێپرسراوی نووسینگەی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان لە ڕانیە و قەڵادزێ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "دوای ئەوەی بەدواداچونمان بۆ کێشەکە کرد، ڕۆژی 2008/2/7 تەرمەکەمان دۆزییەوە"، گوتیشی "هاوسەری ئەو مامۆستایە گیراوە لە لێکۆڵینەوەشدا گوتویەتی لەگەڵم سارد بووە بۆیە کوشتوومە".

# خوشکێک براکەی خۆی بە سووتان دا

رەوەند محەممەد
ڕووداو-چۆمان

"ئەگەر کەسێک خۆی بسووتێنێت چۆن لەجێگەی خۆی ناجوڵێت، قەت لەو باوەڕەدا نیم ئەحمەد بەدەستی خۆی، خۆی سووتاندبێت" ئەوە گومانی ئەو شوفێرە بوو کە ئێمەی گەیاندە ماڵی ئەحمەد.

محەممەدی 2 ساڵان، کە کوڕە بچووکەکەی ئەحمەدە لەو ڕۆژەی باوکی لە ڕووداوێکی تەمومژاویدا سووتاوە، وەک ئەوەی چاوەڕێی گەڕانەوەی باوکی بکات لەبەر دەرگا دەوەستێت، هەر کاتێکیش چاوی بەکەسێکی نەناسیاو بکەوێت دەقیژێنێت و بە پەلە ڕادەکاتە ژوورەوە. پوری محەممەد بە گریانەوە گوتی "لەو ڕۆژەی باوکی مردووە ئەو منداڵە وەزعی تێکچووە، هەرکەسێکی بێگانە ببینێت دەقیژێنێ".

ڕۆژی 2009/1/27 لە گەڕەکی سەکرانی قەزای چۆمان، ئەحمەد مستەفا، 55 ساڵ، خاوەنی 5 منداڵ، بەدووری 30 مەتر لەماڵەکەی سووتا. هەرچەندە بەگوێرەی لێکۆڵینەوەکانی پۆلیس ئەو پیاوە خۆی خۆی سووتاندووە، بەڵام کەسوکاری بە گومانەوە دەڕواننە ئەو ڕایە و گومانیان لە ڕووداوەکە هەیە.

ملازم حەمید بابەکر، بەڕێوەبەری پۆلسی چۆمان بەوەکالەت، بە پشت بەستن بە دوا ئەنجامی پشکنینی توێکاری کە بۆ تەرمی ئەحمەد لە دادپزیشکی هەولێر ئەنجامدراوە، بەدووری زانی کەسێکی دیکە لەپشت ڕووداوەکەوە هەبێ. ملازم حەمید گوتی "ئەنجامی پشکنینی توێکاریمان بۆ هاتووەتەوەو بە هیچ شێوەیەک ئاماژە بۆ ئەوە نەکراوە کە زەبری دەرەکی لەسەر لاشەی ئەو کەسە هەبووبێ پێش سووتانەکە و، دەرکەوتووە ڕێژەی سووتانەکەی 98% بووە".

گومانی کەسوکاری ئەحمەد تەنیا ئەوە نییە کە کەسێک ئەحمەدی سووتاندبێت، بەڵکو



ئەحمەد مستەفای تەمەن 55 ساڵ

ئاماژە بەوە دەدەن، کە ئەگەر ئەحمەد بەدەستی خۆشی خۆی سووتاندبێ، ئەوا هۆکارەکەی ئەو کێشە کۆمەڵایەتییەیە کە پێشتر ئەحمەد تووشی هاتبوو.

عەبدوڵڵا ئەحمەد مستەفا، 23 ساڵ، کە کوڕە گەورەی ئەحمەدە، بەر لەوەی باسی کێشە کۆمەڵاتییەکە بکات، باسی ڕۆژی ڕووداوەکەی کرد و گوتی "کاژێر 8:15 دایکم بانگیکردم گوتی بڕۆ بزانە باوکت لە کوێیە، چووبوو ئالیک بداتە ئاژەڵەکان، چوومە خوارەوە لەوێ نەبوو، دوایی چووم بۆ سەر کانی، تەنیا چەرخ و پاکەت و جلیکانێکی نەوتم بینی، دوایی تەرمی باوکم بینی بە سووتاوی لەنێو کەندێک کەوتبوو". ئەحمەدیش، هەر ئەوکات دەستبەجێ ئاسایشی شارەکە و دواییش پۆلیس لە ڕووداوەکە ئاگادار دەکاتەوە.

عەبدوڵڵا باسی لەو کێشە کۆمەڵایەتییەش کرد کە بەهۆکاری سەرەکی ڕووداوەکەی دەزانێت "کوڕێک بەناوی (ر) کە پۆلیس بوو، زۆر دۆستمان بوو، هاتووچۆی ماڵی ئێمەی دەکرد، ئێمەش زۆر ڕێزمان دەگرت، بەڵام ئەو کەسە ئەو ڕێزلێنانەی ئێمەی ئیستغلال کرد و دەستی لەگەڵ (ق)ی پورم تێکەڵ کرد و پەیوەندی نا شەرعی لەگەڵ بەستبوو". هەروەها عەبدوڵڵا گوتی "باوکم لەگەڵ (ر) زۆر باشبوو، چەندینجار گۆشت و ماست و پەنیرمان بۆ بردووە، زۆر خزمەتمان دەکرد، بەڵام ئەو ناپاکی لەگەڵ کردین و ئەتکی نامووسی کردین".

کەس بەو پەیوەندییەی نێوان (ر) و (ق) نازانێت، تاوەکو ئەو ڕۆژەی ئاشکرا دەبێ کە (ق) سکی هەیە، بۆیە (ر) بیر لەهەڵگرتنی (ق) دەکاتەوە. عەبدوڵڵا دەڵێت "ساڵی ڕابردوو پورم لەماڵ بزر بوو، دوای گەڕانێکی زۆر نەمانتوانی هیچ سۆراخێکی بزانین، تەنانەت ئەو چەند سەر ئاژەڵەی هەمانبوو فرۆشتمان بۆ گەڕان و سوڕان بەدوای پورەکەمدا، بەڵام نەماندۆزییەوە".

وەک عەبدوڵڵا باسیکرد، دوای ماوەیەک لە ونبوونی، ئاسایشی چۆمان هەواڵ دەدەنە ئەحمەد کە خوشکەکەی لەسەنتەری نەوایە، کاتێک ئەحمەد دەیەوێ خوشکەکەی لەسەنتەری نەواوە وەربگرێتەوە، کارمەندەکانی سەنتەرەکە پێی ڕادەگەیەنن کە خوشکەکەی نەخۆشە و پێویستی بە نەشتەرگەرییە، بۆیە داوای پارەی لێدەکەن، بەڵام ئەحمەد ڕازی نابێت یەک دیناریان بداتێ تاوەکو پیشکنینی پزیشکی پێنیشان نەدەن، کە بیسەلمێنێ خوشکەکەی نەخۆشە.

عەبدوڵڵا دەڵێت " باوکم لەگەڵ ئەوەدا نەبوو کە کێشەکە گەورە بێ، هەرچەندە چوونە دەرەوەی کچ بە تەنیا ئابڕو چوونە، بەڵام باوکم دەیویست وا لەخەڵک بگەیێنێ کە خوشکەکەی هەڵنەگیراوە بەڵکو نەخۆش بووەو هانای بۆ سەنتەری نەوا بردووە".

دوای ئەوەی سۆراخی (ق) ئاشکرا بوو، بەشێوەیەکی یاسایی لەدادگای چۆمان لە (ر) مارە دەکرێ، هەروەها لەسەر داواکاری بنەماڵەی ئەحمەد، (ر) چۆمان جێدەهێڵێت و دەچێتە سۆران.

سەبارەت بە سوڵحی نێوانیشیان، عەبدوڵڵا گوتی "بنەماڵەی هەردوولامان کۆبووینەوە بۆ سوڵحکردن، باوکم دەیگووت حەز ناکەم کێشەکە لەوە گەورەتر بێت، داوای 20 هەزار دۆلاری لێکردن، بەڵام ئەوان گوتیان ئەوە زۆرە، دوایی باوکم داوای 10 هەزار دۆلاری لێکردن، دیسان گوتیان زۆرە، پاشان باوکم گوتی یەکێک لە کچەکانتان لەکوڕەکانی من مارە بکەن، بەوەش ڕازینەبوون، باوکم چەندین داواکاری خستنە بەردەمیان بەهیچ ڕازینەبوون، گوتیان دوایی وەڵامتان دەدینەوە".

وەک عەبدوڵڵا باسیکرد ئەو شەوەی ئەوان دانیشتوون بۆ سوڵحکردن و نەگەیشتوونەتە هیچ ئەنجامێک، باوکی باری دەروونی زۆر تێکچووەو دووجار ویستویەتی خۆی بکوژێت. هەروەها عەبدوڵڵا گوتی باوکم چەند جارێک پەنای بردووەتە بەر دادگای چۆمان بۆ ئەوەی کێشەکەی لە ڕێگەی یاساوە چارەسەر بکات "بەڵام دادگا داواکارییەکەی باوکمی پشتگوێخست".

(ڕووداو) هەوڵیدا پەیوەندی بەدادوەری دادگای چۆمانەوە بکات، بەڵام گوتی بەبیانووی سەرقاڵی بە کاروباری دادگاوە ئامادەی لێدوان نەبوو.

خەدیجە حەمەدی خێزانی ئەحمەد، لەگەڵ گێڕانەوەی ڕووداوەکە لە لایەن کوڕەکەیەوە ناوەناوە ئاخێکی ساردی هەڵدەکێشاو بە دەستەسڕە سپیەکەی دەستی فرمێسکەکانی دەسڕییەوە. ئەو بە گومانەوە لە گیان لەدەستدانی مێردەکەی دەڕوانێت و دەڵێت "خەڵک ڕێگەیان نەدا ببینم، بەڵام باسیدەکەن ئەو کاتەی ئەحمەد سووتاوە هەردوو دەستی لەسەر یەک داناوە".

هەروەها حەبیبە حەمەدیش کە خوشکی خێزانی ئەحمەدە گومانی لە ڕووداوەکە هەیە و دەڵێت "ئەحمەد تا درەنگانی شەو لای من بوو، زۆر بە کەیف بوو، تەنانەت پێیگوتم بەیانی کە لە دەوام گەڕایتەوە وەرە لام کارم پێتە، باشە ئەو کە بەرنامەی هەبوو من ببینێت، چۆن بەرنامەی خۆ کوشتنی داناوە".

ئەحمەد بۆ یەکجاری ماڵئاوایی لەژیان کرد، (ق)ی خوشکیشی دوای ئەوەی نەیتوانی لەگەڵ خێزانی (ر) بە یەکەوە بژین، چەندین جار لەگەڵ مێردەکەی بە کێشە هاتن، دواجار پەنای بۆ پۆلیس بردو پۆلیسیش جارێکی دیکە بردییەوە سەنتەری نەوا.



محەممەدی 2 ساڵان تەماشای پێڵاوی باوکی دەکات

(فۆتۆ:ڕووداو)

## لە 30%ش تێدەپەڕن

# ژنان کار بۆ بەدەستهێنانی 50%ی کورسییەکانی پەرلەمان دەکەن

سۆران بەهائەددین
ڕووداو-هەولێر

ڕۆژی 2009/2/7 لیژنەی پێداچوونەوەی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ڕێژەی ژنانی لە پەرلەمانی کوردستان لە 25% زیادکرد بۆ 30%. ژنە پەرلەمانتارەکان ئەوە بە هەنگاوێکی گرنگ دادەنێن و، ژنانی ئاساییش گۆڕانیان لەڕەوشی خۆیان پێ گرنگترە لە زیادکردنی ڕێژەی کورسییەکانیان لە پەرلەمان.

دوای ڕووخانی ڕژێمی سەددام، پۆل بریمەری حاکمی مەدەنی ئەمریکا لە عێراق ڕێژەی کۆتای 25%ی بۆ ژنان دانا، دوای ئەوە لە دەستووری هەمیشەیی عێراقیش دا چەسپا، بەوپێیە ئێستا ڕێژەی بەشداریی ژنان لە پەرلەمانی عێراق و کوردستاندا 25%ـە.

بەوپێیەش لە پەرلەمانی کوردستان لە کۆی111پەرلەمانتار 29یان ئافرەتن، بەڵام لە پرۆژەی دەستووری کوردستان کە پێشبینی دەکرێ بەم نزیکانە پەرلەمان دانیشتنی تایبەتی بۆ تەرخانبکات، هەروەک نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەت لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەڤانییدا ڕایگەیاند کە ئەوو سەرۆکی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەدان ڕێژەکە بۆ 30% بەرزبکرێتەوە.

پەرلەمانتار، پەخشان زەنگەنە، سەرۆکی لیژنەی داکۆکیکردن لەمافی ئافرەتان لە پەرلەمان، ئاماژەی بەوەدا هەبوونی ڕێژەی زیاتری ئافرەت لە پەرلەمان دەبێتە هۆی چالاککردنی پەیوەندی پەرلەمان لەگەڵ ڕێکخراوو لایەنە داکۆکیکەرەکانی مافی ئافرەت، زەنگەنە ئەو ڕێژە زیادکردنەش دەگەڕێنێتەوە بۆ خەباتی چەند ساڵەی ژنان "هەوڵ و خەباتێکی زۆری بۆ کراوە، ئێمە لەگەڵ ئەوەین ڕێژەی ژن و پیاو لە پەرلەمان بکرێتە 50بە50، بەڵام ئێمە هەتا 25% مان چەسپاند چاومان سپی بوو".

جولە حاجی، ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، پێیوایە زیادکردنی ڕێژەی ئافرەتان لە پەرلەمان زیاتر لەوەی دەستووری عێراق دیاریکردووە واتای "پێگەیشتنی عەقڵی سیاسی کوردە"و، خاڵێکی دڵخۆشکەرە بۆ ژنان "ئەو ڕێژەیە وا لە ئافرەتانی پەرلەمان دەکات کە زیاتر پێداگیری لەسەر پرۆژەکانیان بکەن، چونکە هەرچەند چالاک بن، ئەگەر دەنگیان لەپەرلەمان کەمبوو ناتوانن ئەوەی مەبەستیانە بیکەن".

هەرچەندە 29 ئەندام پەرلەمانی ژن لەپەرلەمانی کوردستان هەن، بەڵام ژنان لەو باوەڕەدان ئەوان وەکو پێویست نوێنەرایەتی ژنان ناکەن. بەلای خوناو شەریفی تەمەن 42ساڵ، فەرمانبەر، هێنانی ژنی بوێر بۆ پەرلەمان گرنگە نەک زیادکردنی ڕێژەکە، خوناو

لەگەڵ ئەو گلەییانەی لە پەرلەمانتارە ژنەکان دەکرێ، پەخشان زەنگەنە پێیوایە ئەوان کاریگەرییەکی باشیان هەبووە، لە ڕووی دانانی یاساکان بە قازانجی ئافرەتان و کەمکردنەوەی جیاکاری نێوان



## ئێمە لەگەڵ ئەوەین ڕێژەکە بکرێتە 50 بە50، بەڵام تاوەکو 25% مان چەسپاند چاومان سپی بوو

سەرۆکی لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی ئافرەتان لە پەرلەمان

دەپرسێت " ئەو ژنانەی ئێستا لەپەرلەمانن چیان بۆ بێوەژن، قەیرەکچ و پیرەژنان کردووە". ئەو بەگومانەوە دەڕوانێتە ئەو ڕێژە زیادکردنە و دەڵێ " ئەوە هەر بۆ دەمکووتکردنی ژنانە، چەند ژنێک دەبنە مووچەخۆرو ژنی هەژاری پێ دەمکووت دەکەن، دەڵێن ئەوەتا ئەو هەموو پەرلەمانتارانەتان هەیە، پەرلەمانتار بەمن چی، ئەگەر مەینەتییەکانی من کەم نەکاتەوە".

ئافرەتان و پیاوان " گرینگترین ئەو کارانەی کە کراون لەو خولەدا، هەموارکردنی 27 مادەی یاسای باری کەسێتی بوو، بۆ بەرژەوەندی ئافرەت". گوتیشی "ئەگەر کەموکورییەک لە خولەکانی ڕابردووی پەرلەمان لەناو ئافرەتان هەبووێت، ئەوا واتای ئەوە نییە بوونی ڕێژەیەکی زیاتری ژن لە پەرلەمان کاریگەری نابێ".

هاوڕاز شێخ ئەحمەد، ئەندامی سکرتاریەتی یەکگرتووی خوشکانی کوردستان، ئاماژەی بەوەدا ئەوان لەگەڵ ئەوەدان ڕێژەی ژنان لە پەرلەمان زیادبکرێت، بەڵام بەو مەرجەی ژنی لێهاتوو ببرێنە پەرلەمان، نەک هەر بۆ جێگە پڕکردنەوە بێت "ئەگەر خەڵکی لێهاتوو دابنرێت کاریگەری لەسەر ژیانی ژنان دەبێت".

لەناو ژناندا بەردەوام گلەیی لە ژنە پەرلەمانتارەکان دەکرێ کە نەیانتوانیووە، وەکو پێویست پێداگری لەسەر مافەکانیان لە کۆمەڵگەیەکدا بکەن کە توندوتیژی تاوەکو ئێستا لەوپەڕیدایە. هاوڕاز پێیوایە ڕەنگە هەندێک پەرلەمانتاری ژن بەدوای مەرامە تایبەتییەکانی خۆیانەوە بن "بەڵام لەگەڵ ئەوەدانیم ئەو ڕایە گشتگیر بکرێت".

بەڵام جولە حاجی پێیوایە ژنە پەرلەمانتارەکان کاری باشیان کردووە، نمونەشی بەو لیژنانە هێنایەوە کە ژنەکان سەرۆکایەتی دەکەن "وەک لیژنەی پەروەردە زۆربەی ئەو گۆڕانکارییانەی کە کراون بە پێشنیازی ئەو لیژنەیە بووە، لە هەموارکردنی یاسای باری کەسێتی ژنەکان زۆر چالاک بوون، بەڵام چی لە ژنێک بکەین وەکو پیاوێک بیربکاتەوە".

بەبڕوای جولە بۆ ئەو قۆناخە 30% ڕێژەیەکی باشە، بەڵام لە هەمانکاتدا دەڵێ " یەکسانی ڕێژەی ژن و پیاو بە مافی خۆمان دەزانین، بۆیە لە قۆناخی داهاتوو ئەگەر توانیمان خۆمان بسەلمێنین، خەڵک لێمان ڕازی بوو، هەوڵدەدەین بیکەینە 50%".

بەبڕوای جولە هەرگیز پیاو ناتوانێت دەربڕی عەقڵ و هەست و داواکانی ژن بێت، بۆیە پێویستیان بە زیادکردنی ڕێژەی ژنە لە پەرلەمان و لەو بڕوایەشدایە حیزبەکان کەسی لێهاتوو دادەنێن، چونکە "لە بەرژەوەندی هیچ حیزبێکدا نییە، خەڵک ڕەخنە لە ئەندامەکەی بگرێت".

هاوڕاز باس لەوە دەکات کە ڕێکخراوەکەیان پێی باشە ڕێژەی ئافرەت لە پەرلەمان لە 40%یش زیاتر بێت، بەڵام دانانی ئەو ڕێژەیە هەر بۆ ئەو مەبەستە نەبێت لە دەرەوە بڵێن پەرلەمانی کوردستان لە سەدا ئەوەندەی ژنە.

هەروەها پەخشان زەنگەنە بە پێویستی دەزانێت، ژنی کاراو لێهاتوو دابنرێت "لە بەغدا ڕێژەی ژن لە پەرلەمان 25%ـە، ئێمە لە کوردستان دەتوانین ڕێژەکە زیاد بکەین، هەروەها نامانەوێت ڕێژەی 30% بۆ هەمیشەیی بێت، هەتا کۆمەڵگە وای لێدێت قەناعەت بەوە دەکات، پەرلەمان هەر پەرلەمانی پیاو نییە".

## چلەکەی تێپەڕی و نامەکەی هەر ئاشکرا نەکرا

# بڵاونەکردنەوەی نامەکەی لەیلا عەلی گومانی دروستکردووە



ئازیز مەحمود
ڕووداو-سلێمانی

دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی خۆکوشتنی لەیلا عەلی، بێژەری کەناڵی ئاسمانی کوردسات و خاک تیڤی و جێهێشتنی نامەیەک لەدوای خۆی، گومان لە هۆکاری خۆکوشتنەکەی دروستبوو، بەتایبەتی کە تا ئێستا دەقی نامەکە بەنهێنی ماوەتەوە، دادوەری دادگای لێکۆڵینەوەی تایبەت بە بەدواداچوونی توندوتیژی بەرامبەر ژنانیش بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "نامەکە بڵاوناکرێتەوە تا دادگا دەگاتە ئەوەی کە خۆکوشتنەکەی خۆکوژی بووە یان نا".

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەو گومانانە (ڕووداو) پەیوەندیکرد بە دادوەری لێکۆڵینەوەی کێشەکە، بەڵام ئامادە نەبوو نامەکە ئاشکرا بکات، گوتی "هەر کاتێک کێشەکە داخرا، ئەو کات دەتوانرێ نامەکە بڵاوبکرێتەوە" و، ڕاشیگەیاند "هەموو ئەو هەواڵانەی لەبارەی هۆکاری خۆکوشتنەکەی بڵاودەکرێنەوە دوورن لەڕاستییەوە". بۆ بەدەستهێنانی ڕاپۆرتی پزیشکی، پەیمانگای دادپزیشکی سلێمانیش ئامادە نەبوون ڕاپۆرتەکە ئاشکرا بکەن.

لەڕوونکردنەوەیەکی باوکی لەیلادا، کە پێش ئێستا بڵاوکرایەوە، ئاماژەی بەوە دراوە کە نامەکەی لەیلا لای دادوەری کەیسەکەیەتی و دادوەر خۆی دەیەوێ ڕاگەیاندن دەقی نامەکە بڵاوبکاتەوە" بەڵام بەداخەوە هیچ لایەنێک تا ئێستا بڵاوینەکردووەتەوە، هەر کەسێکیش مەبەستیەتی بگاتە ڕاستی، تەنها ئەو زەحمەتە بکێشێت و بچێتە لای دادوەر، نامەکە دەبینێت و دەتوانێ بڵاویشی بکاتەوە".

عەلی باوکی لەیلا لەلێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) گوتی "دەتوانن لای دادوەر نامەکە ببینن و بڵاوی بکەنەوە، دادوەر گلەیی ئەوەی کردووە کە هیچ ڕۆژنامەنوسێک نەچووە داوای نامەکە بکات".

لەژێر ڕۆشنایی ئەو ڕوونکردنەوەیە، (ڕووداو) هەوڵیدا نامەکەی لەیلای دەست بکەوێت، بەڵام دادوەر ئامادە نەبوو نامەکەی ئاشکرا بکات و هیچ ڕوونکردنەوەیەکیشی لەسەر نێوەڕۆکی نامەکە نەدا، بەپاساوی ئەوەی لێکۆڵینەوەکان بەردەوامن و گوتی " تەنها خواحافیزی تێدا نووسراوەو هیچیتر".

ئەو دادوەرە گوتیشی "ئەو ڕوونکردنەوەیە بە هەڵە نووسراوە ئەوە قسەی من نییە، باوکی لەیلا بەهەڵە تێگەیشتووە، من قسەی وام نەکردووە، گوتوومە هەر کەسێک لەسەر کێشەکە دەیەوێت قسەی بۆ دەکەم، نەک نێوەڕۆکی نامەکەی بخەمە بەردەست".

حاکم ئاراس مەجید، دادوەری دادگای لێکۆڵینەوەی تایبەت بە بە دواداچوونی توندوتیژی بەرامبەر ژنان لە سلێمانی بۆ (ڕووداو) گوتی"ناتوانین نێوەڕۆکی نامەکە بڵاوبکەینەوە لەبەر سەلامەتی لێکۆڵینەوە، نامەکەش نامەیەکی ئاساییە، لێکۆڵینەوەش لەخۆکوشتنەکەی بەردەوامە، تا دادگا دەگاتە ئەوەی کە خۆکوشتنەکەی خۆکوژی بووە یان نا"، هەروەها گوتیشی "تا ئێستا نەگەیشتووینەتە ئەو بڕوایەی کە کەسێک کوشتبێتی، لێکۆڵینەوە بەردەوامە و کێسەکەی دانەخراوە".

دادوەری دادگای لێکۆڵینەوە باسی لەوەشکرد کە بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکی خۆکوشتنەکەی خۆکوژی بووەو هیچی واش لەنامەکەیدا نییە "تەنها خواحافیزی لەدایک و باوکی دەکات".

دوای خۆکوشتنی لەیلا عەلی، چەند دەنگۆیەک سەبارەت هۆکاری خۆکوشتنەکەی بڵاوبوونەوە، کە یەکێکیان باس لەوە دەکات بەهۆی کێشەیەک بووە لە تەلەفزیۆن، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ لایەنێک بەرپرسیار ئەو دەنگۆیانەی پشت ڕاست نەکردووەتەوە.

حاکم ئاراس ئەوەشیگوت کە "ئێستا هاوسەرەکەی بە کەفالەت ئازاد کراوە، تا ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە دەردەکەوێت".

عەلی ساڵح، باوکی لەیلا نیگەرانی خۆی پیشاندا لەبڵاوبوونەوەی ئەو دەنگۆیانە و گوتی"کچی من یەکەم کەس نەبوو خۆی بکوژێت"، ئاماژەی بەوەشدا کە "کێشەی لەگەڵ هیچ کەسێکدا نەبووەو ئەو شتانەی بڵاویش دەکرێنەوە هیچ بنەمایەکی ڕاستییان نییە".

باوکی لەیلا گوتیشی "نامەکەی لەیلا تەنها دوو سێ دێڕ بووە، باسی لەخۆشەویستی خۆی بۆ tv و خۆشەویستی خۆی بۆ ئێمەو بۆ خێزانەکەی دەربڕیوە و هیچیتر".

لەکاتێکدا باس لەوە دەکرێت کە نێوەڕۆکی نامەکە هۆکاری خۆکوشتنەکەی ئاشکرا دەکات، بەڵام لەچاوپێکەوتنێکی خوشکی لەیلادا لەگەڵ گۆڤاری هۆنیادا، ئاماژەی بەوە داوە کە هیچ کێشەیەکی خێزانی نەبووە و بە خۆشەویستی شووی کردووەتەوەو، ژیانێکی خێزانی بێ کێشەی هەبووە.

موقەدەم مەلکۆ عومەر، فەرماندەی کەرتی پۆلیسی بەختیاری لە لێدوانێکیدا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لێکۆڵینەوە بەردەوامە، کەی ئیشمان بە نامەکە نەما، ئەو کاتە دەتوانین بڵاوی بکەینەوە".

لەیلا عەلی، 38 ساڵ، بێژەری هەردوو کەناڵی خاک و کوردسات ئێوارەی ڕۆژی 2008/12/29 لەنێو ماڵەکەی خۆیدا بەگوللەیەک کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا و تا ئێستاش هۆکاری خۆکوشتنەکەی نەزانراوە، دوای خۆکوشتنەکەشی نامەیەکی جێهێشتووە، بەڵام بەبیانوی تەواو نەبوونی لێکۆڵینەوەکان تا ئێستا دەقی نامەکە ئاشکرا نەکراوە.

# میری میران بووە سەرۆکی یەکێتیی ئەفریقیا



**رووداو– ئاژانسەکان**

سەرۆکی لیبیا موعەممەر قەزافی، بووە سەرۆکی خولی تازەی یەکێتیی ئەفریقیا، بۆیەش هەمووانیگاکان لەسـەر ئەوەن ئایا قەزافی دەتوانێ ئەو کیشوەرە بکاتە یەک دەوڵەت بەنێوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەفریقیا، کە خەونـی تازەی قەزافییە دوای ئەوەی بۆی دەرکەوت یەکێتی عەرەبی وەدینایێت.

یەکێتیی ئەفریقیا لە 53 وڵات پێکدێت و، ئەمساڵ 12 کۆبوونەوەی گشـتیی دەبەسـتێ. لە لووتکەی ئەمسـاڵدا کە لە یەکی شوباتدا لە ئەدیس ئەبابای پایتەختی ئەسیوپیا بەڕێوەچوو، نۆرەی سەرۆکایەتیی گەیشـتە باکووری ئەفریقا. هەرچەنـدە هەندێ لە ئەندامانی یەکێتییەکە نارازیبوون لەوەی قەزافی ببێتە سەرۆک، بەڵام لە ئەنجامی کۆبوونەوەکەدا بڕیاردرا کە ئەو ببێتە سەرۆکی ئێستای یەکێتییەکە.

لەو لووتکەیـەدا، پرۆژەی قەزافـی، تایبەت بە دروستکردنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەفریقیا خرایە بـەر گفتوگۆ. لە ئەنجامی گفتوگـۆکان دا بڕیاردرا لیژنـەی یەکێتیی ئەفریقیـا وەک بەڕێوەبەرایەتیی یەکێتیی ئەفریقیا بگۆڕدرێ و خاوەن دەسـەڵاتیش بێت.

قەزافی بەر لەوەی بچێتە کۆبوونەوەکە لە ئەدیس ئەبابا، نامەیەکی بۆ سەرۆک وڵاتانی ئەفریقیا ناردبوو، تێیدا گوتبـووی، ئەو وەک"میری میران"ی ئەفریقیا ئامـادەی کۆبوونەوەکە دەبێت و، سـەرۆکایەتیی یەکێتیی ئەفریقیا بۆ ئەوبێت.

سەرۆکایەتیی یەکێتیی ئەفریقیا ساڵانە دەگۆڕدرێ و دەدرێتە سـەرۆکی یەکێک لە وڵاتە ئەندامەکانی. موعەممەر قەزافی لە لێدوانەکانی خۆیدا، پێشنیازی کردبوو کە بۆ هەموو ئەفریقیا "یەک سوپا، یەک دراو، یەک پاسەپۆرت" دروست بکرێت.

ساڵی رابردوو 200 میر و سەرۆکەکانی ئەفریقیا کۆبوونەوە و سەرۆکی لیبیا، قەزافییان وەک "میری میران" راگەیاند.

### قەزافی: دیموکراسی بۆ ئەفریقا دەستنادات

هەر دوای دیاریکرانی بە سەرۆکی یەکێتی ئەفریقیا، قەزافی لە کۆبوونـەوەی لووتکەی ئەدیس ئەبابا دا لێدوانێکی سـەرنج ڕاکێشـیدا و گوتی "سیستەمی دیموکراتیـی فرەحیزبی بۆ ئەفریقیا دەسـتنادات، چونکـە دەبێتـە هـۆی شـەڕ و کۆمەڵکـوژی". چاوەڕێدەکرێ ئەو لێدوانەی قەزافی مشـتومڕی لێ بکەوێتەوە.

قەزافـی پێیوایە ئەفریقیا لە کۆمەڵگەی خێڵەکی پێکهاتووە. هەر لەبەر ئەوە پارتە سیاسییەکانیش لە لایـەن خێڵەکانەوە دادەمەزرێندرێن و ئەمەش دەبێتە مایەی کۆمەڵکوژی.

لە وڵاتانی وەک ئەفریقیای باشوور، نیجیریا، گانا و سەنیگال زۆر هەوڵدراون بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراتی فرەحیزبی، لەبەر ئەوە پێشبینیدەکرێ ئەو لێدوانەی قەزافی گفتوگۆیەکی زۆری لەسەر بکرێ.

ئەمەش هەر لە ئێسـتاوە دەردەخـات کە ماوەی سـەرۆکایەتی قەزافی بۆ یەکێتییەکە زۆر بە مشتومڕ و قسە دەبێت.

دیموکراسـیخوازانی ئەفریقا هەرچەنـدە قەبووڵ دەکەن کە بنەمای ئەتنیکیی ئەفریقیا، لە سیاسەتی ئەم پارچەیەی گـۆی زەویدا رۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ، بەڵام زۆر هاوشێوەیشی لەگەڵ دیکتاتۆریەتدا هەیە.

قەزافی لەو بۆچوونەیدا، نمونەی کینیا و سـۆماڵ دێنێتەوە کـە دوای هەڵبژاردن کەوتنە نێو شـەڕی نێوخۆییەوە.

بە بۆچوونی قەزافی، سیسـتەمی هەرە گونجاو بۆ ئەفریقیا سیسـتەمی جەماهیری میللییە کە لە لیبیا هەیە و، لەم سیسـتەمەدا رێ بە دروستبوونی حیزب نادرێ، کە بەلای بەرهەڵسـتکارانی قەزافییەوە ئەوە نمونەیەکی هەرە خراپی دیکتاتۆرییە.

# ئیدارەی ئۆباما راسپاردەکانی بیکەر-هاملتن دەخاتەوە بەرباس

## دوو لە ئەندامانی لیژنەکە لە ستافی حکومەتی ئێستا دان

**رووداو– یۆئێس ئینفۆ**

بەپێی راپۆرتێکی شیکاری یۆئێس ئینفۆ، لەوانەیە ئیدارەی ئۆباما جارێکیتر راسپاردەکانی بەیکەر–هامڵتن بۆ مامەڵە لەگەڵ دراوسـێکانی عێراق بێنێتەوە سەرمێز، بەتایبەتیش سەبارەت مامەڵە و وتوێژی راستەوخۆ لەگەڵ ئێران.

لەو راپۆرتەدا کە لەلایەن دیڤید ماکیبییەوە ئامادەکراوەولە سـایتی ئەمەریکا دۆتگۆڤ بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بە خواسـتی ئیدارەی ئۆباما دەکات، بۆ وتوێژی راستەوخۆ لەگەڵ ئێران، بە گوێرەی راپۆرتەکە سەرۆک ئۆباما ئارەزووی خۆی خستووەتەڕوو بـۆ گۆڕینی پەیوەندیی ئاڵۆزی نێوان ئێران و ئەمریکا، کە 30 ساڵی بەسەردا چووە.


وەک لـەو راپۆرتەدا ئاماژەی پێدراوە لیژنەی توێژینەوەکانی عێـراق، کـە بەلیژنـەی بەیکەر–هاملتن ناسـراوە، لە ساڵی 2006 لـە کۆمەڵێک پسـپۆری سـەر بـە هـەردوو پارتی کۆمـاری و دیموکـرات پێکهاتبـوو، وەزیری پێشووی دەرەوە جێمس بەیکەر و ئەندامی پێشووی کۆنگرێس لی هاملتن سـەرۆکایەتیان دەکرد. ئـەو لیژنەیە ئەمریـکای هاندا راستەوخۆ دانوستان لەگەڵ ئێران و سوریای هاوپەیمانیدا بکات بۆ وەدیهێنانی ئارامی و ئاسایش لەسەرتاسـەری رۆژهەڵاتـی نێوەڕاستدا، ئۆباماش ئەوکات ئەندامـی کۆنگرێـس بـوو پشتیوانی خۆی بۆ ئاکامی کاری ئەو لیژنەیە دەربڕی، ئێستا دوو لە ئەندامانی لیژنەکە لە ستافی حکومەتەکەی ئەودان، کە بریتین لە بەڕێوبەری هەواڵگری ناوەندی لیون بانیتا و، وەزیری بەرگری رۆبەرت گەیتس، ئەوان بۆ ماوەیەکی کورت بەر لەوەی بێنەوە نێو حکومەت لە ریزی لیژنەکەدا بوون.

راپۆرتی بەیکەر–هاملتن کە دووسـاڵ لەمەوبەر بڵاوکرایەوە، بە هۆی راسـپاردەکانی لەمەڕ عێـراق نیگەرانییەکی زۆری لە کوردسـتان دروسـتکرد بەتایبەتیش داواکردنی دواخسـتنی پرۆسـەی ریفراندۆم لەسەر کەرکوک کەبڕیاربوو پێش کۆتایی 2007 ئەنجام بدرێت.



هاملتن و بیکەر

# خۆکوشتن لە سوپای ئەمریکادا ریکۆرد دەشکێنێ



**رووداو– ئەڵمانیا**

ژمارەی ئەو سەربازانەی ئەمریکا کە خۆیان دەکوژن لە ساڵی رابردوودا گەیشتە لووتکە. بە گوێرەی سـەرچاوەکانی سوپای ئەمریکا لە سـاڵی رابـردوودا 128 سـەرباز خۆیان کوشتووە. 15 رووداوی مردنیش بە گومانی خۆکوشتن لەژێر لێکۆڵینەوەدان. لەکاتێکدا لە ساڵی 2007دا 115 سەربازی ئەمریکی خۆیان کوشت.

بەرپرسانی سوپا دەڵێن بەتەواوەتی هۆی زیادبوونی مردنی سـەربازان نازانرێ، بەڵام مەزەندە دەکەن کە درێژەکێشان و سەختی شەڕی عێراق و ئەفغانستان، فاکتەری گرنگی رووداوە کا نی خۆکوشتنی سەربازان بن.

فەرماندەی هێزی وشـکانی ئەمریـکا پیـت گێریـن Pete Geren لێدوانـی لەوبـارەوە دانـە دەزگاکانـی راگەیاندن و گوتـی "ئێمە نازانیـن لەبەر چی ئەو ژمارەیە زیـاد دەکات، بەڵام هەرچییەکمان لەدەستبێ دەیکەین بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو دیاردەیە".

35%ی ئەو سـەربازانەی خۆیان کوشـتووە ئەوانەن کە نەچوونەتە نێو شـەڕ و، 30%شـیان بەشداری شـەڕیان کـردووە. هەروەها 75%ی ئەو سـەربازە بەشـدارانەی شـەڕ ئەوانەبوونە کەبەشداری شەڕی عێراق و ئەفغانسـتانیان کردووەو، 35%یان دوای سـاڵێک لە گەڕانەوەیان لە شەڕ خۆیان کوشتووە.

بەپێـی زانیارییـەکان ژمـارەی خۆکوشتنی سەربازان لە خەڵکی سیڤیل تێپەڕیوە.

جێگـری فەرماندەی هێزی وشـکانی ژەنەراڵ پیتەر چێرلـی Peter Chiarelli گوتـی" لێمـان روونـە کـە کاریگەریی شەڕی ئەفغانسـتان و عێراق بووەتە هۆی خۆکوشتنی سەربازان". سوپای ئەمریکا لەم ماوەیەی دواییدا بۆ رێگرتن لە خۆکوشـتنی سـەربازەکانی، لە مەشـق و پـەروەردەی سـەربازیدا بایەخێکی زۆر بە ئاشکراکردنی مەیلی خۆکوشتن دەدات.

# ژن و پیاو نزیکی یەکتر دەبن

## یەمەن خراپترین ومۆزەمبیق باشە و نەرویج باشترینایانە

**رووداو–ئەڵمانیا**

بـە گوێرەی لێکۆڵینـەوەی مونتەدای ئابـووری جیهان، نایەکسـانی نێوان ژن و پیـاوان بەرەو کەمبوونەوە دەچێت و لەنێو 130 وڵات کە بەشێوەیەکی هەرە باش ئەو یەکسانییە پەیڕەو دەکات نەرویجە.

نایەکسانی هەرە زیاتریش لە عەرەبستانی سعودیە، چاد و یەمەن بەرامبەر ژنان پەیڕەو دەکرێت.

مونتەدای ئابـووری جیهان، راپۆرتێکی لەبارەی نایەکسـانی نێوان ژنان و پیاوان لە وڵاتانی جیهان دا ئامادەکرد. بەگوێرەی راپۆرتەکە، لە نەرویج، فینلاند و سـوێد بە رێژەی 60%نایەکسانی نێوان ژنان و پیاوان کەمبووەتەوە. هەروەها یەمەن کە لەکۆتایی لیستەکەدا دێت، تەنیا توانیویەتی 50%ی ئەو نایەکسانییە راگرێت.

بە گوێرەی ئەو زانیاریانەی لە 130 وڵات کۆکراونەتەوە،هەنگاوی باش بۆ پەیڕەوکردنی یەکسانی لەنێوان ژن وپیاوان دا هاوێژراون. لە راپۆرتەکە ئاماژە بەوە دەکرێت کە لە جیهاندا بەگشتی نایەکسانی نێوان ژن وپیاوان لە کەمبوونەوەدایە. لەبواری یەکسانی ژن و پیاوان، وڵاتانی هەرە لەپێشەوەی جیهان وڵاتانـی باکووری ئەوروپـان. لە راپۆرتی مونتەدای ئابووری جیهاندا هاتووە،کە لەنێو 130 وڵات کـە بەشـێوەیەکی هەرە باش ئەو یەکسـانیەی پەیڕەو کردووە نەرویجە. هەروەها عەرەبستانی سعودی، چاد و یەمەن وەک هەر خراپترین سـێ وڵات لە کۆتایی لیستەکەدا جێدەگرن.

بەپێی ئەو راپۆرتە، ئەڵمانیا، ئینگلتەرا و ئیسپانیا بەشـێوەیەکی باش توانیویانە یەکسـانی ژن و پیاو پەیڕەو بکەن، ساڵی رابردوو بەرەو دواوە رۆیشـتوون، سەرەڕای ئەمەش دیسان لەناو لیستی ئەو 20 وڵاتەی پێشـەوەی لیستەکەدان کە یەکسانی ژن و پیاو تێیاندا باشـە. یەمەن، سعودیە،چاد و ئەسـیوپیا لە کۆتایی لیسـتەکەدا دێن و بەبەراورد لەگەڵ سـاڵی رابـردوو بەرەو دواوە هەنگاویـان نـاوە. وڵاتانی ئەفریقیا بەشێوەیەکی گشـتی لەکۆتایی لیستەکە ناویان هاتووە. بەڵام لەبواری یەکسانی ژن و پیاو وڵاتانی وەکو مۆزەمبیق و لەسۆتهۆ توانیویانە بکەونە ریزی ئەو 20 وڵاتەی کە یەکسـانی ژن و پیاو تێیاندا باشە. ژیانی سیاسی ئەو دوو وڵاتە ئەوان دەگەڕێنێتەوە ریـزی دواوە. ئەو هەردوو وڵاتەی ئەفریقیا، سـەبارەت بەبەشـداریکردنی ژنـان لەناو سیاسـەت، لەپێشـەوەی ئەمەریکادا دێن و لە ریزبەندی 27ی لیسـتەکەدان. لەنێو ئەو 130 وڵاتەدا ئەمەریکا بەپلەی 12دێت، سەبارەت بەیەکسانی رەگەزەکان بەگوێرەی ساڵی 2007 بەرەو دواوە رۆیشتووە.

بەگوێرەی راپۆرتەکـە، چین لە پلەی 57 دایە و بەبەراورد لەگەڵ سـاڵی 2007، چین 17 پلە گەڕاوەتەوە دواوە. بەشـداری ژن لەبواری ئابووری و سیاسـی و هەروەها فێربوونـی ژنان، یارمەتی چینی دا کە بەو شێوەیە پێشبکەوێت. بەگوێرەی راپۆرتەکە یەکسانی ژن و پیاو پەیوەستە بەپێشکەوتنی ئابووری وڵاتانـەوە. هەر بەپێی راپۆرتەکە ئەو وڵاتانەی ژنان تێیاندا بەشـداری ژیانی ئابووری دەکەن هێزی رکابەریان زیاترە.



# هۆڵەندا لە دژی خەتەنە کردن هەستاوەتە سەرپێ



د.جەت بوسەماکر کار بۆ نەهێشتنی خەتەنکردنی کچان دەکات

**رووداو– ئەمستردام**

حکوومەتـی هۆڵەنـدا دەربـارەی خەتەنەکردنی کچـان، بەڵێننامەیەک بە پەنابەرانی سـوودان، سۆماڵ، ئەتیوپیا و، ئیریتریـا پڕدەکاتەوە. بـە گوێرەی بەڵێننامەکە، کاتێـک ئەو پەنابەرانە بۆ سـەردان دەچنـەوە وڵاتەکانیان، دەبێ لـەوێ کچانی خۆیان خەتەنـە نەکەن. لە کاتی گەڕانەوەیانـدا ئەگەر دەرکەوت کچانی خۆیـان خەتەنە کردووە، ئەوا بە زیندانیکردن سزا دەدرێن.

سکرتێری دەوڵەت د.جەت بوسەماکر کە بەرپرسە لە تەندروستیی گەل، دەڵێ ئـەوان دەیانەوێ لە هۆڵەندا کۆتایی بەم کارەسـاتە بێنن، هەر لەبەر ئەوەش ئەو بەڵێننامەیان ئامادە کردووە.

هەروەهـا دەڵێ " بـەو بەڵێننامە و هەڕەشـەی زیندانیکردنـە، دەمانـەوێ خێزانی پەنابەران لەکاتی سەردانیکردنی وڵاتانیان، بتوانن خۆیان لە بەرامبەر گوشـارە کۆمەڵایەتییـەکان رابگرن". سکرتێری دەوڵەت هەروەها گوتی، ئەوان لەوبارەوە هێشتا لە گفتوگۆدان لەگەڵ وەزیری دادی هۆڵەندا.

هۆڵەنـدا کە دەیەوێ ئەو بەڵێننامەیە لە وڵاتانی دیکەی ئەورووپاشدا بێتە ئاراوە، لە فەرەنساش کەوتووەتە رۆژەڤەوەو گفتوگۆیەکی گەرمی دروستکردووە.

بە گوێرەی بەڵێننامەکە، کچان لەکاتی گەڕانەوەیاندا، لە لایەن پزیشکانەوە پشکنینیان بۆ دەکرێت. بوسەماکەر دەڵێ " دۆسیەی ئەلیکترۆنی بۆ منداڵان دەکرێنەوە، ئەگەر دایکی کچەکە خەتەنە کرابێت، ئەوا ئەو کچە لە کاتی لەدایکبووندا، لە گرووپی ژێر هەڕەشەدا تۆمار دەکرێ".

دەوڵەتی هۆڵەنـدا لە چوارچێـوەی هەوڵەکانیدا دژی دیاردەی خەتەنە کردن، داوای یارمەتی لە ئیمام و پیاوانی ئایینی کۆمەڵگەی موسـڵمان دەکات و، داوایان لێدەکات، دەنگی خۆیـان دژ بە خەتەنە کردنی کچـان لە هۆڵەندا هەڵبڕن.

بە گوێرەی ئاماری ناوەندی پشگیریکردن لە منداڵان، لە سـاڵی رابردوودا 44 سکاڵای دژ بە خەتەنە گەیشتوونەتە ئـەوان. بەڵام بە گوێرەی خەملاندنـی وەزارەتی خێزان، ساڵانە بە لای کەمەوە 500 کچ خەتەنە دەکرێن. لە لایەکی دیکەوە دەزگای خزمەتگوزاریی شارەوانی لەو بڕوایەدایە کە ژمارەی راستەقینە لەوە زیاترە.

هۆڵەندا یەکێکە لەو وڵاتانەی کە ژنی تێدا خەتەنە دەکرێت، 16 هەزار کچ و 35 هەزار ژنی بە تەمەنی خەتەنەکراوی تێدا دەژین.



# ڕێباز فاوندەیشن بۆ دانەوەی چاکەی خەڵک دامەزراوە

## ڕێکخەری ڕێبازفاوندەیشن: لەبەر ئەوەی ڕێکخراوەکە بەناوی کوڕێکی کاک کۆسرەتە لە زۆریارمەتی دەرەوەو ناوخۆی یەکێتی بێ بەشکراوین



هەڵەت خەسرەو، ڕێکخەری ڕێبازفاوندەیشن دەڵێ 1.500.000 هەزار دۆلارمان لە 45 پرۆژە خەرج کردووە (فۆتۆ:ڕووداو)

**ڕووداو- سلێمانی**

لەخانوویەکی دوو نهۆمیدا لەسەر شەقامی (سالم) لەشاری سلێمانی، چەند گەنجێک کە ژمارەیان 20 کەسێک دەبێت، ماوەی پتر لە ساڵ و نیوێکە خەریکی بەڕێوەبردنی ڕێکخراوێکی خێرخوازین کە چەند وەزیرێکیش لە بۆردەکەیدا بەشدارن . ڕێکخەری کاروباری ڕێباز فاوندەیشن کە لە بەریتانیا ئەزموونی کاری بەدەستهێناوە هەوڵدەدات ڕێکخراوەکەیان بەشێوەیەکی هاوچەرخ بەڕێوەببات، بۆیەش نەک تەنیا نێوی بۆردەکەی بەڵکو نێوی کارمەندەکانیشی لە ماڵپەڕەکەیاندا نووسراوە.

ڕێکخراوی ڕێباز فاوەندەیشن، کە لە 2007/4/23 دامەزراوە، ناوەکەی هێمایە بۆ کۆچکردوو (ڕێباز)ی کوڕی کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە چەند ساڵێک لەمەوبەر لەڕێی دوکان- سلێمانی بەڕووداوی ئۆتومبێل گیانی لەدەستدا، بەوەش لەدوای ئاراس و پێشڕەو بووە سێیەمین کۆستکەوتنی ئەو بنەماڵەیە، کەناوی نەخۆشخانەی "پار" لە هەولێر کورتکراوەی ناوی. لەگەڵ ئەوەشدا دەرباز کۆسرەت کوڕە گەورەی ئێستای جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتی کە بەڕێوەبەری ئەو ڕێکخراوەیە، دەڵێت ڕێکخراوەکەیان لەڕووی داراییی و کارگێڕییەوە تەواو سەربەخۆیەو پشتی بە دەسەڵات یان بودجەی تایبەتیی باوکی نەبەستووە. ئەو کە باوکی بەوە ناسراوە لەڕووی داراییەوە زۆر یارمەتی خەڵک دەدات، دەڵێت "باوکم زۆر جار پێشنیازی کردووە ئەو یارمەتییە داراییانە لەڕێی ئێمەوە بداتە خەڵک، بەڵام ئێمە نەمانویستووە و هەوڵمانداوە لەڕووی داراییەوە سەربەخۆ بین و پەیوەست نەبین بەهیچ لایەکەوە"، هەروەها دەڵێت "باوکم هەتا سەر هەر نامێنێ، بەڵام ئێمە دەمانەوێ ئەو دەزگایە هەتا هەتایە هەر بمێنێ و خزمەت بکات".

دەرباز لە نووسینگەکەی خۆیدا بەگەرمی پێشوازیی لە تیمی (ڕووداو) کردو باسی بیرۆکەو سەرەتاکانی دروستکردنی ئەو ڕێکخراوەی کرد کە لەماوەی ئەم ساڵ و نیوەدا 45 پرۆژەی ئەنجامداوە و کۆی تێچووی ئەو پرۆژانەش یەک ملیۆن و 63 هەزار دۆلار بووە، بۆ ئەمساڵیش بەپێی ئەو پلانەی هەیانە بایی نزیکەی 1 ملیۆن و 500 هەزار دۆلار پرۆژە ئەنجامدەدەن.

ڕێباز فاوەندەیشن هەردوو بواری تەندروستی و پەروەردەی بۆخۆی کردووەتە چوارچێوەی کارکردن و، سەرجەم پرۆژەکانی لەو دوو بوارەدان کە پرۆژەی هەمەجۆرن، لە کاری زۆر بچووک و سادەی وەک وۆرک شۆپی پاکوخاوێن ڕاگرتنی ددانەوە دەستپێدەکات کە تەنیا 200 دۆلاری تێچووە تا دەگاتە دروستکردنی نەخۆشخانەیەک بۆ خێزانی شەهید و پێشمەرگەکان لەشاری هەولێر. هەڵەت خەسرۆ هەمەوەندی ڕێکخەری کاروباری ڕێکخراوەکەش باس لەوەدەکات کە ئێستا بیر لەئاواکردنی زانکۆیەکی ئەهلی دەکەنەوە لە کەرکووک یان لەسلێمانی.

دەرباز کۆسرەت لەماوەی نزیکەی کاژێرێک گفتوگۆکردندا دیار بوو بەلایەوە زۆر گرنگ بوو ئەو پەیامە بگەیێنێ کە بنەماڵەی ئەوان خۆیان بە قەرزداری خەڵک دەزانن و دەیانەوێ لەڕێی کارەکانی ئەو ڕێکخراوەوە چاکەی خەڵک بدەنەوە "کاتێک ڕێبازی برام شەهید بوو خەڵکێکی زۆر هاتن بۆ پرسەکەی، بۆیە خۆمان بەقەرزاری میللەت دەزانین و گوتمان باشترین شت ئەوەیە دەزگایەک دروست بکەین کە بتوانین بەپێی توانا بۆشاییەک پڕبکەینەوە".

ئەو کە کۆلێژی یاساو ڕامیاری لە بەریتانیا خوێندووەو ئێستاش خەریکی خوێندنی ماستەرە لە بواری کارگێڕی، لەبارەی بیرۆکەی دروستکردنی ڕێکخراوەکەوە دەڵێت "بیرم لەوە کردەوە وەک کوڕی بەرپرسێکی باڵا نەریتێکی نوێ دابهێنم، بەتایبەتی کە خەڵک گلەیی زۆر دەکەن و دەڵێن بەرپرسەکان هەموو خەریکی بازرگانین و ئاگایان لەمیللەت نەماوە، ئێمە نەمانویست ئەو حەڵقەیە لەنێوان ئێمەو میللەت بپچڕێ و گوتمان باشترین ڕێگە بۆئەوەی خزمەتی میللەتی پێبکەین دروستکردنی ڕێکخراوێکی خێرخوازییە".

ڕێباز فاوەندەیشن، کە وەک دەرباز دەڵێت لەسەرەتاوە بەو ئامانجە دامەزرا سەرکردەی دوارۆژ دروست بکات و ببێتە یارمەتیدەری ئەو خوێندکارە گەنجانەی توانایان هەیە و باری داراییان خراپە، ئەگەرچی لەو بوارەدا توانیویەتی 10زەمالەی خوێندنی ماستەر لەزانکۆی ئەمریکی و 18 زەمالەش لە زانکۆی جیهان دابین بکات، بەڵام کارەکانی لەو چوارچێوەیەدا نەماونەتەوەو رووی لەبواری دیکە کردووە.

ڕێباز فاوەندەیشن زۆربەی پرۆژەکانی لە گەرمیان ئەنجامداوەو ڕێکخەری ڕێکخراوەکەش دەڵێت "گەرمیان فیدراکاری زۆری نواندووەو شەهیدو ئەنفالکراوی زۆریان هەیە، بۆیە گوتمان با سەرەتا لەوێوە دەستپێبکەین ئینجا بچینە ناوچەکانی دیکە".

دەرباز کۆسرەت ڕەسول گوتی بڕیاریانداوە بارەگای سەرەکی ڕێکخراوەکەیان کە ئێستا لە سلێمانییە ئەمساڵ بیگوازنەوە بۆ هەولێر و، چەند پرۆژەیەک بە یارمەتی سەرۆکی حکومەت ئەنجامدەدەن.

وەک چۆن ئەوانەی لەو ڕێکخراوەدا کۆبوونەتەوە زۆربەیان کوڕە شەهیدی یەکێتین، ڕێکخراوەکەش لەکارکردنی خۆیدا پتر بایەخ بە خانەوادەی شەهیدان دەدات.

هەڵەت خەسرۆ هەمەوەندی ڕێکخەری کاروباری ڕێباز فاوەندەیشن، کە دوو بڕوانامەی ماستەری لە بەریتانیا بەدەستهێناوە، (یەکەمیان لەبواری ڕێکخستنی کاری ڕێکخراوەیی و دووەمیان لە فەلسەفەی ڕۆژنامەگەریی کوردی)، ماوەی هەشت ساڵ لەو وڵاتە لەهەردوو وەزارەتی ناوخۆو بەرگریی بەریتانیا لەبواری ڕێکخراو و حیزبەکان کاری کردووە، جگە لە کارکردن لەڕێکخراوی نێودەوڵەتیی پەنابەران و مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردی لەبەریتانیا. هەڵەت کە کۆتایی ساڵی 2007 بە یەکجاری گەڕاوەتەوە کوردستان، هەموو ئەم ئەزموونی کارەی خستووەتە خزمەتی ئەو ڕێکخراوەو ئەم ئەزموونەش بەهەیکەلی ڕێکخراوەکەو شێوازی کارکردنیەوە دیارە.

هەڵەت دەڵێت "ڕێباز فاوەندەیشن ڕاستە زۆر کەس وادەزانێ ڕێکخراوی ماڵی کاک کۆسرەتە، بەڵام ئێرە تەواو سەربەخۆیەو تا ئێستا جەنابی کاک کۆسرەت نەهاتووە بڵێ ئەم شتە بکەن و ئەوە مەکەن، یان پارە لە فڵان وەربگرن و لەفڵان وەرمەگرن، تەنانەت لەڕووی فەند وەرگرتن و لەڕووی داراییەوە ڕاستە کاک کۆسرەت جێگری سەرۆکی هەرێمەو پەیوەندی باشی لەگەڵ حکومەت هەیە، بەڵام شێوازی کارکردنی ئێمە تەواو ڕێکخراوەییەو بەپێی سیستەمی کارکردنی ڕێکخراوە ناحکومییەکان کاردەکەین". لەگەڵ ئەم جەختکردنەوەیەش لەسەر سەربەخۆیی ڕێباز فاوەندەیشن، هەڵەت نایشارێتەوە کە هەر ئەوەی ڕێکخراوەکە بەناوی کوڕێکی کۆسرەت ڕەسوڵ عەلییە، بووەتە هۆی ئەوەی لەپشتیوانی و یارمەتیی زۆر کەس و لایەنی نەک هەر دەرەوەی یەکێتی، بەڵکو هی ناو یەکێتی خۆیشی بێبەش بن بەهۆی ململانێ و کوتلەکاریی ناو یەکێتییەوە.

ڕێباز فاوەندەیشن لەو پرۆژانەدا کە ئەنجامی دەدات، پشت بەو ڕێکخراوانە دەبەستێ کە فەندی پرۆژەکانی دەکەن، بەوهۆیەشەوە ناچارە بەپێی مەرجەکانی لایەنی فەندەر بڕیار بدات کە چ پرۆژەیەک دەکات و لەکوێ ئەنجامیدەدات، هەر لەبەرئەمەش پرۆژەکانیان هەمەجۆرن و ئەو پرۆژەیەی لە شوێنێک ئەنجامدراوە لەشوێنێکی دیکە دووبارە نەبووەتەوە، لە چەمچەماڵ گۆڕەپانێکی تۆپی پێیان دروستکردووە، لەهەولێر نەخۆشخانەیەک و لەسلێمانیش وەرگرتنی زەمالەی خوێندن بۆ قوتابیان.

هەڵەت خەسرەو لەبارەی ئەو لایەنانەی فەندی پرۆژەکانیان دەکەن، دەڵێت "بەپلەی یەکەم سوودمان لە کۆمپانیاکانی داناغاز و هیلال، گرووپی کۆمپانیاکانی جیهان و هەروەها چەندکەسێکی خێرخوازی دەوڵەمەند وەرگرتووە کە بۆنموونە حەزدەکەن یارمەتی قوتابی بدەن، بەڵام ویستوویانە بەشێوەیەکی سیستماتیک بێت و هاتوون لەڕێگەی ئێمەوە ئەو کارەیان کردووە". وەک ئەو گوتی گرووپی کۆمپانیاکانی جیهان تەنیا بۆ زەمالە وەرگرتنەو ئەوان سپۆنسەری ئەو قوتابیانەیان کردووە کە زەمالەیان بۆ وەرگیراوە.

یەکێک لەو کێشانەی بەرەوڕووی ڕێباز فاوەندەیشن دەبێتەوە ئەوەیە کە ئەو ڕێکخراوە دوو بواری تەندروستی و پەروەردەی بۆ کاری خۆی دیاری کردووە لەکاتێکدا وەک هەڵەت دەڵێت تەندروستی و پەروەردە دوو وەزارەتیان هەیە کە گەورەترین بودجەیان بۆ تەرخانکراوە لە کوردستان، بۆیە ڕێکخراوە بیانییەکان ئەو کارانەی ڕێباز فاوەندەیشن بەکاری ئەو دوو وەزارەتە دەزانن و بەزەحمەت فەندی ئەو جۆرە پرۆژانە دەکەن و، دەڵێت "بەداخەوە هێشتا زۆرکەس لەگرنگیی ڕێکخراوی NGO تێنەگەیشتوون، لە وڵاتانی دەرەوە 40%ی بەرپرسیارێتی بەڕێوەبردنی وڵات لەسەر ئەو ڕێکخراوانەیەو حکومەت پشتگیرییان دەکات".

پرۆژەکانی ڕێباز فاوەندەیشن پرۆژەی وەبەرهێنان نین و ڕێباز فاوەندەیشن بۆ پشتگیریی لەپرۆژەکانی ناتوانێ پشتیان پێ ببەستێ، بۆیە هەڵسوڕێنەرانی ڕێکخراوەکە ئێستا بیر لە پرۆژەیەک دەکەنەوە کە بتوانێ فەندی کارەکانیان بکات.

هەڵەت پێیوایە کەلتووری یارمەتیدانی ڕێکخراوە خێرخوازەکان لەنێو توێژی بەرپرسان و دەوڵەمەندانی کوردستاندا کەلتوورێکی لاوازەو دەڵێت "تاکە بەرپرس پشتیوانیی لەم ڕێکخراوە بکات کاک کۆسرەتە، مووچەو خەرجیی ستافی ئێرە هەمووی لەسەر بودجەی تایبەتیی خۆیەتی". ئەوە لەکاتێکدا کە بەپێی لێدوانی بەرپرسانی باڵای حکومەتی عێراق، مووچەو دەرماڵەی هەریەک لە سەرۆک کۆماری عێراق و جێگرەکانی و هەروەها سەرۆک وەزیران و هەردوو جێگرەکەی بڕی یەک ملیۆن دۆلارە، جگە لەدەیان ملیۆن دۆلاری دیکە کە دەزگاکانی سەرۆکایەتی کۆمارو سەرۆکایەتی حکومەت و پەرلەمانی عێراق بەناوی مەنافعی کۆمەڵایەتی وەریانگرتووەو تەنیا هی سەرۆکایەتی کۆمار لەساڵی ڕابردوودا 70 ملیۆن دۆلار بووە، کە دەبێ لە یارمەتیدانی خەڵک و ڕێکخراوە ناحکومییەکان دا خەرجبکرێن. هەڵەت باسی لەوەکرد کە بەنیازن بۆ وەرگرتنی بڕێک لەو یارمەتییە داواکاری ئاراستەی مام جەلال و بەرهەم ساڵح بکەن.

هەڵەت خەسرۆ دەڵێ، ڕێباز فاوەندەیشن لە بواری تەندروستی تەنیا یارمەتی حالەتە زۆر پێویستە تاکەکەسییەکانی داوەو، بایەخ بە دروستکردنی پرۆژەی تەندروستی و پەروەردەیی وادەدەن کە سوودی گشتیان هەبێ و " گرنگی بەچاودێری ئەو پرۆژانە دەدەین لە پێناو بەردەوامبوونیان".



تیمێکی گەڕۆکی تەندروەستیی ڕێباز فاوندەیشن لە گەرمیان

# هێڵی ئینتەرنێتی کوردستان بە هێڵی ئەڵمانیا دەبەسترێتەوە



ڕەوا عەبدوڵڵا
rawaebdalla@yahoo.com

**ڕووداو - هەولێر**

شێروان خدر، 25 ساڵ، دانیشووی هەولێر زۆر سەرسام دەبێت کاتێک دەبینێت هاوڕێکانی لەدەرەوە بەیەک ئیمەیڵ چەندین وێنە و داتا و زانیاری بۆ ڕەوانە دەکەن، کەچی ئەو بۆ ناردنی وێنەیەک دەبێت چەند جارێک قەبارەی وێنەکە لەقەبارەی ئاسایی خۆی بچووکتر بکاتەوە.

ئەو گەنجە سەرەڕای ئەوەی هەر سێ هێڵەکانی ئینتەرنێتی (تارین نێت، ئاریافۆن، ئاریانێت )ی لەماڵ هەیە، بەڵام هێشتا گلەیی ئەوە دەکات بەهۆی خاوی هێڵەکان ناتوانێت بە ئارەزووی خۆی پێویستییەکانی داونلۆد بکات "هیچ یەک لە هێڵەکانی ئینتەرنێت خێرایی ئەوەندە نییە کە دڵخۆشم بکات".

زۆربەی کۆمپانیاکانی کوردستان بەهۆی نەبوونی هێڵی بەستنەوەی زەوینی بە وڵاتانی دەرەوە، بەناچاریی بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری ئینتەرنێت سوود لەمانگی دەستکرد وەردەگرن، وەک پسپۆڕانی بوارەکەش ئاماژەی پێدەدەن بەکارهێنانی بەوشێوەیە جگە لەوەی تێچووەکەی زۆر دەکەوێت لەسەر بەشداربوو، خێرایی و توانای وەرگرتن و دانەوەی زانیاری سنوردارە.

لەکۆتایی ساڵی 2008 کۆمپانیای نەورۆز تیلیکۆم کە کۆمپانیایەکی هاوبەشی کەرتی گشتی و تایبەتە، توانی تۆڕی پەیوەندی و ئینتەرنێتی هەرێمی کوردستان بەڕێگەی فایبەر ئۆپتیک بەتۆڕی فرانکفۆرت ببەستێتەوە ئەویش لەڕێگەی تۆڕی پەیوەندی تورکیاوە، بەم هەنگاوەش وەک بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی گەیاندن، ئاماژەی پێدا "کوردستان لەڕووی پەیوەندی نێودەوڵەتی هەنگاوێکی مێژوویی بڕی".

کۆمپانیای نەورۆز تیلیکۆم لەدوو کۆمپانیای ناوخۆیی (سەمفۆنی و دالیاسات)وکۆمپانیایەکی ڤی تێلی ئیماراتی بەهاوپشکی وەزارتی گەیاندن پێکهاتووە، ئێستا بەڕێوەبردنی تۆڕەکانی پەیوەندیی و ئینتەرنێتی شارەکانی هەولێرو دهۆکی گرتووەتە ئەستۆ.

کۆمپانیاکە ئێستا ژمارەی بەشداربووانی هێڵی ئینتەرنێتی گەیشتووەتە نزیکەی 50 هەزار بەشداربوو کە پێکدێت لە 40 هەزار بەشداربووی ئینتەرنێتی ئاریافۆن و 8 هەزار بەشدار بووی ئاریانێت و 2 هەزار بەشدابووی ڕێبەرکویک لە دهۆک، ئەمە سەرەڕای ئەو هاوبەشانەی بەهۆی سیستەمی ADSL لە ڕێگەی هێڵی نۆرماڵ خزمەتگوزاری ئینتەرنێتیان هەیە.

ڕەشاد عومەر، بەڕێوەبەری چالاکی تەکنیکی لەکۆمپانیای نەورۆز تیلیکۆم بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە خراپی هێڵەکانی ئینتەرنێت لە کوردستان لەڕووی خێرایی و قەبارە و داواکاری خەڵک وای لەکۆمپانیاکەیان کرد هەوڵبدەن سیستمی زەوینی پەیڕەو بکەن، گوتیشی" ئێستا بەڕێگەی ئەو شادەمارەی بەهۆی فایبەر ئۆپتیکەوە گەیاندوومانەتە هەولێر بەشداربوو دەتوانێت خێراترین و زیاترین قەبارە لەوەرگرتن و دانەوەی داتا و زانیاری دەست بکەوێت".

ئەو بەڕێوەبەرە، لەپشت مێزەکەی لە ژوورەکەی خۆی لەنێو باڵەخانەی کۆمپانیای نەورۆز تیلیکۆم زۆر بەدڵنیاییەوە بۆ (ڕووداو) ئەوەی ئاشکرا کرد کە بەپێی سیستەمی STM4 ئەوان دەتوانن خێرایی ئینتەرنێت بۆ622 مێگابایت بەرز بکەنەوە کە تا ئێستا هیچ کۆمپانیایەک لەعێراق و کوردستان نەیتوانیوە خزمەتگوزاری ئینتەرنێت بگەیێنێتە ئەو قەبارەو خێراییە، گوتیشی "ئەگەر پێویست بکات بەم سیستەمە دەتوانرێت خێرایی هێڵەکان زیاد بکرێت".

ڕەشاد، نموونەی بەخێرایی هێڵی ئاریانێت هێنایەوە ئاماژەی بەوەدا هەر بەکارهێنەرێکی ئاریانێت دەتوانێت 300 کیلۆبایت داتا دابەزێنێت، بۆیە " ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ ئەو خێراییەی بەدەستمان هێناوە، هەزاران قات زیاترە".

کۆمپانیای نەورۆز تیلیکۆم دوای کڕینەوەی کۆمپانیای ئاریافۆن ئێستا بووەتە خاوەنی هێڵی خێرای (ئاریانێت)یش، بەڕێوەبەری چالاکی تەکنیکی ئاماژەی بەوەدا توانیویانە هێڵەکانی ئینتەرنێتی (ئاریافۆن و ئاریانێت و ڕێبەرکویک ) بەیەک ببەستنەوە، بەڵام ئەو سیستەمە کە ئینتەرنێتی (ئاریانێت و ڕێبەرکویک) پێدراوە سیستمی (ئیڤیدیۆ)یە، بۆیە توانای وەرگرتنی داتای سنووردارە ناتوانرێت هەموو جۆرە خێرایەکی پێ دابین بکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێت" دەتوانین خێرایی 3.1 میگابایت بۆ داونلۆدو 1.8 بۆ ئەپلۆد زیاد بکەین، ئەگەر هاوبەشەکانمان داواکاریان لەسەر بێت".

سیستەمی خزمەتگوزاری ADSL یەکێکە لەسیستەمەکانی دیکەی کۆمپانیای نەورۆز تیلیکۆم کە بەشداربوو دەتوانێت لەڕێگەی هێلی نۆرماڵ هێڵی ئینتەرنێتی دەستکەوێت، بەڕێوەبەری چالاکی تەکنیکی کۆمپانیای نەورۆز تیلیکۆم ڕایگەیاند"بەشداربوو دەتوانێت بۆ 512 داونلۆدو 256 ئەپلۆد، مانگانە تا 25 هەزار میگابایت بەبڕی 199 هەزار دابەزێنێت، نرخەکان زیاد دەکات بەگوێرەی زیادبوونی قەبارەکان تا دەگاتە 2048 داونلۆد و 512 ئەپلۆد بەبڕی 575 هەزار دینار بۆ 100 هەزار میگابایت لەمانگێکدا".

هەروەها گوتیشی "بەشداربووانی خزمەتگوزاری ئاریافۆن دەتوانن هێڵی ئینتەرنێتیان بەسیستەمی دایل ئەپ کە خێراییەکەی 56 کیلۆبایتە، زۆر خێراتر بێت لەئێستا، چونکە هێڵەکە خێراترە".

ڕەشاد دەڵێ ئەوسیستەمەی ئێستا کۆمپانیاکەیان کاری پێدەکات پێشکەوتووترین سیستەمە، تەنانەت لەزۆربەی وڵاتانی دەوروبەریش بوونی نییە، گوتیشی "ئێمە کار لەسەر ئەوە دەکەین جگە لەشارەکانی دهۆک و هەولێر تۆڕەکانمان ببەستینەوە بە شارەکانی دیکەی عێراقیش".

خۆشەوی عەبدولکەریم، بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارتی گەیاندن، بەستنەوەی تۆڕەکانی هەرێمی کوردستان بەوڵاتانی دەرەوە لەڕێگەی فایبەر ئۆپتیک، بەشۆڕش و وەچەرخانێکی بواری گەیاندن لەهەرێمی کوردستان وەسفکرد و گوتیشی" کێشەی سەرەکی ئێمە لەچەند ساڵی ڕابردوو کەمی خزمەتگوزاری ئینتەرنێت و وەرگرتنی داتابوو، چونکە نەماندەتوانی لەڕێگەی مانگی دەستکردەوە ئەو خێراییەی دەمانویست بە دەستی بهێنین".

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون بەستنەوەی هێڵەکانی پەیوەندی لەهەولێرەوە تا تورکیا بەنزیکەی 600 کیلۆمەتر فایبەرئۆپتیک بەستراوەتەوە، بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی گەیاندن ئامادە نەبوو بڕی تێچووی بەستنەوەکە ئاشکرا بکات، بەڵام ڕایگەیاند کە "بەملیۆنان دۆلاری تێدا خەرجکراوە".

بەڕێوەبەری چالاکی تەکنیکی کۆمپانیای نەورۆز تلیکۆم ئاماژەی بەوەشدا لەنێوەراستی ئەمساڵدا پرۆژەی سیستمی (وایرماکس) پەیڕەو دەکەن کە بەشداربوو دەتوانێت بەخێرایی 10 میگابایت داونلۆد و ئەپلۆد بکات.



## چاوتان ڕۆن




**ڕووداو- نێتکورد**

◆ دوای کۆمپانیای LG کۆری، کۆمپانیای TTN مۆبایلی پرۆگرامی کوردی دروست کردو کەوتە بازاڕەکانی ئامەدی باکووری کوردستان. ڕیکلامکردن بۆ مۆبایلەکە بەکوردی ئامادەکراوەو لەسەری نووسراوە "چاوتان ڕۆن، تەلەفۆنی کوردی کەوتە بازاڕەوە".

# ژنێکی کەنەدی کۆمپیوتەر و کەلوپەلی پزیشکی بۆ کوردستان کۆدەکاتەوە



**ڕووداو – کەنەدا**

چالاکڤانێکی سیاسی کەنەدایی خەریکی کۆکردنەوەی کۆمپیوتەرو کەلوپەلی پزیشکی و کتێبی ئینگلیزییە بۆ کوردستان. ئێمی بۆل کە چالاکڤانێکی سیاسی کەنەدییە هەفتەی رابردوو بۆ ماوەی 10 رۆژ لە کوردستان بوو، دوای گەڕانەوەی بۆ کەنەدا خەریکی هەڵمەتێکی کۆکردنەوەی کۆمپیوتەرو کەلوپەلی پزیشکی و کتێبی بیرکاری وزانستییە بەزمانی ئینگلیزی بۆ کوردستان. ئێمی دوای گەڕانەوەی بۆ کەنەدا لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی The Standard لەبارەی گەشتەکەیەوە گوتی " رەوشی کوردستان زۆر هێمن و جێگیرەو حکومەتەکەشی زۆر دیموکراتییە". ئێمی ئاشکرایکرد کە بە هاوکاری ئاژانسێکی کەنەدی خەریکی دروستکردنی شیلتەر(پەناگەیەکە) لە گوندی بارزان، هەڵبژاردنی بارزانیش وەک ئێمی دەڵێت لەبەر ئەوەیە خەڵکێکی زۆری لێ ئەنفالکراوە.

# کورتە فیلمی کوردی ئەمساڵیش هەر لەئوسترالیایە



**ڕووداو- ئوستراليا**

بڕیارە دووەمین فیستیڤاڵی کورتە فیلمی کوردی لەمانگی 2009/4 لەشاری مالبۆرن-ی ئوسترالیا سازبکرێ.

رێکخەرانی ئەو فێستیڤاڵە بە سەرپەرشتی و بەڕێوەبردنی هونەرمەندان تانیا جیهانی و حوسێن جیهانی لەمانگی 2009/4 دووەمین فیستیڤاڵی کورتە فیلمی کوردی لەشاری مالبۆرنی پایتەختی ئوسترالیا ساز دەکەن. ئەو فێستیڤاڵە بەئامادەبوونی چەندین کەسایەتی ناسراو وشارەزای بواری سینەمای ئوسترالی و جیهانی بەرێوەدەچێت.

یەکەم فێستیڤاڵی کورتە فیلمی کوردیش هەر لە ئوسترالیا لەشاری سیدنی لە مانگی 2007/11 سازکرا.

# پشیلەیەک بە 20 هەزار دۆلار

**ڕووداو- ئاژانسەکان**

لە پێشبڕکێیەکدا پشیلەیەک کە خاوەنەکەی چینییە، نازناوی گەورەترین‌و قورسترین پشیلەی لەجیهاندا پێبەخشرا.

لە پێشبڕکێیەکدا کە لەتایوان بۆگەورەترین پشیلە ئەنجامدرابوو، پشیلەی چینییەک توانی ببێتە گەورەترین پشیلە لەجیهاندا، کە کێشەکەی 35 کیلۆگرامە. خاوەنی ئەو پشیلەیە بەهۆی ئەو پشیلەیەوە لەو پێشبڕکێیە بووە خاوەنی 20 هەزار دۆلار.



# عەرەب ساڵانە 5 ملیار دۆلار لەنووشتەو جادوو خەرج دەکەن

ڕووداو- عەرەبییە نێت

بەپێی لێکۆڵینەوەیەک کە لەرۆژنامەی (خەبەر)ی جەزائیریدا بڵاوکراوەتەوە، 55%ی ئافرەتانی عەرەب بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان پەنادەبەنە بەر نووشتەو جادوو،250 هەزار سیحربازوجادووگەریش لە وڵاتانی عەرەبیدا هەن، بۆ ئەو مەبەستەش عەرەب ساڵانە 5 ملیار دۆلاری ئەمریکی خەرج دەکەن.

راپۆرتەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیانیش کە بەشێکیان لەتوێژە رۆشنبیرو خوێندەوارەکانن، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان پەنا بۆ ئەم جادووگەرو نوشتەنووسانە دەبەن.

پزیشکان‌و دەروونناسان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، 99%ی هۆکاری پەنابردنە بەر نووشتەو جادووگەری، دەروونییەو نیشانەی دواکەوتوویی کۆمەڵگەی عەرەبییە.



# شەڕ لە بێکاری باشترە

**ڕووداو- مادرزەن**

هاووڵاتییەکی دانیشتووی شاری لۆس ئەنجلسی ئەمریکا، دوای ئەوەی لەسەر کارەکەی دەردەکرێت‌و بێکار دەمێنێتەوە، بڕیار دەدات ئەندامانی خێزانەکەی کە ژمارەیان 6 کەسە هەموویان بکوژێت.

سەرەتای ئەم ڕووداوە لەوەوە دەستیپێکرد کاتێک ئاریڤن ریوبۆی دەچێتەسەر کارەکەی، پێیدەڵێن کە خۆت و خێزانەکەت لەسەر کار دەرکراون، هەر بۆیە کاتێک دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەکەی بڕیار دەدات هەموو ئەندامانی خێزانەکەی بکوژێت، بۆ ئەوەی تووشی برسێتی ونەبوونی نەبن، سەرەتا ژنەکەی دەکوژێت‌و پاشان کچە گەورەکەی کە تەمەنی 8 ساڵەو دواتر 4 منداڵەکەی دیکەی کە تەمەنیان لەنێوان 2 بۆ 5 ساڵدایە، دواتر خۆشی دەکوژێت.

ئەم هاووڵاتییە پێش ئەوەی خۆی بکوژێت تەلەفۆن بۆ یەکێک لە کەناڵەکانی راگەیاندن دەکات‌و ئاماژە بەکوشتنی سەرجەم ئەندامانی خێزانەکەی دەکات، دواتر پۆلیس دەگەنە شوێنی ڕووداوەکەو ئەندامانی خێزانەکە بەمردووی دەدۆزنەوە.

# وشتر پەیوەندی رووسیا و ئۆکرانیا خراپ دەکات



**ڕووداو-ئاڤێستا**

20 وشتر کە لە رووسیا بە رێگای ئۆکرانیادا بەرەو بولگاریا دەچوون لە گومرگی ئۆکرانیا وەستێندران. حکوومەتی ئۆکرانیا رایگەیاند لە بەر بڵاوبوونەوەی پەتای " تای بەراز" لەنێو ولاخەبەرزەکاندا لە وڵاتانی ئەفریقیا، رێگەی نەداوە ئەو وشترانە بچنە نێو خاکەکەیەوە.

حکوومەتی رووسیا رایگەیاند کە ئەو لە هەڵسوکەوتەی ئۆکرانیا تێناگات و نازانێ چ بڵێت. بەوشێوەیە ئەوە هەفتەیەکە 20 وشتری رووسیا لە نێو لۆرییەکدا لەسەر سنوور راگیراون، ئەمەش بووەتە هۆی دروستبوونی قەیرانێکی سیاسی لەنێوان هەردوو وڵات دا. پەیوەندی روسیا وئۆکرانیا ماوەیەکە لەسەر رۆیشتنی گازی سروشتی روسی بەناو ئۆکرانیاوە بۆ ئەوروپا لە گرژی وقەیراندایە

# من بۆ شێتکردنی پیاوان لەدایکبووم



**ڕووداو-ئیتاڵیا**

لە ماڵپەڕی فەرمی سینەماکاری ئیتاڵی، مۆنیکا بەلوچی دا نووسراوە" مۆنیکا ژنێکی جوانە، ژیرە، سەرنج راکێشە، دەتوانێ هەموو پیاوێک ناچاربکات بەسەر ملیدا شۆڕببێتەوە. ئەگەر بڵێین ژنێکی ئاساییە درۆ دەکەین، بۆیە دەتوانین بڵێین مۆنیکا تەنیا بۆ ئەوە لەدایکبووە مرۆڤەکانی ئەو جیهانە شێت بکات".

مۆنیکا بەلوچی، پاش دوو ساڵ خوێندنی جێهێشت و روویکردە شاری میلانۆ، بۆ ئەوەی بتوانێ پارەی تەواوکردنی خوێندنەکەی پەیدابکات، لەوێ بۆندێکی دەستکەوت بۆ کارکردن لەکۆمپانیایەکی نمایشکردنی جلوبەرگ، ئەمە سەرەتای دەرکەوتنی ئەستێرەی سینەمای هۆلیود (مۆنیکا بلوچی)یە، کە ئێستا یەکێکە لە نێودارترین سینەمماکارانی جیهان .

مۆنیکا بەلوچی، لەساڵی 1968 لە گوندێکی بچووکی ئیتالیا لەباوکێکی فارس و دایکێکی ئیتاڵی لەدایکبووەو، بە مۆدێل ئەستێرەی بەختی گەشایەوەو بە سینەما گەیشتە لووتکەی نێوبانگ دەرکردن . دوای خوێندنی هونەری نواندن، یەکەمین دەرکەوتنی، لەفیلمێکی تەلەڤزیۆنیی ئیتاڵیدا بوو بە ناوی (ژیان لەگەڵ رۆڵەکاندا 1990). هەروەها بە فیلمی (مالینا 2000) کە یەکێکە لەفیلمە دانسقەکانی، بووە خەونی ژنان و پیاوان لەهەموو جیهاندا.

مۆنیکا، ئێستا ئەستێرەیەکی درەوشاوەی نەک تەنیا سینەمای ئیتالی و فەرەنسییە، بەڵکو لەساڵی 1992دا روویکردە سینەمای ئەمریکی و تا ئێستا لەچەندین فیلمی هۆلیوودا بەشداری کردووەو، ئێستا بەزۆری لەگەڵ دەرهێنەرە ئەمریکییەکان کاردەکات، مۆنیکا لەوبارەوە دەڵێ " ژنە سینەماکارە ئەمریکییەکان خۆیان لە بینینی رۆڵی لەشفرۆشان لە فیلمەکان دا دووردەگرن، دەترسن کاریان تێبکات، بەڵام من سەرکێشێکردن بەشتێکی خۆش دادەنێم و حەزم لەشتی مەترسیدارە، بەتایبەتیش ئێمە ئەوروپاییەکان رۆلە مەترسیدارەکان بە بوێری دادەنێین". بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە زۆربەی کاری کەوتووەتە ئەمریکا و ئایندەی هونەریشی لەوێ باشتر دەبێ، بەڵام دەڵێ " من پەیوەستی ناسنامەی ئەوروپایی خۆمم و ناتوانم جگە لە ئیتاڵیا لە هیچ شوێنێکی دیکە بژیم".

مۆنیکا کە بە وروژێنەرترین و رۆمانسیترین، سینەماکاری جیهان دادەنرێ، لەفەرەنسا خەڵاتی باشترین فیلمی رۆمانسیی وەرگرت، پاشان لەگەڵ ئەکتەری فەرەنسایی فینیست کاسل دوای چەندین ساڵ خۆشەویستی ژیانی هاوسەری پێکەوەنا، هەردووکیان پێکەوە بەشداریی چەند فیلمێکیان کرد، گرنگترینیان فیلمی (دوبرمان 1997) بوو، کە سەرکەوتنی گەورە و رەخنەیەکی زۆری لێکەوتەوە.

نوێترین کاری مۆنیکا هەروەک راگەیێندرا، بەشداریکردنیەتی لە فیلمێکی سێکسیدا بۆ کۆمپانیای Playboy، کە لەبەرامبەردا 200ملیۆن دۆلار وەردەگرێت.بەلوچی کە تائێستا بەشداری لە 34 فیلمی سینەمایی کردووە، ئەم فیلمەی نوێیەی کە لەمانگی داهاتوودا وێنەگرتنی دەستپێدەکات، دەبێتە یەکەم فیلمی تەواو سێکسی مۆنیکا بەلووچی.

# بەختی ڕووداو

## کاوڕ
Mar 21–Apr 19

باشتروایە وتەکانی خۆتان بەفیرۆ نەدەن، لەم هەفتەیەدا کەمتر لەجاران خەڵک لەبۆچوونەکانی ئێوە تێدەگەن، هۆکاری ئەم تێنەگەیشتنەش دەگەڕێتەوە بۆ خۆتان.

## تەرازوو
Sep 23–Oct 23

خۆشەویستەکەت هیوایەکی گەورەی بەهەڵوێستی ئێوە هەیە، بەڵام دەبێت ئێوە لەبڕیارەکانتان لەسەر بنەمای ژیری و هەڵسەنگاندنی سەرجەم لایەنەکان بێت‌تاوەکو دوور بیت لەهەموو پەشیمانبوونەوەیەک.

## گا
Apr 20–May 20

لەبواری سۆزداری هەست بەسیستی لایەنی بەرامبەر خۆتان دەکەن، پێویستە لەسەر ئێوە هاوسۆزەکانی خۆتان تاقی بکەنەوە پێش ئەوەی ئاستی پەیوەندییەکانتان بگاتە لوتکە.

## دووپشک
Oct 24–Nov 21

لەباری خێزانیدا کاتێکی ئارام بەسەر دەبەن لەدوای ئەوەی بەگرژیەکی کاتیدا تێپەربوون لەماوەکانی رابردوودا، دەتوانن خەونە ئەرخەوانییەکانتان لەراستی نزیک بکەنەوە بەمەرجێک بڕواتان بەخۆتان هەبێ.

## جمک
May 21–Jun 21

دەبێت هەنگاوەکانتان بەهێزتر بکەن لەبواری کارکردندا تاکو سەرکەوتن بەدەستبێنیت، لەم هەفتەیەدا سەفەر کردن کارێکی بەجێ نییە، بۆیە باشتروایە سەفەرەکەت دوا بخەیت.

## کەوان
Nov 22–Dec 21

گرنگی بەکاری لاوەکی مەدەن، کات بۆ ئێستای ئێوە زۆر بەنرخە، هەست بەجۆرە سستەک دەکەن لەراپەراندنی کارەکانتان و بەگوێرەی پێویست رێز لە کات ناگرن.

## قرژاڵ
Jun 22–Jul 22

پێویستە نوێکاری لەژیانی خۆتدا بکەی، ئەگەر تەنانەت گۆرانکارییەکیش بێت لەدیکۆری ژوورەکەتدا، لەبەر ئەوەی بەشێک لەئێوە هەست بە ماندووبوون لەو ژیانەی ئێستاتان دەکەن کە تێیدا دەژین.

## کارژۆلە
Dec 22–Jan 19

جێگای خۆیەتی ئەگەر داوای هاوکاری لە کەسە دڵسۆزەکانی خۆتان بکەن، بەڵام نابێت نیگەران بن ئەگەر دەستبەجێ وەڵامیان نەدانەوە، ئەم هەفتەیە هەواڵێکی دڵخۆشکەرت پێدەگات.

## شێر
Jul 23-Aug 22

ئەم هەفتەیە بۆ ئێوە بەشانسە، پێویستیتان بەروویەکی گەشتر هەیە بۆ ئەوەی بتوانن کارەکانتان بەئەنجام بگەیێنن، تووڕەبوون زیانتان پێدەگەیێنێت.

## سەتڵ
Jan 20— Feb 18

لەلای هەموو کەسێک دەست بەسکالا مەکەن و ناخی دەروونی خۆتانی بۆ هەڵنەرێژن، ئەگەر وتەکانتان لەلای کەسی شایستە دەرببرن ئەوا ئەنجامی باشی دەبێت.

## گوڵەگەنم
Aug 23–Sep 22

چاو مەبڕنە دەستکەوتی خەڵکی دیکە، پێویستە بەو داهاتەی هەتانە رازی بن، ئاگادار بە لەوانەیە لەم هەفتەیەدا کارێکی هەڵە ئەنجام بدەیت.

## نەهەنگ
Feb 19–Mar 20

کەسێک زۆر حەز دەکات ئێوە پەیوەندی پێوە بکەن، باش بیر بکەوەو ئەو کەسە بدۆزەوە، لەوانەیە لەو کەسانە بێت کە زۆر بەدەوروبەرتدا دێت و دەچێت.

لە تۆرۆنتۆوە



# کەشتی لە ناو دەریادا


## میریی هەرێم و پاڵەپەستۆی رادیکالیزم

رامیار مەحمود-کەنەدا
karwanmramyar55@gmail.com

قسەکردن لە سەر رادیکالیزم بە چاوپۆشین لە بەرگ و پۆشاکە سیاسی و کەلتوری و دینی و رووناکبیرییەکەی مەسەلەیەکی پڕ بایەخە. بەتایبەتی رادیکالیزم تەوژمێکی دیار و تەنگ و چەڵەمەهێنەرە و لەو رووەوە کە پشت بە دەستکاری ریشەیی دەبەستێت و بڕواکانی خۆی لەوێوە دەهێنێت کە چارەسەر بە تەنها لە گۆڕانی ریشەیی و راستەوخۆدایە. چ کۆمەڵگەی ئێمەو چ وڵاتانی دەورپشتی ئێمەش شوێنی هێزی زۆری سیاسی و ئایدیۆلۆجی رادیکالن، سەرجەم دەنگ و هێزە رادیکالەکان بەدەر لەوەی هێزی دینی بن یان ناسیونالیست یان چەپ یەک بناخەی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە سەبارەت بە گۆڕانی ریشەی و بەپەلە و دروستکردنی دابڕان و نائومێد بوون لە پرۆسەی سیاسی.

بۆ ئەم مەبەستە دەشێت میتافۆرێکی کۆنسێرڤەتیزم بە نمونە بێنینەوە، میتافۆرمەکە : (کەشتیەک لە دەریادا) ئەم کەشتییە بە مانای دەوڵەت دێت یان دەزگای سیاسی و دەریاش بە مانای کۆمەڵگە یان کەلتور بە مانا فراوانەکەی . ئەو هەڵەیەش کە ئەم کەشتییە بەرەو نوقمبوون دەبات ئەو پاڵەپەستۆو فشارانەیە کە رووبەڕووی دەزگای سیاسی دەبنەوە یان میری. رادیکالەکان دەخوازن کەشتییەکە پارچەپارچە بکەن یان شیتەڵبکەنەوە بۆ رەگەزەکانی، بە هیوای تێگەیشتن لە سەرچاوەی هەڵەکە و پاشان راستکردنەوەی. بە گوێرەی کۆنسێرڤەتیف ناتوانین کەشتییەکە شیتەڵبکەینەوە لە کاتێکدا کەشتییەکە لەنێو دەریادایە بەڵکو دەبێت هەندێک شت بکەین دەربارەی هەڵەکە یان ئەوەتا نوقم دەبین. هەڵبەت ئەوان ئەم میتافۆرە بەکاردەهێنن بۆ راڤەکردنی رەتکردنەوەی ئەوەی پێیدەوترێت رەشنالیزم. نمونەی زۆر هەن جۆری ئەو پاڵەپەستۆ رادیکالەمان پێ پیشاندەدەن وەک ئەو پاڵەپەستۆیەی رادیکالیزمی دینی و قەومی کە دەوڵەتی میسری گلاندە ناو شەڕی ئیسرائیلەوە یاخود ئەوەی ئەمڕۆ حەماس لە فەلەستین ئەنجامی دەدات یان ئەو پاڵەستۆیەی ناسیونالیستە کوردەکان بۆ راگەیاندنی سەربەخۆیی دەمودەست و لە قەیرانی ناوچە کێشە لەسەرەکانی مادەی 140 دەیکەنە سەر میری. ئەو دەنگ و هەلازۆرەی لەسەر ئەوەی هیچ نەکراوەو راگەیاندنی مردنی مادەکە یان ئەو دیدەی نەوشیروان مستەفا دەبارەی ئەوەی کە دەڵێت کەس خاکی خۆی ناخاتە وتووێژو دانوستان و دەنگدانەوە، بە پێچەوانەی تاڵەبانییەوە کە سوورە لەسەر ئەوەی ئەم مەسەلەیە پرۆسەیەکی وردو پشوودرێژی دەوێت.

دڵنیام ئەوەندە نمونە لە منەوە بەسن و ئێوە خۆتان لە من زیاتر نمونە لە مێشکتاندا دەگوزەرێت. کۆنسێرڤەتیڤ لەو بروایەدایە کە دەبێت وەڵامی ئێمە بۆ ئەو هەڵانەی کەشتییەکە نوقم دەکەن دەبێت پشت بە ئەزموونی رابردوو و داوەری وشیارنە ببەستێت، لەم رووەوە کۆنسێرڤەتیزم بڕوای بە سروشتی سنورداری عەقڵی ئینسانی هەیە، ئەوەی لێی دەترسن تاقیکردنەوەی رادیکالانەیە و ئینسان ناتوانێت پیشبینی سەرئەنجامی کارەکەی بکات، من لێرەدا دەرفەتی ئەوەم نییە بە فراوانی لە سەر کۆنسێرڤەتیزم قسە بکەم بەڵکو ئەوەی مەبەستمە تەنها ئاوڕدانەوەیەکی کورتە لە ئێدمەند بێرک (1729 – 1797 ) کە بە دامەزرێنەری ئایدیۆلۆجی سیاسی کۆنسەرڤەتیزم دەژمێردرێت، ئەم ناوە لای ئێمە کەمتر ناسراوە . یەکێک لە خەسڵەتەکانی کۆنسەرڤەتیزم رەتکردنەوەی سیاسەتی ڤشنەرییە، بێرک بە توندی دژی رادیکالیزم و ڤشنەری عەقڵانیەتی شۆڕشی فەرەنسی وەستایەوە، دژی بناغە عەقلانییەکانی بیردۆزی سیاسی و چەمکی ئەبستراکتی مافی مرۆڤ بوو، بڕوای وابوو شۆڕشی فەرەنسی بارودۆخەکەی بەرەو ئەبیوزکردنی دەسەڵات برد لە رێی دەستە بژێرەوە کە بە تیرۆر تەواو بوو، بێرک کە دەڵێت "لە کۆتایی هەموو ئاسۆیەکدا هیچ شتێک نابینیت جگە لە پەتی سێدارە" هەڵسەنگاندنێک بوو دژی سیاسەتی ڤشنەرییانەی شۆڕشی فەرەنسی، پێیوابوو ڤشنەری توانای بینینی پلۆرالیزم و هەمەرەنگی نییە و هەڵگری پرۆژەیەکی تاکرەهەندە بۆ کۆمەڵگە و بڕوای وابوو سیاسەتی سەلیم دەبێت لە حیکمەت و پراکتیکەوە سەرچاوە بگرێت نەک لە دۆگماتیزم و دۆکتەرینەوە . ناشبێت دەزگاکان بگۆڕدرێن مەگەر هۆیەکی زۆر باش لە ئارادابن تەنهاش بە رێگەی هۆشمەندانەو پلە بە پلە و دڵنیا بوون لە سەرئەنجامەکەی . بێرک بە توندی دژی بیرمەندانی پەیمانی کۆمەڵایەتی بوو و سەرسەختترین نەیاری رادیکالیزمیش بوو لەم رووەوە بێرک بایەخێکی گەورەی هەیە چونکە هێشتا ئێمە رووبەڕووی ئەو دۆزە هاوشێوانەین لە جیهانی ئەمڕۆدا کە لە هەمان دۆزی رۆشنگەری دەچێت کە بێرک نەیاری یەکەمێتی . من تەنها لێرەدا بە سادەیی باسی بێرک دەکەم دڵنیام ئەم کارە وردو درێژی زۆری پێویستە بۆ ئەوەی بە تەواوی بێرک بناسین، کات بوار بدات دەچمە سەر تێڕوانینی ئەو بۆ گرنگی ئاین و قسە کردن لەسەر گرفتەکانی ئەو بانگەشە رووناکبیرییەی داوای رزگاربوونی کۆمەڵگە دەکات لە ئاین لە کوردستاندا.



# کورد و جوولەکە پێکەوە گرێدراون

جولیا دیون

تەمەنێکە و چەندین باس و خواس نووسراوە لەسەرئەوەی چی بەسەر دە خێڵی ونبووی ئیسرائیلیدا هات.

ئارێل سابار دەڵێ وەڵامەکە ئاسانە. سابار نووسەری کتێبێکی تازەیە بەناوی "بەهەشتەکەی باوکم: کوڕێکی جوولەکە لە عێراقی کوردیدا بە دوای رابردووی خۆی دا دەگەڕێ".

لە کتێبەکەی دا، سابار دەڵێ "تەورات پێتدەڵێ لە کوێ بوون". "ئەگەر نەخشەی ئەو شوێنانە بکێشی، بۆت دەردەکەوێ ئەوە درووست کوردستانە".

غەریبەکان لەگەڵ کلتووری ناوچەییدا تێکەڵ ببوون، بەجۆرێک زمان و نەریتی کوردیان هەڵگرتبوو، کەچی بە ئارامی قسەیان دەکرد. لە ساڵی 722 ی پێش زایینەوە، ئارامی وەک ئینگلیزیی ئەمڕۆ بووە. خودی عیسای مەسیح پێیدواوە، هەروەها ئاشووری و بابلییەکان و دواتریش فارسەکان وەک زمانی کاروبارە فەرمییەکانیان بەکاریان هێناوە.

سەرەڕای داگیرکاریی ئیسلامیی لە سەدەی حەوتەمدا، مەسیحی و جولەکەکانی عێراق زمانی ئارامییان پاراست. لە سەرەتای سەدەی بیستدا 25000 جوولەکە لە ناوچە چیاییەکانی نێوان عێراق و ئێران و تورکیا و سووریادا ژیاون و ژمارەیەکی زیاتریش لە بەغدا و دەوروبەری بابلی دێرین بوون.

ئەمڕۆکە، تەنیا هەشت جوولەکە لە عێراقدا ماون. تەنیا لە ساڵی 1951 دا، 120 هەزار جوولەکە عێراقیان بەجێهێشت.

چی ئەو کۆڕەوە بەکۆمەڵەی درووستکرد؟ جیهانی ئیسلامی، دوای دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل لە 1948 دا پشتیان کردە جوولەکەکانی وڵاتانی خۆیان. سابار ئەمە لە چاوی باوکییەوە دەبینێ و دەگێڕێتەوە، کە ساڵی 1938 لە زاخۆی سەر رووباری خابوور لەدایکبووە کە تەنیا چەند میلێک لە تورکیا و سووریاوە دوورە.

سابار لەبارەی سەردەمی کۆڕەوەکەوە پێی وتم "تا ئەوکاتە جوولەکەکان بە ئاشتییانە لەنێوان موسڵمانەکاندا دەژیان"،بەڵام ئەوکات " زەمەنێک بوو هەموو لایەک هەوڵی درووستکردنی رق و کینەیان دەدا لەنێوان ئایینەکاندا، بەڵام کورد ئەو کارەیان نەدەکرد".

ساڵی 2004 لە زاخۆ بووم، شاهیدی زنجیرە چیا وشکەکان بووم لە ناوەندی پلە بەرزەکانی گەرمای هاویندا، هاوکات لەگەڵ ریزی 5 میلیی ئەو بارهەڵگرانەی ریزیان بەستبوو لە چاوەڕوانیی تێپەڕبوون لە سنووری تورکیادا.

یۆنا سابار، باوکی نووسەری کتێبەکە، بەهۆی کۆچی بنەماڵەکەیەوە بۆ ئیسرائیل لەو ژیانەی ئەوێ هەڵکەنرا. دواتر لە ئیسرائیل بووە مامۆستای فێرکردنی زمانی ئارامی و پلەکانی بڕی هەتا بووە پرۆفیسۆر لە زانکۆی باشووری کالیفۆرنیا.

زانینی زمانی ئارامی، سەرنجی زۆر لە بەرهەمهێنانی سینەمای بەڵای یۆنادا راکێشا تا لەو فیلمانەدا لەبارەی ناوو وشە ئارامییەکانەوە هاریکارییان بکات.

ئارێل سابار نووسەری کتێبەکە و کوڕی یۆنا، ئێستا تەمەنی 37 ساڵە و تا ساڵی 2002ش بەو پیشە نائاساییەی باوکی خۆشحاڵ نەبوو، هەتا ئیتر هەستیکرد زۆربەی جوولەکە ئارامی زمانەکان ئێستا لە 70 و 80 کانی تەمەنیاندان و بەرەو مردن دەچن.

ئەوکات بۆی دەرکەوت کاتی ئەوە هاتووە چیرۆکەکانیان بڵێ، ئەوەبوو ساڵانی 2005 و 2006 چوو بۆ زاخۆ و لەگەڵ ئەو کەسانەدا دووا کە کاتی خۆی باوکی ناسیبوونی و هەوڵیدا هەواڵی ئەو پوورەی خۆیشی دەست بکەوێت کە لە سییەکاندا دەشتەکییەکان ڕفاندبوویان.

خۆشحاڵ بووم کە کەسێک ببینم وەک من بەو دنیا سەیرە شاد بووبێ، ئەمەم بە نووسەری کتێبی "بەهەشتەکەی باوکم" وت.

ئەرێل سابار دەڵێ "لە باس و خواسی کتێبەکەدا ویستوومە ئەوە پیشان بدەم، کە کەسێک لەم تەمەنەی مندا دەڵێ : باوکی من جوولەکەیەکی عێراقی، یان جوولەکەیەکی کورد بووە و من تا ئێستا بێئاگا بووم لەو کەلەپوورە دەوڵەمەندەی لەوێ هەمانە". "خۆشیشە خەڵکانێک ببینی کە هەوڵدەدەن دەستیان بگاتە کولتوورێک کە لێی دابڕاون، یان کولتوورێک کە شتێکی ئەوتۆی لەبارەوە نەنووسراوە".

هەروەها دەڵێ کە ئەو نەیویستووە بایۆگرافییەکەی "تەنیا کتێبێک بێت بۆ جوولەکەکان". بەوەی وەک خۆی دەڵێ "بەشێک لە کتێبەکە سەرنجی مەسیحی و خەڵکانێک رادەکێشێ کە گرنگی بە پرسی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و کورد دەدەن. چەندین کورد بە ئیمێل پەیوەندییان پێوە کردووم و دەڵێن : سوپاست دەکەین کە کولتووری ئێمەت نرخاندووە، لە ئەمەریکا، کەس لێمان تێناگات".

**سەرچاوە: The Washington Times ی رۆژی 2009/2/5**

**وەرگێڕانی: سەروەر سالار چوچانی**



# ئۆباما دەیەوێت وێنەی ئەمریکا لە کەڵەگاوە بگۆڕێت بۆ سەرکردە

عومەر نورەدینی*

میراتی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا جۆرج بوش لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا بۆ سەرۆکی ئێستای ئەمریکا باراک ئۆباما میراتێکی دەوڵەمەندە بە کێشە و گیروگرفت و چەندین رووبەڕووبوونەوەی چاوەڕوانکراو، لەوانە: جەنگی دژە تیرۆر، پێشگرتن لە بڵاوبوونەوەی چەکی کۆکوژی و بەتایبەتی چەکی ئەتۆمی وڵاتانی وەک: ئێران و کۆریای باکوور، دابەزینی ئاستی خۆشەویستی و رەزامەندی بۆ سیاسەتی ئەمریکا لای گەلانی دیکە و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دەوڵەتانی فاشیل و بەرپەرچدانەوەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لەلایەن زلهێزەکانی دیکەی وەک: رووسیا و چین. هەروەها کۆمەڵێک کێشەی بە جیهانیبووی وەک: بەرزبوونەوی ئاستی پلەی گەرمای گۆی زەوی، قەیرانی وزە و سووتەمەنی، نەخۆشییە سنووربڕەکانی وەک ئایدز، سارس و ئەنفلەوەنزای باڵندە، کارەساتە سروشتییەکان، کێشەی فەلەستین و ئاشتی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بەردەوامی ناسەقامگیری سیاسی و توندوتیژی و ئاڵۆزی لە زۆر شوێنی جیهان، قەیرانی ئابووری و دارایی ئەمریکی و جیهانی، لەسەر ئاستی ناوخۆش قەیرانی شوناسی نیشتیمانی و نەتەوەیی ئەمریکا و خراپی رەوشی خوێندن و تەندروستی و نیشتەجێبوون و مەترسییەکانی سوود وەرگرتنی خراپ لە هۆکارەکانی پەیوەندی و ئینتەرنێت، وەک کۆچ و بێکاری ..هتد. هەموو ئەو تەنگژە و کێشانە باری سەرشانی ئۆباما و ئیدارەکەی قورس دەکەن و رامانێکی قوڵ لەو کێشانە و ئاستی گەشبینی بە چاکسازی و چارەسەری قەیرانەکان لەسەر دەستی ئۆباما وەک ئێستا لە زۆر لە وڵاتانی دنیا و ناوخۆی ئەمریکاش سەری هەڵداوە دەخاتە ناو قاوخی واقعبینی و هورووژمی کەف و کوڵەکان دادەمرکێنێتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا سەرۆک ئۆباما بە چەند ئاراستەیەکدا کاردەکات بۆ ئەوەی وێنەی دزێو و ناشرینی وڵاتەکەی لای گەلان و دەوڵەتانی دنیا جوان و شیرین بکاتەوە، بێ ئەوەی گۆڕانی خراپ بەسەر ئامانجە باڵاو ستراتیژییەکانی وڵاتەکەی دابێت لەوانە:

1-گۆڕینی وێنەی ئەمریکا لە دەوڵەتێکی شەڕخوازی خۆسەپێنی کەڵەگاوە بۆ دەوڵەتێکی سەرکردە و رێبەرێکی سیستەمی نێودەوڵەتی قبوڵکراو، بەو ئاراستەیەدا پێشبینی ئەوە دەکرێت کە ئیدارەی تازەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خۆی بپارێزێ لە بەکارهێنانی هێزی سەربازی بۆ گۆڕینی رژێمە سیاسییەکانی دەوڵەتان و زیاتر جەخت بکاتە سەر ئامرازی دیپلۆماسی. واتە لەجیاتی هێزی سەربازی رووبکاتە سوود وەرگرتن لە هێزی نەرمونیانی وەک بڵاوکردنەوەی پرنسیپ و بەهاکانی دیموکراتی و ئازادی مافی مرۆڤ و پێشکەشکردنی هاوکاری جۆراوجۆر لە کاتی قەومانی کارەساتە سروشتی و مرۆییەکان و نیشاندانی رێزگرتنی ئەمریکا بۆ ویست و ئیرادەی گەلانی دنیاو، لەگەڵ جیهانی ئیسلامیش لەسەر بنەمای رێزگرتن لە بەرژەوەندی و ئازادی بیروڕای ئاینی و گفتوگۆی نێوان شارستانێتییەکان نەک پێکدادانیان پەیوەندییەکان دووبارە دابڕێژێتەوەو بەشێکی باش لە توانا دیپلۆماسی و داراییەکانی خۆی تەرخان بکات بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ گیروگرفتە ئینسانییە بەجیهانیبووەکان. جەختکردنی ئۆباما لە دیدارە تایبەتییەکەی لەگەڵ کەناڵی (العربیە) دا لەسەر دۆستایەتی و رێزگرتن لە جیهانی ئیسلامی و تەنانەت ئاماژەدان بەوەی کە لە ناو کەسوکارەکەی خۆیدا ئیسلام هەن و خۆشی لە گەورەترین وڵاتی ئیسلامی، کە مەبەستی ئەندەنوسیایە ژیاوە و، ئەمریکا وڵاتی ئیسلام و مەسیحی و جولەکە و هەتا بێ دینەکانیشە، بەڵگەی ئەو لێکدانەوەیەمانە.

2-گۆڕینی ئاراستەی تاکڕەوی و بازدان بەسەر زلهێزەکانی دیکە و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی وەک نەتەوە یەکگرتووەکان و شەرعییەتی نێودەوڵەتی و، نەرمی نواندن لە بەشداریکردنی دەوڵەتەکانی دیکە و رێکخراوە نێودەوڵەتی و ئیقلیمییەکان لە دارشتنی بڕیارە سیاسییەکانی پەیوەست بە ئیدارەکردنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و مەسەلەکانی پەیوەست بە ئاسایشی جیهان و جەنگ و ئاشتی.

3- گۆڕینی پەیڕەو و دەروازەی داڕشتن و پیادەکردنی سیاسەتی دەرەوە لە پەیڕەوی پارێزگارە نوێکانەوە بۆ پەیڕەوی ریالیزمی نوێ کە هەوڵی وەگەڕ خستنی گوتارێکی تێکەڵ لە بەرژەوەندی و پاراستنی ئامانجە باڵاکان و دەستگرتن بە سیاسەتی هێز لەگەڵ مەسەلە ئەخلاقی و ئینسانییەکان و بیروباوەڕ و بەهاکان دەکات. داخستنی زیندانی گوانتانامۆ و دەرکردنی فەرمانی قەدەخەکردنی ئەشکەنجەدان و ئاماژەدان بە کردنەوەی دەرگای گفتوگۆ لەگەڵ ئێران و لە هەمانکاتدا سووربوون لەسەر سەرکەوتن بەسەر تیرۆریستاندا و "کشانەوەی بەرپرسیارانە" لە عێراق و بەردەوامی ئەمریکا لە سەرکردایەتی دنیا نموونەی سەلمێنەری ئەو بۆچوونەن.

4- واپێدەچێت سەرۆک ئۆباما هەوڵی ئەوە بدات کە ئەمریکا وەک مەزنترین دەوڵەتی دنیا و خاوەن هەژموون بەسەر دنیادا بهێڵێتەوە و دەست لە سیاسەتی دەستوەردان لە کاروباری جیهان هەڵنەگرێ. لە راستیشدا ناتوانێ سیاسەتی گۆشەگیری هەڵبژێرێ و بگەڕێتەوە بۆ بنەمای مۆنرۆ و بڵێ: ئەمریکا تەنها بۆ ئەمریکییەکانە! بە تایبەتی لە سەردەمی جیهانگەراییدا کە تارادەیەکی زۆر مەسەلە جیهانییەکانی بە لۆکاڵی و لۆکاڵییەکانی بە جیهانی کردووە، لەو بارەوە ئۆباما دەڵێت "ئەمریکا پێویستی بە جیهان و جیهان پێویستی بە ئەمریکایە"، ئەمە گوزارشتە لەو بۆچوونەی کە ئەم سەرۆکەش دەست لە سەرکردایەتی ئەمریکا بۆ دنیا هەڵناگرێ!

5- لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا لە دوای سێ هێزی ئابووری و سیاسی و سەربازی هێزی چوارەمیش هەیە کە بریتییە لە هێزی بنەماو بەهاکانی ئەمریکا، گومانی تێدا نییە کە ئۆباما هەوڵی وەگەڕخستنی هێزی چوارەم دەدات وەک ئامرازێکی کاریگەری سیاسەتی دەرەوە، بۆیە رەنگە گۆڕانێک لە سیاسەتی دەستتێوەردان بێتەدی بریتی بێت لە گۆڕینی رێژەیی سیاسەتی دەستتێوەردانی سەربازی لەپێناو تەنها ئەمریکادا بۆ سیاسەتی دەستتێوەردانی مرۆیی لە پێناو ئاشتی و ئاسایشی جیهانی و وەک ئۆباما گوتی "لە پێناو ئەوانەی لە گۆشە دوورەکانی دنیادا پێویستیان بە هاوکاری هەیە".

6- سەرۆک ئۆباما و خاتوو هیلاری وەزیری دەرەوەش ناتوانن دەستبەرداری هاوپەیمانێتی ستراتیژی ئەمریکا و ئیسرائیل ببن و ناتوانن ئەلتەرناتیڤێکی گونجاو و باشتر بۆ وزەو نەوتی کەنداو و دەریای قەزوین بدۆزنەوە، ناکرێ لە گۆڕەپانی جەنگی دژە تیرۆر بە دۆڕاوی بکشێنەوە، ناکرێ رێگابدەن ئێران ببێتە دەوڵەتی ئەتۆمی کەڵەگای رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، چونکە جگە لەوەی کە ئەم خاڵانە ئاستەنگی سەرەکی بەردەم بەرژەوەندییە باڵاکان و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکان، لە ئەمریکا جگە لە بیروڕای سەرۆک و رۆڵی کەسایەتی ئەو لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەوە، زۆر لایەن و داوودەزگای دیکە هەن کە دەوری کاریگەر لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەوە وەرگرتنی بڕیاری سیاسی دەرەوە و ئاراستەکردن و جێبەجێکردنیدا دەگێڕن و هەرگیز سەرۆک و ئیدارەکەی ناتوانن حسابیان بۆ نەکەن.

* مامۆستا لە کۆلێژی یاسا و رامیاری زانکۆی سەلاحەدین

گۆران محەممەد



goransalih@hotmail.com

# چوار حیزبەکە

وەنەبێ یەکێتی و پارتی فریشتە بن، بەڵام بێگومانم لەوەی سۆسیالیست، زەحمەتکێشان، یەکگرتوو و کۆمەڵ بۆ باری پەشۆکاوی کوردستان، فریادڕەس نین. لەوانەیە ئەوانیش پرۆژەیەکیان هەبێت، ئەمما پرۆژەی بازرگانی، ئاخر پرۆژەی حیزبی کوردی تا ئێستا سنووری پرۆژەی بازرگانی تێنەپەڕاندووە و نەبووەتە پرۆژەی چاکسازیی سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتی. ئەو حیزبانە شینی گیرفانی خۆیان دەکەن نەک باخەڵی خەڵکی کوردستان، کە ئەسپێ لە زۆربەیاندا نەنکەڕۆیەتی، ئەگەر شینی وان بۆ گیرفانی خۆیان نەبێ، ئەی چۆن ئەگەر پارەی باشیان نەدرێتێ، هەڕەشەی دەستپانکردنەوە لە دەوڵەتان و ئەملاوئەولا دەکەن!

لەو قەوانە بووینەتەوە، پارتی و یەکێتی دوو زلحیزبی کوردستانن و ئیدی هەرچی زلپرۆژەی بازرگانی کوردستانە بۆ خۆیانە. هەرچی (زل)بانک و (زل)پرۆژەی بیناسازیی و (زل)هۆتێل و (زل)مولاً و هەموو زلەکانی دیکە بە شێوەیەک لە شێوەکان، دەست و گیرفانی ئەو دوو زلحیزبەی تێدایە. لێ باوەڕی تەواوم بەوەیە کە تاقە ئامانجێکی روون و ئاشکرا کە ئەو چوار حیزبە بچووکە هەیانبێت،زلگیرفانییە.

سەیرە بەڕێز محەممەدی حاجی مەحموود داوا دەکات پارە و داهاتی کوردستان دیار و روون و ئاشکرا بێت، لە کاتێکدا نازانرێ بەڕێزیان تا ئێستا چەند ژنی هەیە، دوور نییە ژنەکانیشی نەزانن کامیان ئەسڵ بێت و کامیان هەوێ. یەکگرتووی ئیسلامیی، کوردستانیان مزگەوت رێژ کرد، کەس نەیزانی ئەم پارانە لە کام مەڵبەندی عرووبەوە هاتوون، کەچی داوا دەکەن ئابووری کوردستان شەففاف بێت.

خۆ داوایەکی رەوایە لە کوردستان شەفافییەت هەبێت و دەسەڵاتی حیزب لە دەرەوەی کاری دەوڵەتی بێت،بەڵام ئەم داوایە کاتێک رەوایە کە لە زاری رێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی، خەڵک یان رۆژنامەگەرییەوە بێت، نەک لەلایەن هەندێ حیزب، کە شینی بێبەشی لە سامانی کوردستاندا دەکەن. زەحمەتکێشان تا ئێستا زەحمەتیان کێشاوە و پێدەچێ ئیدی داوای هەقەکەی بکەن و لەوە ناچێ بە کەم رازی بن بۆیە قوڵی پرۆژەیان لێهەڵماڵیوە. کۆمەڵ رۆژانە سێ و پێنج هەواڵیان لە سایتەکەیاندا لە سەر غەززە بڵاودەکردەوە و بۆ فرۆکەوانە فرۆشراوەکەی کیمیابارانی هەڵەبجە نققەیان لێوە نەهات، ئاخر قسەیەک هەیە کاکی فرۆکەوان لە ئێران بێت و زۆر وتن لەو بارەیەوە مەلاکانی ئەودیو توورە دەکات. ئاخۆ داوای ئەم جۆرە حیزبانە بۆ شەفافییەت چەندی بە چەند بێت؟

بڵێی ئەو چوا حیزبە پێیانوابێت بە پرۆژەیەکی دووسێ لاپەڕەیی کە ئامانجی سەرەکی تێیدا پارەیە، کڵاو لە سەری خەڵکی کوردستان دەنێین؟ بۆ ئێرە سویسرایە تا پرۆژەی حیزبی سیاسیی بۆ بەرژەوەندی خەڵکی رەش و رووت بێت؟ لە تەواوی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا یەک تاکە حیزبم پێ بڵێن کار بۆ گیرفانی خۆی نەکات، خێرە لە کونفەیەکوونێکدا، سۆسیالیست و زەحمەتکێشان و یەکگرتوو و کۆمەڵ بوونەتە پێشڕەوی بزووتنەوەی چاکسازیی سیاسیی و ئابووری کوردستان!




پەیامی ڕووداو

# هاوکێشە نوێیەکانی دوای هەڵبژاردن

هەموو ئەو شیکردنەوەو راڤە سیاسیانەی لەم ماوەیەدا لەسەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان وەستان، کۆکن لەسەرئەوەی ئەنجامەکان لەم قۆناخەدا شتێکی ئەوتۆ لەهاوکێشەی سیاسی ناگۆڕن، بەڵام زەمینەسازی بۆ گۆڕانێکی ریشەیی دەکات کە پاش هەڵبژاردنە گشتییەکانی کۆتایی ئەمساڵ دێتە ئاراوە.

دیارترین ڕووداوی ئەو هەڵبژاردنە رەنگە بەپلەی یەکەم سەرکەوتنی لیستی مالیکی و پاشەکشەی دوو حیزبی ئاینی بێت کە لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا گەمەکارێکی سەرەکیی سەر گۆڕەپانی سیاسیی عێراق بوون: ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لەنێوەڕاست و باشوور، حیزبی ئیسلامیی عێراق لەنێوەڕاست و باکوور. یەکەمیان کە لەکۆی 9 پارێزگای باشوور لەسەر 7یان باڵادەست بوو، هیچی بەدەستەوە نەماو دووەمیان تەنیا لەتکریت و دیالە زۆرینەیەکی رێژەیی بەدەستهێناوە، لەبەرامبەردا لیستەکەی مالیکی زۆرینەی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی بەغداو 8ی پارێزگای باشووری مسۆگەر کردووە جگە لە کەربەلا.

زۆربەی شرۆڤەکاران سەرکەوتنی مالیکی لەو هەڵبژاردنەدا بەپلەی یەکەم بۆ بەرنامەی هەڵبژاردنی دەگەڕێننەوە کە تەرکیزی کردبووە سەر کۆمەڵێک مەسەلە، لەوانە: سەرخستنی حکومەت و سەپاندنی یاسا و ئاشتەوایی نیشتمانی و پاراستنی یەکپارچەیی عێراق و بەهێزکردنی دەسەڵاتی ناوەند لەسەر حسابی هەرێمەکان و هەموارکردنی دەستوور. ئێستا ئیدی مالیکی دەتوانێ ئیدیعای ئەوە بکات کە خەڵک دەنگیان بەو بەرنامەیە داوە، لەکاتێکدا لەنێو ئەو بەرنامەیەدا هەندێ مەسەلە خۆیان ماتکردووە کە کورد ناوی لێناون کێشە هەڵواسراوەکان و زۆر کێشەی هەڵواسراوی دیکەش لەنێوان هەولێر و بەغدا هێشتا چاوەڕێی چارەسەرن. لەمامەڵەکردن لەگەڵ ئەم کێشانە، کورد ئیدی ناچارن مالیکی پێش هەڵبژاردن لەمالیکی پاش هەڵبژاردن جیابکەنەوە، ئێستا ئیدی سەرۆک وەزیران پشتئەستوورە بەدەنگی جەماوەر و چیدی ئەو مالیکییە نییە کە ئیئتیلافی عێراقی لەساڵی 2006 وەک ئەڵتەرناتیڤی جەعفەری پێشکەشیان کرد، تەنانەت خودی ئەو ئیئتیلافە بەکردەوە بوونی نەماوەو لەبەر رۆشنایی ئەنجامەکانی ئەم هەڵبژاردنەدا پێناچێت حیزبی دەعوە بەهەمان مەرجەکانی جاران ئامادەی هاوپەیمانێتیکردن بێت لەگەڵ ئەنجوومەنی باڵا کە مالیکی وەک پلەی پەیژەیەک بۆ چوونە سەرووتر بەکاری هێناو ئەگەری ئەوە نییە بەویستی خۆی دابەزێتەوە.

ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا لێدەگەڕێن مالیکی بەهەمان ئەم گوڕوتینەوە بچێتە هەڵبژاردنەکانی کۆتایی ئەمساڵ و ئیدی لە کۆنترۆڵ دەرچێت، یان کاتی ئەوە هاتووە لەسەرئەوکارنامە جێبەجێنەکراوەی لەسەرەتای دەستبەکاربوونیدا رایگەیاند بەرەوڕووی لێپرسینەوەی جدی بکرێتەوە؟

سەلام سەعدی

# هاوتا ئەسعەد و یەک بۆراق!



حەکیم کاکەوەیس
kakaways@hotmail.com

ناهەقم نییە لە میللەتان بسڵەمێمەوە و با لە میللەتەکەی خۆمەوە دەست پێ بکەم: ئایا پیاوخراپی کورد کەمن، کە کوڕی میللەتی خۆیان بە گرتن و ئیعدامکردن داوە و خیانەتی نەتەوەیی و نیشتمانییان ئەنجامداوە؟ ئەگەر بەرانبەر میللەتی خۆیان تاوانکار بن، بۆچی بەرانبەر میللەتانی دیکە تاوانکار نابن؟! ئایا ئێستا کوردی خائین بە ژمارە و بە قەوارە چەندن؟ ژمارەیەکی زۆری کورد رزقیان لە سەر خیانەتکارییە و بە خیانەتکاریش گۆشکراون. خۆ دەکرێ ئەوانە لە خانەی دوژمنی نەتەوەی کورددا دابندرێن. هەندێ لە بەرپرسانی ئێستای کورد کە کەوتوونەتە خانەی خزمەتکردنی دەوڵەتی عێراق و ئوممەی عارەبییەوە، میللەتی خۆیان لە بیر چووەتەوە و بە تۆخی خزمەتی بەغدا دەکەن. ئەمە دڵسۆزییە بۆ نەتەوەی خۆیان؟ خۆ سروود بە سەر نەتەوەی کورددا، بەو خەمسارد و خائینانەشەوە دەگوترێ و شیعری بۆ دەنووسرێ و قوربانیشی بۆ دەدرێ.

مافی ئەوە بە خۆم نادەم گەرەکم بێ سۆزی خەڵکیتر هاوتەریب لەگەڵ سۆزی مندا بەرەو یەک ئامانج یان یەک بوونەوەر یاخود یەک جێ بچێ، بەڵام سۆز ئەگەر بە غەریزەش بێ، بە مەرجێک دەستخەڵەت نەدرێ، ئاراستەی خۆی بۆ خۆپارێزی و مانەوە دەزانێ. مرۆڤ ناتوانێ لە باری هۆشەکی ئاساییدا رقی لە پەپوولە بێ یا دووپشکی خۆشبوێ یان بە ئارەزووی خۆی نووکە شەق لە مینی چێندراو هەڵبدا و بشزانێ پێیدا دەتەقێتەوە! ئەو خۆشویستن و رقبوونەوە و ترسە بۆ ئاسوودەیی و خۆپاراستن لە مرۆڤدا هەن و خاتری کەسیان تێدا ناگیرێ، وەک ناکرێ لە بەر خاتری کەس برسێتی و سەرما و گەرمای خۆت لە بیر بکەی. چ وێژدانێک رێدەدا مرۆڤ ناچار بکرێ مین و دووپشکی خۆشبوێن، یان رقی لە پەپوولە و گوڵ ببێتەوە؟!

خۆشویستنی میللەتان و هەڵوێست وەرگرتنیش لە بەرانبەریاندا، بە گوێرەی هەڵوێستی ئەوان و بوون و نەبوونی ژەهر و چزوویان دەبن. بەرانبەر برسێتی و مەرگەساتێک کە بە سەرتدا دێن، ئاخۆ دەستت دەگرن یا دەستت دەبڕن، سۆز یا رقیان ئاراستە دەکەی. رێژەی خۆشویستن و رقبوونەوەش بە گوێرەی هەڵوێستی ئەوان بەرز و نەوی دەبێ. ئایا خەڵکی جەزائیر چ هەڵوێستێکیان بەرانبەر بۆمیدیەن هەبوو کاتێک بوو بە دەڵاڵی فرۆشتنی شۆڕشی کورد و خوێنی کورد بە هەدەر چوو؟ ناڕەزاییان دەربڕی و خۆپیشاندانیان ساز کرد تا سۆزم بۆیان هەبێ؟! هەر ئەوەندەی رقم لێیان نەبێ، چاکەیەکی زۆر گەورەم بە سەریانەوەیە. ئەوانیش لە بەرانبەردا مافی شانازییان بەوەوە هەیە کە شۆڕشیان کرد و لە داگیرکەر رزگار بوون، ئەگەرچی ئێستا زۆریان خواخوای ئەوەیانە وڵاتی خۆیان جێ بهێڵن و بچنەوە بەر دەستی هەمان داگیرکەر و لە وڵاتەکەیاندا بژین.

من وەک مرۆڤێک کە سەر بە میللەتێکی چەوساوەم، حەز لە چەوساندنەوەی هیچ میللەتێک ناکەم، بەڵام میللەتێک ئازاری پێ نەگەیاندبم، لەو میللەتە زیاتر بۆی بە پەرۆش دەبم کە ئازاری ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی پێگەیاندووم. ناتوانم ئاواتەخواز بم ئەوانەی ئەنفالیان کردووین، تەنانەت لە تۆپێنیشدا سەرکەوتوو بن. بۆ ئەو هەڵوێستەم، نە ئاین رۆڵ دەبینێ نە مەزەب و نە رەگەز و سنوور و دراوسێتی! نە سیاسەتڤانم نە بازرگان هەتا دوژمنی دوێنێ وەک دۆستی ئەمڕۆ هەڵبژێرم و لە کاتێکدا دڵم پڕ بێ لە رق، دەستبخەمە دەستیەوە و بزەی بۆ بکەم و منەتیش بە سەر خەڵکەوە بکەم کە بەرانبەر بکوژی میللەتی خۆم لێبوردەم، وەک ئەوەی سەلکێ پیازی لێ دزیبم!!

هاوتا ئەسعەدی هونەرمەند، مافی خۆیەتی بەرگریی لە غەززە بکات و ئاوازی بۆ دابنێ، بەڵام ئایە درک بەوە دەکا چۆن یەکسەر دژی میللەتی خۆی بەکار هێندرا؟ چۆن بەعسییەکان لە راگەیاندن دا بە جاشیان دەگوت کوردی نیشتمانپەروەر و پێشمەرگەشیان بە لاوە خائین بوون، ئەمانەی ئێستاش هاوتا ئەسعەد بە کوردی باش دەناسن و ئەوانیتریش ئیسرائیلی دووەم. ئایا کاک هاوتا دەزانێ خۆیان خستە خانەی دۆستانی فەلەستینەوە، بەڵام کوردیان خستە خانەی بەرانبەرەوە؟ چاکەیان بەوە دایەوە نەختێک دابەزنە سەر کورد، بەڵام بە بیانووی حیزبەکانەوە! کە لە سیاسەتڤانانی کورد ناڕازی و بێزارم، ئەوە ناگەیێنێ بچمە سەنگەری دوژمنە بیگانەکانیانەوە و لە ئەنجامدا دژی میللەتی خۆم بوەستمەوە. ئەگەر رقم لە سیاسەتڤانانی کورد بێ یا لێیان ناڕازی بم، بایی خۆم و لە پێناوی میللەتەکەمدا ئەو رق و ناڕەزاییەم دەبێ نەک لە بەرئەوەی بەرگری لەم و لەو دەکەن یا نایکەن، یا هەڵوێستیان لە سەر کێشەی عارەب و جوو چۆنە.

سروودەکەی هاوتا ئەسعەد، دوای ئەوەی لە (الجزیرە) پیشاندرا، پەیامنێرەکە گوتی: "هاوتا ئەسعەد لە کوردستان خۆشەویست نییە چونکە گۆرانی بۆ حیزب و دەسەڵات ناڵێ!"، کەواتە ئەو خۆی کوڕی باشە و خەڵکی دیکە خراپ، ئەگەر هاوتا ئەسعەد و حیزبەکان دوو بەرەی بەرانبەر بن، بۆ فەلەستینیەکان بە گشتی و بۆ غەززە بە تایبەتی، هاوتا باشە و حیزبەکان خراپ. زۆرجار پێوانەی من بۆ باش و خراپ، هەڵوێستی دوژمنانی کوردە بەرانبەر دیاردەیەک، نەک هەڵوێستی سەرانی کورد. ئەگەر بەعسییەکان بڵێن مەلاییکەت باشن، من لە خۆوە بەرانبەر مەلاییکەت دەکەومە گومانەوە و ئەگەر وا نەکەم، هێشتا هیوام بە بەعسییەکان ماوە نووزەی مرۆڤایەتییان بەرانبەر کورد تێدابێ.

ئایە (الجزیرە) و فەلەستینییەکان و ئوممەی عارەبی پێیان زانی؟! ئایا لە کەناڵە عارەبییەکانەوە ئەو سروودە بە بەردەوامی یا جاروبار لێدەدرێ تا بڵێن: ئەوەتا کوردیش سۆزیان بۆمان هەیە؟ ئایا بووە هۆی ئەوەی عارەب نەختێ هەڵوێستیان بەرانبەر بە کورد نەرم بکەن و هیچ نەبێ دەستبەرداری زاراوەی (اکراد الحزبین) بن؟ نا، هیچیان نا. کەواتە کاک هاوتا ئەسعەد بۆ ئەوەی کرد؟

کوێخاکانی ئوممەی عارەبی منەتیان بە سەلاحەددینی ئەیوبی نییە کە قودسی بۆ رزگار کردن، عەقڵ دەبیڕێ سروودی هاوتا ئەسعەد هەڵوێستیان بگۆڕێ؟ ئەوان ئەو پارەیەی لە رێی حیزبە کوردییەکانەوە وەریشی دەگرن، بە گاڵتەپێکردنیانەوە دەڵێن: لە سمێڵی فلانە کەس!

پێدەچێ هاوتا ئەسعەد ئەو سروودەی لە پێناوی رۆژی قیامەتدا دانابێ و بە ئەرکێکی دینی بزانێ. کەواتە کورد و کوردستان دەکاتە قوربانی قیامەتی خۆی!

بە داخەوە کورد و کورستان نرخی یەک بۆراقیان هەبێ بۆ پەڕینەوە لە پردی جینوەت!

# مێژوویەک تژی لە خیانەت



کاوە ئەمین- سوید
kawe35@hotmail.com

ساڵێک زیاترە نوری مالیکی جرت و فرتێتی بۆ پایتەختی دوو وڵاتی داگیرکەری کوردستان، ئێران و تورکیا، تادێت پێگەی سیاسی و سەربازی خۆی لە عێراقدا، قایم دەکات. خاڵی سەرەکی نێوان مالیکی و تورکیا و ئێران، لێدانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردە لە باکوور و رۆژهەڵاتی کوردستان. بەرهەمی ئەو گفتووگۆیانەش کردنەوەی بنکەیەکی سیخوڕیی لێکەوتەوە کە ناوەندەکەی لە هەولێر دەبێت، بۆئەوەی بەرپرسیارێتی مێژوویی ئەو خیانەتەش نەخەنە ئەستۆی خۆیان، هاتن هۆشیار زێباری کوردیان هەڵبژارد بۆ واژۆکردنی ئەو پەیمانە. کردنەوەی بنکەیەکی سیخوڕی ئامانجەکەی هەرچییەک بێت لە کۆتاییدا شەڕی کورد بە کوردی لێدەکەوێتەوە، ئەگەرچی ئەوان نایشارنەوە کە ئەو بنکەیە بۆ پاکتاوکردنی پارتی کرێکارانی کوردستانە. ئەگەر ئامانجی ئەو بنکە سیخوڕییە شەڕی کورد بە کورد نییە، باشە بۆ لە شارێکی عێراقی ئەو بنکەیەیان نەکردەوە، خۆ سەرانی کورد دەمێکە دەستیان لە موسڵ شتووە و بە شارێکی عەرەبی قەبڵاندوویانە، باشە کە هەر دەیکەن، بۆ دەبێت لە هەولێر بێت، بۆ لە موسڵ، تکریت یانیش بەغدا نەبێت؟ ئەوە لە کاتێکدایە کە لە باشووری کوردستان بانگاشەی کۆنفرانسێکی نەتەوەیی دەکرێت و گوایە هەموو پارتە کوردییەکان بە پ.ک.ک یشەوە تێیدا بەشدار دەبن، بانێکە و دوو هەوا!

لەم ڕۆژانەدا کە یادی دامەزراندنی کۆماریی کوردستان کرایەوە، هاورێیەکم کتێبی بیرەوەرییەکانی حاجی عەبدوڵڵای قازی بە ناوی (وڵاتی من) دامێ تا بیخوێنمەوە. حاجی عەبدوڵڵا بە کوردییەکی پاراو باسی سەردەمی جەنگی جیهانی یەکەم و دووەممان بۆ دەگێڕێتەوە لە نێو ئەو مێژووەشدا بەشێکی تەرخانکراوە بۆ کۆماری کوردستان و لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد و هاورێکانی و دەوری جوامێرانەی مەلا مستەفای بارزانی و پێشمەرگەکانی. ئەوەی سەرنجی منی راکێشا، مێژووی خیانەتی خێڵ و سەرۆک هۆزە کوردەکانە کە بە درێژایی مێژوو، دووپات دەبێتەوە. لە سەروبەندی لە سێدارەدانی پێشەوادا، کۆمەڵێک سەرۆک خێڵ لە تاران کۆدەبنەوە، ئەویش نەک بۆ رزگارکردنی پێشەوا بەڵکو بە پێچەوانەوە. سەیرەکە لەوەدایە کاتێک یەکێک لە کەسایەتییەکانی دەرباری شا زۆر داوایان لێدەکات و پێیاندەڵێت "ئەگەر ئێوە تەکلیف لە شای بکەن کە ئەوان ئیعدام نەکا، بێشک ئەو لەوانەیە بە قسەتان بکاو لەوانە خۆش ببێت". بەڵام جاشایەتی ریشەیەکی دێرینی هەیە لە نێو کورددا، ئەی چۆن دڵسۆزی خۆیان بۆ دوژمن دەربڕن، بۆیە یەکێک لەو سەرۆک عەشیرەتە خۆفرۆشانە هەڵدەستێتە سەرپێ و دەڵێت "ئەگەر ئەوانە ئیعدام نەکرێن ئێمە ئێران بەجێدێڵین و دەچینە عێراقێ".

ئای چ کارەساتێکی نەتەوەییە، دوژمن داوای ئازاد بوونت بکات و هاوزمانەکانت پەتەکە توندتر بکەن. مەگەر لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلولیشدا، دەیان سەرۆک خێڵی کورد بەرەی دوژمنیان هەڵنەبژارد و دژایەتی شۆڕشی کوردیان نەکرد، ئەی جاشەکانی ساڵانی هەشتاکان لە ئەنفالکردنی گەرمیان و ناوچەکانی دیکەی کوردستاندا، پشکی شێریان بەر ناکەوێت؟ ئەی مەگەر نووسەرە قەڵەمفرۆشەکانی سەردەمی بەعس کەمیان بە سەر و سمێڵی سەددامدا هەڵدا و ئێستایش هەمە کارەن لە حکوومەتی هەرێمدا؟

تۆ بڵێی لە کاتی واژۆکردنی پەیمانی سێ قۆڵی بەغدا، ئەنکەرە و واشنتندا بۆ سیخوڕیکردن بەسەر رۆڵەکانی کورد لە باکوور، هۆشیار زێباری پێی لەسەر ئەوە داگرتبێ کە ئەوە نەکرێ یان بۆ سیاسەت نەک بۆ کورد کوشتن پێی رازیبووە.

هێشتا چەند هەفتەیەک بەسەر رێککەوتنی گواستنەوەی ئەو سەنتەری جاسوسیکردنە بۆ هەولێر تێنەپەڕیوە، ئەمریکای "دوژمنی" ئێران، پارتی ژیانی ئازادی کوردستانی خستە نێو لیستی تیرۆرەوە و لەولاوەش موجاهیدینی خەڵق لە لیستی تیرۆردا دەردەهێنن.

لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ سیاسەتمەدارێکی کۆنی کورد کە بەم زووانە بڵاوی دەکەمەوە پێی وتم: "ساڵی 1974، کاربەدەستێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، راشکاوانە پێیگوتم: کورد جەنتڵمانن، تەنانەت نایانەوێت دڵی دوژمنەکەی خۆشیان بئێشێنن، بۆیە زەحمەتە بتوانن دەوڵەت دابمەزرێنن، شەڕەنگێزەکان دەبنە خاوەنی دەوڵەت، بڕۆن خۆتان فێری سیاسەت بکەن، پاشان وەرنەوە".

پرسیارە سەرەکییەکە ئەوەیە، کەی کورد فێری سیاسەت دەبن و واز لە میوانداری دوژمن و تورەکردن و کوشتنی یەکتری دەهێنن؟

# چیرۆکە نهێنییەکانی بەیانیانی یەکشەممە!



هاوڕێ باخەوان – هۆڵەندا
hawreh@bakhawan.com

ماوەی دوو ساڵێک زۆرتر بوو، هەموو بەیانیانێکی رۆژانی یەکشەممە، کاژێر هەفتی بەیانی، خۆم و میتانی کوڕم دەبووایە بچووینایە بۆ شاری لایدن بۆ ئەوەی راهێنانی مەلەکردن وەربگرێت . لەو کاژێرەی کە میتان خەریکی راهێنان دەبوو، منیش بەدەم جگەرە و قاوە خواردنەوەوە خەریکی هەڵدانەوەی لاپەڕەی گۆڤارە هۆڵندییەکانی ناو فرۆشگای مەلەوانگەکە دەبووم .

نازانم ژمارەی گۆڤارە هۆڵندییەکان زۆرترە یان کوردییەکان، بەڵام ئەوەی لێی دڵنیام کە گۆڤارە هۆڵندییەکان هەموویان خوێنەری خۆیانیان هەیە و ئاستی بیر و بێلایەنی و کوالیتیی تەکنیکییشیان لە کوردییەکان باشترە.

دیسانیش نازانم بۆچی لەنێو ئەو هەموو گۆڤاری ئافرەتان، رامیاری، وەرزش، ئوتومبیل، زانست و چەندانی دیکەدا، گۆڤارێک بەناوی (ماین خهایم- Mijn Geheim " زۆر سەرنجی راکێشام، کە بە کوردی واتە (نهێنییەکەم). ئەم گۆڤارە کەسانێکی نادیار چیرۆکێکی ژیانی خۆیان بەناوێکی خوازراوەوە دەنووسن . چیرۆکەکان زۆربەیان پەیوەندییان بە پەیوەندیی دوو هاوڕێی کوڕ و کچ، ژن و مێرد، دۆستایەتیی ژنی مێردار و بەپێچەوانەوە و هەروەها ژمارەیەکی باشی ئەو چیرۆکانەش تەرخانکراون بۆ ئەو ئافرەتانەی کە لاقەکراون . لاقەکەرانیش بەپێی ئەو چیرۆکانە کەسانی نەدیو و نەناسیوون، خاوەنکارن، تەنانەت کەسی نزیکی وەک باوک، برا، مام و خاڵ و هی دیکەشن.

یەکێک لەو چیرۆکانەی کە زۆر سەرنجی راکێشام چیرۆکی کچێکی هەڤدەساڵە بوو کە رۆژانە لە تەنیشت خوێندنەکەیەوە لە کارگەیەک کاری کردووە و بەڕێوەبەری کارگەکە بەزۆر هەوڵی لاقەکردنی داوە، بەڵام خۆشبەختانە خۆی لە دەست رزگارکردووە. ئەم کچە لە چیرۆکەکەیدا باسی ئەوە دەکات کە چۆن ئەو رووداوە بووەتە مۆتەکەی ژیانی و دایکیشی لە رووداوەکە تێدەگەیێنێت.

کچە و دایکە لەلای پۆلیس سکاڵا لەسەر بەڕێوەبەری کارگەکە تۆماردەکەن و پاش ئەوەی کەیسەکە چەند مانگێک دەخایێنێت، کەیسەکە لە دادگا دەبەنەوە و تاوانەکە بەسەر بەڕێوەبەرەکەدا دەسەپێت . بەڕێوەبەرەکە لە ئاکامدا کارەکەی لەدەستدەدات و دایکی دوو منداڵەکەشی لێی جوودا دەبێتەوە.

پاش خوێندنەوەی ئەم چیرۆکە، بەخۆمم گووت "بژی دادپەروەری" و، بیرێکیشم لەو کەچە وڵاتەی خۆمانکردەوە، کە رۆژانە چەند دەستدرێژی دەکرێتە سەر ئافرەتان. هەندێک بەڕێوەبەر و لێپرسراو چۆن لاقەی کارمەندەکانیان دەکەن و ئەو کارمەندە هەژارەش لەبەر هەر هۆیەک بێت توانای بەرگری و سکاڵاکردنی نییە. پاشانیش بەراوردی ئەوەم بە سەردەمی داگیرکاریی بەعس کرد، کە چۆن لە هیچ لایەکەوە نەمبیستووە سەرکارێک یان لێپرسراوێک دەستدرێژیی کردبێتە سەر ئافرەتێک، چ نەبێت بەو شێوە بەرچاوەی ئێستا نەبووە. تەنانەت یەکێک لە مەرجەکانی هەندێک لە لێپرسراوان بۆ دامەزراندنی سکرتێرێک لەلای خۆی سێکسکردنە، هەندێکیان منداڵبازی تەواون و دەبێت سکرتێرەکانیان لە خوار تەمەنی هەژدە ساڵییەوە بێ.

پاشانیش بیرم لەوە دەکردەوە کە گۆڤارێکی لەو چەشنە چەند بۆ ئێمە پێویستە، بەڵکو بەهۆیەوە ئافرەتە لاقەکراوەکان بتوانن کەمێک لە باری دەروونییەوە ئاسوودە ببن و چیرۆکەکانی خۆیانی تێدا بگێڕنەوە، کاکی لێپرسراویش بەهۆیەوە شەرمەزار ببێت و واز لە سێکسی بەزۆر بهێنێت و هەست بکات کە سێکسکردن لەگەڵ کەسێکی خوار هەژدەساڵی، خۆی لەخۆیدا تاوانە و ئەگەر بەزۆریش بێت، ئەوا دەبێتە هەزار ئەوەندە.



## حەلیمەم نەدەنێ خۆم دەکوژم

**رووداو- وەتەن**

گەنجێکی تەمەن 27 ساڵی سعوودی دەچێتە کونسوڵخانەی وڵاتەکەی لە دوبەی و داوایان لێ دەکات یارمەتیی بدەن تا خانمە راگەیاندنکاری کوێتی بەناوبانگ حەلیمە بولەند شووی پێ بکات، لە پاڵ داواکەشیدا رایگەیاند، ئەگەر ئەو خانمەم بۆ نەبێ خۆم دەکوژم یان بەرەو شوێنێکی نادیار سەری خۆم هەڵدەگرم.

رۆژنامەی "ئەلوەتەن"ی سعوودی لە زاری گەنجەکەوە بڵاوی کردەوە "من داوای شتێکی مەحاڵم نەکردووە. من هاووڵاتییەکی سعوودیم و کونسوڵخانەی سعوودیەش دەتوانێ حەلیمە بولەندم بۆ بهێنێ تا بیگوازمەوە، چونکە پێشتر ژنم نەهێناوە".


کونسوڵخانەکە پاش لێکۆڵینەوە و پەیوەندیکردن لەگەڵ ماڵباتەکەی لە شاری مەدینەی منەوەرە، بۆی دەرکەوت ئەو گەنجە باری دەروونیی باش نییە، بە بێ پاسەپۆرتیش خۆی کردووە بە ئیماراتدا. بۆیە بە فرۆکە ناردیانەوە.

## هەولێر خەمی زۆرە

**رووداو-هەولێر**

بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی تەندروستی دەرکەوتووە، 70-90 % ئەوانەی خۆیان دەکوژن نەخۆشی خەمۆکیان هەبووە. د.سامان هەڵەبجەیی، پسپۆری دەروونی، ئەو رێژەیە بە زۆر دادەنێت، بۆیە بەپێویستی دەزانێت، ئەوانەی خەمۆکی و دڵتووندیان هەیە، کەسوکاریان بەجیدی لە حاڵەتەکە یان بڕوانن"چونکە بەیەکەم هۆکاری خۆکوشتن دادەنرێت".

بەپێی ئەو لێکۆڵینەوەی د.سامان هەڵەبجەیی لەناو بنکە تەندروستییەکانی هەولێر ئەنجامیداوە، دەرکەوتووە 20-25 % خەڵکی هەولێر خەمۆکی و دڵەراوکێیان هەیە، بەڵام بەناوی نەخۆشییەکانی دیکەوە دەچنە نەخۆشخانەکان " 10%یان خەمۆکییە، دەڵێن سەرمان دێشێت، بێ هێزم، خەوم نییە، کەسیان نازانن خەمۆکێیەتی".



## پشیلە دایکی پشیلەی کوشت

**رووداو-DIHA**

دوای ماوەیەک چارەسەری لە نەخۆشخانەدا رۆژی 2009/2/4دایکی هێلین و هولیا ئەڤشار لە نەخۆشخانە کۆچی دوایی کردو هەتیو بوون.

ئەمرال ئاڤشار تەمەن 64 ساڵ دایکی هونەرمەندی ناسراوی تورکیا هولیا ئەڤشار کە بەبنەچە کوردە ماوەیەک بوو لە نەخۆشخانەی ئەمریکی لەشاری ئەستانبوڵ چارەسەردەکرا. بەپێی سەرچاوە پزیشکییەکان ئەمرال دووچاری نەخۆشی شێرپەنجەی پشیلە هاتبوو، ژمارەیەکی زۆری هونەرمەندانی تورک لە کاتی ناشتنی دایکی هولیا ئامادەبوون لەوانە ئیبراهیم تاتلیسەس.




Rudaw readers know more

خاوەنی ئیمتیاز: کۆمپانیای رووداو
سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن: نوورەدین سەعید وەیسی nuradinwaisi@rudaw.net
سەرنووسەر: ئاکۆ محەممەد akopress74@yahoo.com
جێگری سەرنووسەر: سەلام سەعدی salam2004s@yahoo.com
بەڕێوەبەری نووسین: ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himmati@rudaw.net
نوێنەری ئەوروپا: هێمن عەبدوڵڵا hemnabdulla@rudaw.net
دیزاین: عەبدوڵڵا رەفیق- بەختیار مستەفا- ڤیان سلێمان

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە کۆمپانیای رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی: شەقامی کانێسکان پشت پارێزگای سلێمانی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر- بەرامبەر نیوستی | Tel: 0750 488 5696 | rudaw@rudaw.net | www.rudaw.net


## مەلا حەسەنی، ئیمام جومعەی ورمێ بۆ (رووداو):

# بەقسەی وەهابییەکان بێت خوا موشریکە



**رووداو-ورمێ**

ئیمام جومعە و نوێنەری رابەری ئێران لە ورمێ، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) هێرشێکی توند دەکاتە سەر وەهابییەکان و سەبارەت بە شای ئوردنیش دەڵێ ئەو نەموسڵمانە و نەمرۆڤیشە" غەزە بۆردومان دەکرێت ئەویش شەراب دەخواتەوە". هەروەها دەڵێ پەیوەندیم لەگەڵ تاڵەبانی و بارزانی باشە، بەڵام فیدراڵی لەگەڵ عەقڵ و دین و مەزهەب ناگونجێت.

مەلا حەسەنی، وتاربێژی هەینی ئوستانی ورمێی رۆژهەڵاتی کوردستان، وتارەکانی هەمیشە لەلایەن دەزگاکانی راگەیاندنی ئێرانەوە بڵاودەکرێنەوە، تەنانەت وەک کتێبیش بڵاوکراونەتەوە، قسەکانی هەمیشە جێی سەرنجن لەلای خەڵک. حەسەنی لەیەکەمین هەڤپەیڤینیدا لەگەڵ رۆژنامەیەکی کوردستاندا، بە (رووداو)ی راگەیاند کە پەیوەندی لەگەڵ تاڵەبانی و بارزانی خۆشە و گوتیشی " ئێمە برای ئێوەین دەبێت هاتووچۆمان هەبێت، سەردان و پەیوەندی بۆ هەردوولا گرنگن و دەبێ بەردەوامی بەو پەیوەندییانە بدەین". بەڵام ئەو سەردانی عێراقی لەترسی کوشتن لەخۆی حەرامکردووەو دەڵێ "من سەردانی ئیمام حوسێنم لەخۆم قەدەخە کردووە، ئەگەر بێم دەمکوژن، چونکە چەکم پێ نییە، بەڵام لێرە دەتوانم رووبەڕوویان ببمەوە چونکە چەکم پێیە".

سەبارەت بە سیستەمی فیدرالیش حەسەنی رای خۆی گوت " میللەتی عێراق میللەتێکی موسڵمانە و حکومەتێکی موسڵمانی دەوێت، حکومەتی فیدراڵ نە لەگەڵ عەقڵ دەگونجێت نە لەگەڵ دین و مەزهەب".

سەبارەت بەپابەندی سعودیەش بە وەهابیەت هێرشیکردە سەر سعودیە و گوتی" ئەوانمان قبوڵ نییە"، هەروەها گوتی ئەگەر بەقسەی وەهابیەکان بێت " خودا موشریکە و مەلائیکەت و جوبرایلیش موشریکن". ئینجا هاتە سەر باسی کێشەی غەززە و هێرشێکی خەستتری کردە سەر شا عەبدوڵڵای ئوردن و گوتی " غەزە بۆردومان دەکرێت ئەویش شەراب دەخواتەوە، بیروباوەڕی ئەو ئیسلامی نییە، کەسێک دۆستی ئەمریکا بێت و دان بە ئیسرائیل بنێت ئێمە ناتوانین بڵێین موسڵمانە، تەنانەت ناتوانین وەک ئینسانیش سەیری بکەین، چونکە ئیسلام شتێکە و ئینسانیەتیش شتێکی دیکە".

«7

## کوردیش هاوێشتیان



وەزیری خوێندنی تورکیا

**رووداو -حورییەت**

لەشاری وان-ی باکووری کوردستان، کوردێک تاکە پێڵاوێکی گرتە وەزیری خوێندنی تورکیا.

هاووڵاتییەکی کورد بەناوی چەتین ئیشک تاکە پێڵاوێکی گرتە حوسێن چەلیک وەزیری خوێندنی تورکیا لەکاتی ئامادەبوونی لە کۆبوونەوەی ناساندنی پالێوراوی پارتی داد وگەشەپێدان بۆ شارەوانی وان، بەڵام پێڵاوەکە لەجیاتی وەزیر بە سەری رۆژنامەوانێک کەوت. دەستبەجێش لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکرا. چەتین کە خاوەنی کارگەیەکی پێڵاودروستکردنە هۆکاری کردارەکەی بۆ فشاری سەرۆکی شارەوانی وان گەڕاندەوە کەسەر بە AKP یە بۆ سەر کاسبکارودوکاندارانی شارەکە کەبەهۆی نزیکی کارگەکەی لە شارەوانی ناچارکراوە دایبخات.

لە دوای پێڵاوتێگرتنەکەی سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا جۆرج بوش لەلایەن راگەیاندنکاری عێراقی مونتەزیر زەیدی، لەبەریتانیاش قوتابییەکی چینی پێڵاویکی گرتە سەرۆک وەزیرانی چین وێن جیاباو لەکاتی پێشکەشکردنی سیمینارێکدا لە زانستگەی کامبردیج.

## ئەوجارە لێبوخڕی دەشت نییە



**رووداو-هەولێر**

شوفێرانی کورد حەز ناکەن بە سیستمی ئەلیکترۆنی کە بەسیستمی کۆرییەکان ناسراوە مۆڵەتی شوفێری دەربهێنن و دەڵێن سیستەمەکە زۆر قورسە و کەس لێی دەرناچێ. بەڵام بەهۆکارێکی باشی دەزانن بۆ نەمانی واستەو واستەکاری.

سەلاح تاهیر، 22 ساڵ، کە خەریکی دەرهێنانی مۆڵەتی شوفێری بوو، ترسی هەبوو لە سیستمە نوێیەکە دەرنەچێت، بەڵام سیستمە تازەکەی پێ لە سیستمە کۆنەکە باشتر بوو "مادام واستە ناهێڵێت، حەز دەکەم کار بە سیستمە تازەکە بکرێت".

سیستمی ئەلیکترۆنی بۆ دەرهێنانی مۆڵەتی شوفێری لەساڵی 2006 لەلایەن تیپی زەیتونی کۆریای باشوور دامەزراوە، بەڵام تا ئێستا کاری پێنەکراوە، سیستمەکە لە 3 بورجی چاودێری پێکهاتووەو بەو ئۆتۆمبێلانە بەستراون کە شوفێرەکان ترای پێدەدەن. دەرچوون بە خاڵە، هەر شوفێرێک لە 85 خاڵ کەمتر وەربگرێ، بە دەرنەچوو هەژمار دەکرێ.

عەمید قادر سدیق، بەڕێوەبەری گشتی راگەیاندنی هاتووچۆ، بە (رووداو)ی راگەیاند بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر سیستمی ئەلیکترۆنی بە باشترین چارەسەر دانا بۆ دەرهێنانی مۆڵەتی شوفێری، گوتیشی "لەپەیرەوکردنی سیستمی ئەلیکترۆنی هەم لەواستە رزگارمان دەبێت، هەمیش هۆکارێک دەبێت بۆ کەمکردنەوە رووداوەکان و سەلامەتی ژیانی هاووڵاتیان".

## لە کن یەکگرتوو کەس بە کەس نییە



**رووداو-تاران**

هادی محەممەدی، بەڕێوەبەری بەشی کوردی کەناڵی ئاسمانی سەحەر بە (رووداو)ی راگەیاند کەناڵی یەکگرتوو بەبێ پرسی ئەوان زنجیرە دۆبلاژکراوەکان بڵاودەکاتەوە .راشیگەیاند "بێژەرەکانی ئێستای تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان هەندێکیان لێرە بێژەر بوون".

هادی ئەگەرچی تا ئێستا پەخشی کەناڵی ئاسمانی TRT6ی نەبینیوە، بەڵام دەڵێت " بەڕێوەبەری کەناڵەکە هاتە ئێرە و داوای مافی پەخشکردنی زنجیرە دۆبلاژکراوەکانی ئێرانی لێکردین". ناوبراوخۆشحاڵ بوو کە لەباشووری کوردستان پێشوازییەکی زۆر لە زنجیرە دۆبلاژکراوەکانیان دەکرێ و گوتی "هەردوو زنجیرەی حەزرەتی یوسف وئەستێرەی سیوەیل هێشتا بەفارسی تەواو نەبوون خەڵک داوامان لێدەکات دۆبلاژیان بکەین و بەم نزیکانەش دۆبلاژ دەکرێن".

بەڕێوەبەری بەشی کوردی کەناڵی سەحەر رەخنەی لە تەلەڤزیۆنی یەکگرتوو گرت، کە بێ پرسی ئەوان زنجیرەکانیان بڵاو دەکەنەوە، لەبۆنەیەکیشدا لەشاری هەولێر بەرپرسێکی یەکگرتووی بینیوەو رەخنەی لێگرتوون، کە چۆن ئەم کارە دەکەن "بەڵام بەرپرسەکە پێیگوتم لێرە کەس بەکەس نییە".

«11

## ئێزدییەکان هانا بۆ ئۆباما دەبەن



رووداو-ئەنقەرە

رۆژنامەی ZAMANی تورکی رۆژی 2009/2/2دا بڵاویکردەوە کە ئێزدییەکانی عێراق، لەنامەیەکیاندا بۆ سەرۆکی ئەمەریکا دەڵێن نزیکەی یەک ملیۆن ئێزدی لەساڵی 1916 لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کوژران وپێویستە دان بە کۆمەڵکوژییەکەیان بنرێت..

ئێزدییەکان کە بە زۆری نیشتەجێی ناوچەی شەنگاڵی موسڵن و مەزارگەی پیرۆزیان (لالش)ە، لە کۆبوونەوەیەکی رێبەرە سیاسی و رۆحانیەکانیاندا، نامەیەکیان ئاراستەی سەرۆکی ئەمەریکا باراک ئۆباما کرد، لە نامەکەدا دەڵێن لە ساڵی 1916 بەبیانووی " هاوکاریکردنی ئەرمەنییەکان" سەرانی دەوڵەتی عوسمانی یەک ملیۆن ئێزدییان کوشت. لەنامەکەدا داوا لە ئۆباما دەکەن فشار بخاتە سەر تورکیا بۆ ئەوەی ئەم کردارە وەکو جینۆساید بناسێت.

## هوتێلیان بەناودەکرێ و نازیشیان ناگیرێ

**رووداو-هەریر**

خانزادی میری سۆران و میر سلێمان بەگی برای، کە ماوەیەک فەرمانڕەوایەتی ناوچەی هەریریان کردووە، هەر لەو شارۆچکەیە لەناو باخێکدا لەتەنیشت یەکتر نێژراون، ئەو دوو گۆڕە مێژووییە، ئێستا بێنازترین گۆڕی ناوچەکەن.

فارس عەزیز، خاوەنی ئەو باخەیە کە گۆڕی ئەو دوو میرەی تێدایە، بۆ (رووداو) گوتی " ئەگەر ئێمە نەبووینایە، ئێستا شوێنەواری گۆڕەکانیش نەدەما، چەندین جار خەڵک ویستویەتی رازیمان بکەن کە گۆڕەکان هەڵبدەنەوە، بەناوی ئەوەی زێڕو شوێنەواری تێدایە، بەڵام ئێمە نەمانهێشتوە".

عەبدولرەقیب یوسف، راوێژکاری سەرۆکی حکومەتی کوردستان بۆ کاروباری شوێنەوار، داخباری خۆی لەپشتگوێخستنی ئەو دوو گۆڕە نیشانداو گوتی "بەداخەوە چەندین ئوتێلی پێنج ئەستێرەو باخچە و مارکێت و کۆمپانیا لەلایەن حکومەت و بازرگانانەوە بەناوی خانزاد نراون، کەچی ئامادەنین فلسێک بۆ دروستکردنی ژوورێک بۆ گۆڕی خانزادو رزگارکردنی لەدەستی زبڵ و جیقنە خەرج بکەن".






**شەوقی کانەبی**

**رووداو-هەولێر**

دار پرتەقاڵێک لە هەریر، کە ماوەی یەک ساڵە چێنراوە، جیاواز لە پرتەقاڵی ئاسایی پرتەقاڵی زۆر گەورەی بەرهەمهێناوە کە کێشی هەر یەکێکیان یەک کلیۆگرام دەبێ.

دلاوەر وەحید، خاوەنی درەختە پرتەقاڵەکە بە (رووداو)ی راگەیاند ئەو درەختەیان ساڵی رابردوو بە نەمام چاندووەو ئەمساڵ بەری گرتووەو تەنیا 3 دانەشی گرتووە کە کێشی هەر یەکەیان 1 کلیۆگرام دەبێ.

سامان عەبد، ئەندازیاری کشتوکاڵی لەبارەی ئەو پرتەقاڵە بە (رووداو)ی راگەیاند "ئەو پرتەقاڵە حاڵەتێکی دەگمەنە و تووشی بازدانێکی بۆ ماوەیی بووە، دەکرێ پشتی پێببەسترێ و موتوربەشی لێبکرێ بۆ بەرهەمهێنانی پرتەقاڵی زیاتر". گوتیشی "ئەگەر بەرهەمەکەی خۆش و باش بوو سوودێکی گەورەی دەبێت، بۆیە پێویستە تاقیکردنەوەی لەسەر بکرێت".

## تورکیا کەشتی نوح تۆپباران دەکات

**رووداو-DIHA**

دوای ئەوەی چەند پسپۆرێکی شوێنەوارناسی وڵاتان لەسەر قسەی شوانێک چوونە چیای ئاگری کە شوێنەواری کەشتییەکەی حەزرەتی نوحی لێیە، بۆیان دەردەکەوێ تورکیا ئەو شوێنەوارەی بەبیانووی لێدانی چەکدارانی PKKبۆردومان کردووە.

ئەو شوانە، بەتیمەکەی راگەیاندووە چەند ساڵێک لەمەوبەر لە بەرزایی 4500 مەتری چیای ئاگری ئەو کەشتی نوحی بینیوەو لەگەڵ هاوڕێکانی لەسەر شوێنی ئەو کەشتییە یاریان کردووە.

وا بڕیارە لە بەهاری داهاتوودا ئەو تیمە بە رێبەرایەتی رانداڵ رایس، ئارکیۆلۆژ و پسپۆڕ لە کتێبی پیرۆز و فرۆکەوان ریتچارد بریگهات بچنە چیای ئاگری و دەست بەلێکۆڵینەوە بکەن.

